# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی
## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# رۆزا لۆکسۆمبۆرگ

وەرگێڕانی:
ئاکام بەسیم

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ئاکام بەسیم
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (97)

# رۆزا لۆکسۆمبۆرگ

**پێشەکی وەرگێڕ:**

خوێنەری بەڕێز ئەوناملیکەیەی لەبەردەستتدایە، بە ئامانجی ئاشناکردنی خوێنەرانی کورد بە ژیان و خەبات و بیروبۆچوونەکانی ژنە شۆڕشگێڕی پۆڵۆنیایی، «ڕۆزا لۆکسامبۆرگ» ئامادە و وەرگێڕدراوە. لەم کتێبەدا کورتەیەک لە ژیانی ئەو تێکۆشەرە کۆمۆنیستە خراوەتەڕوو، لەگەڵا بۆچوونەکانی ڕۆزا سەبارەت بە ریفۆرم و شۆڕش. ڕۆزا لە «ریفۆرم یان شۆڕش» جگە لەوەی روونکردنەوەیەکی تێرو تەسەل سەبارەت بە ریفۆرم و شۆڕش لە بواری مێژووییەوە پێشکەشدەکات، مشتومڕ و گەنگەشەی تیۆریکی توووند لەگەڵ «ئێدوارد بێرنیشتاین» دەکات، کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا، پێداچوونەوەی بەتیۆرەکانی مارکسدا کردبوو. تەوەری دووەم، بریتییە لەهەڵوێستەکانی ڕۆزا سەبارەت بەمەسەلەی ژن. بەهۆی ئەوەی کە ڕۆزا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا، تاوەکو بابەتێکی زۆر لەو بارەیەوە بڵاوبکاتەوە، تەنها چەند بابەتێکی سەبارەت بەمافی دەنگدانی گشتی بڵاوکراوەتەوە، ئەو چەند بابەتەی لەسەر ئەو مەسەلەیە بڵاوی کردووەتەوە، لەگەڵ بابەتێکی «لیز مەندێل» بەناونیشانی «ڕۆزا لۆکسامبۆرگ و مەسەلەی ژن»مان هێناوەتەوە. هەروەک لیز مەندلیش لە بابەتەکەیدا بە دروستی دەڵێت ڕۆزا بەو بۆنەوە بابەتێکی زۆری لەسەر مەسەلەی ژنان لێ بڵاونەبووەتەوە، چونکە ئەرکی ئەو کارەی، بەژنە شۆڕشگێڕێکی دیکە بەناوی «کلارا زێتکین» سپاردبوو کە ئەندامی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا بوو. «ڕۆزا لۆکسامبۆرگ»

بەرهەمی زۆری لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان بڵاوکردۆتەوە. هیوادارم کات و دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێت، کە بەرهەمەکانی دیکەشی وەربگێڕم.

پوختەی ژیان و خەباتی  رۆزا لۆکسۆمبۆرگرۆژی 15ی کانونی دووەم، ساڵڕۆژی مەرگی رۆزا لۆکسامبۆرگ، ژنە کومۆنیست و تێکۆشەری پۆڵۆنیاییە. پێش 92 ساڵ، رۆزا لۆکسامبۆرگ بە دەستی پارێزەرانی سەرمایە بە دڕندانەترین شێوە کوژرا. رۆزا لۆکسامبۆرگ یەکێک بوو لەخەباتگێڕانی کومۆنیستی سەردەمی خۆی، تادوایین هەناسەی بەئەنتەرناسیۆنالیزمی پڕۆلیتاری وەفادار مایەوە و لە دژی شەڕێک، کە سەرمایەدارەکان و دەوڵەتەکانیان بەرپایان کردبوو، خەباتی کرد.

## لەدایکبوون و لاویەتی

رۆزا لۆکسامبۆرگ لە رۆژی(5)ی مارسی ساڵی 1871 (واتە لەساڵێکدا کە کۆمۆنەی پاریس هاتەئاراوە) لەشاری زاموش، شارێک لەپۆڵۆنیای کۆنگرێس (کە لەو رۆژانەدا لەژێر کۆنترۆڵی ئیمپراتوری روسیادا بوو)، لە دایکبووە. ئەو بچوکترین منداڵی بنەماڵەی جولەکەی خۆی بوو. پاش گواستنەوەی بۆ وارشۆ، رۆزا خوێندنی خۆی لەو شارەدا دەستپێکرد هەر لەوێش چووە ناو گروپی «پرۆلیتاریا»وە بووە بە چالاکوانی سیاسی. لە ساڵی 1889، هێشتا تەمەنی 18 ساڵ بوو، بۆئەوەی دەستبەسەر نەکرێت، لە پۆڵۆنیا هەڵهات و چوو سویسرا.

## سەردەمی خوێندکاری

رۆزا لەزوریخ، جگە لە درێـژە بەکاری   شۆڕشگێڕی، درێژەیدا بەخوێندن لەبواری زانستی سروشتی و ئابوری سیاسی، لە زانکۆی زۆریخ. لەهەمانکاتیشدا کەسانێکی وەکو ئانتولی لوناچارسکی لەو زانکۆیە بوون.

لەو سەردەمەدا و پێش جیابوونەوەی حزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا، رۆزا لەگەڵ زۆرێک لە سۆسیال دیموکراتەکانی روسیا و کەسایەتیەکانی وەک پیلێخانۆف و پاوێل ئاکسلرۆد ئاشنا بوو. ئەو ناسینانە پێش ئەوەبوو، کە لۆکسامبۆرگ ناکۆکی تیۆرێکی قووڵی لەگەڵ حزبی سۆسیال دیموکراتی کرێکاری روسیا، لەسەر بابەتەکانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی پۆڵۆنیای دەرببڕێت.

## کۆچکردن بۆ ئەڵمانیا

ساڵی 1898، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری «گەشەی پیشەسازی پۆڵۆنیا»، وەرگرت. هەرلەم ساڵەدا چوو بۆ ئەڵمانیا و لەگەڵ کرێکارێکی ئاڵمانی بەناوی گۆستاو لۆبێک هاوسەرگیری کرد و مافی هاووڵاتی ئەو وڵاتـەی بەدەستهێنا و رۆیشت بۆ بەرلین و چووە ناو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیاوە.

پاش چووە ناو حزبەوە، بۆماوەیەکی کورت، نووسین و هەڵسوڕانی ئاژیتاسیۆنی و شۆڕشگێڕانەی رۆزا دەستی پێکرد.

لەو سەردەمەدا، یەکێک لە کتێبە بەناوبانگەکانی بە ناوی «چاکسازی، یان ریفۆرم» نووسی.

رۆزا لەو کتێبەدا، سەرەکیترین بابەتی قسەو باسەکانی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای، بە هاوکاری کەسانێکی وەک کارڵ کایۆتسکی لە دژی بزووتنەوەی ریڤیزیۆنیستی هێنایەگۆڕ کە لەلایەن برنیشتاینەوە رێبەری دەکرا و ، ئەمەش بۆئەوە بوو زاڵبوونی خەتی بێرنێشتان بەسەر حزبدا بگرێت.

### شۆڕشی (1905)ی روسیا و لوتکەی هەڵسووڕانی سیاسی

لە کاتی شۆڕشی (1905)ی روسیادا، رۆزا بەمەبەستی یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان چوو وارشۆ و لەوێ زیندانی کرا. رۆزا لە روسیا بەرامبەر بە مەنشەفیکەکان و ئێس ئارەکان پشتیوانی لە لینین و حزبی بەلشەفیک کرد. لە ساڵی 1906 رۆزا تیۆری «مانگرتنی گشتی»ی وەک «گرنگترین چەکی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا» داڕشت. ئەو تیۆرە لەنێو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا، قسەو باسێکی جدی لێکەوتەوە و (ئوت بێبڵ) و (کارڵ کایۆتسکی)، کەوتنە دژایەتیکردنی. رۆزا پاش ئازادبوونی سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و سەرقاڵی وانەوتنەوە بوو لە قوتابخانەی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لە بەرلین، هەر لەم ساڵەدا یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی بەناوی «کەڵەکەکردنی سەرمایە»ی نووسی. ئەو کتێبە روونکردنەوەبوو لەسەر بزاوتی سەرمایەداری بەرەو ئیمپریالیزم.

### سپارتاکیستەکان و حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا

لەگەرمەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، رۆزا وێڕای سۆسیالیستێکی ئاڵمانی دیکە، واتە کارێل لیبکنێخت، لەنێو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیادا، فراکسیۆنێکی بە ئارەزوی شۆڕشگێڕانەوە پێکهێناو ناوی نا «سپارتاکیست».

هۆکاری پێکهێنانی ئەو فراکسیۆنە، ناکۆکی سیاسی «سپارتاکیستەکان» لەگەڵ هەڵوێستی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، کە پشتیوانی هێرشی ئەڵمانیای بۆ سەر وڵاتانی دیکە دەکرد. رۆزا ئەم سیاسەتەی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای بە»سۆسیال شۆڤێنیزم» ناوبرد.

یەکێتی سپارتاکیستەکان خۆی بە ئەنتەرناسیۆنالیست ناوبرد و لە دژی سیاسەتی «ناسیۆناڵ شۆڤێنیزم»ی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا

هەڵوێستی وەرگرت. ئەوان داوایان لە سەربازانی ئاڵمانی دەکرد، کە چەکەکانیان بەرەو دەوڵەتی ئەڵمانیا بگەڕێننەوەو بیڕوخێنن.

بەهۆی دژایەتی ئاشکرای رۆزا لۆکسامبۆرگ لەگەڵ شەڕ، سەرلەنوێ و ئەمجارە وێڕای لیبکنێخت زیندانی کرا. رۆزا لە زینداندا «نامێلکەی یونیوس» و «شۆڕشی روسیا»، کە لە بەناوبانگترین کتێبەکانییەتی ئەون، نووسی. لە «نامیلکەی یونیوس»دا، لۆکسامبۆرگ باسی بنەماکانی فکری سپارتاکیستەکانی کردووە. لەکتێبی «شۆڕشی روسیا»شدا، چاوی بە روسیاو بە دەسەڵات گەیشتنی حزبی بەلشەفیکدا گێڕاوە. ساڵی 1918 دەوڵەتی ئەڵمانیا، پاش کۆتایی شەڕ، رۆزای ئازاد کرد و رۆزا دەستبەجێ دەستیکردەوە بە چالاکی.

**کوشتنی رۆزا**

حزبی سپارتاکیست بە رێبەرایەتی رۆزا لۆکسامبۆرگ و کارڵ لیکبنێخت، لە بەڕێوەبەران و رێکخەرانی شۆڕشی 1918–1919ی ئەڵمانیا بوو. ئەم شۆڕشە لەلایەن کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار و بەهاوکاری حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا تێکشکا. رۆزا و کارڵ هەردووکیان دەستبەسەر کران و بەشێوەیەکی دڕندانە لە کاتێکدا کە دەیانگواستنەوە بۆ زیندان، کوژران.

# بەشی یەکەم: ریفۆرم، یان شۆڕش

## پێشەکی

ڕەنگە لەیەکەم ڕوانیندا ناونیشانی ئەم بەرهەمە سەیر بێتە بەرچاو. بەوەی ئایا سۆسیال دیموکراسی دەتوانێت نەیاری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بێت؟ ئایا دەتوانین شۆڕشی کۆمەڵایەتی، واتە پێکهێنانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسیستەمدا کە ئامانجی کۆتایی سۆسیال دیموکراسییە، لەبەرامبەر ریفۆرمی کۆمەڵایەتی دابنین؟ بەدڵنیاییەوە «نا». خەباتی ڕۆژانە بۆ ریفۆرم، بە ئامانجی باشترکردنی هەلومەرجی کرێکاران لەچوارچێوەی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتیەدا و بۆ جێگیرکردنی ناوەندە دیموکراتیکەکان، ئامرازیک دەخاتە بەردەست سۆسیال دیموکراسی، بۆئەوەی بەشداری لە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا و هەڵسوڕان بە ئاڕاستەی ئامانجی کۆتاییدا بکات، واتە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتە بکات. لە ڕوانگەی سۆسیال دیموکراسییەوە لەنێوان ریفۆرم و شۆڕشی کۆمەڵایەتیدا، پەیوەندییەکی جیانەکراوە هەیە. خەبات بۆ ریفۆرم، ئامراز و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئامانجە.

لە تیۆری «ئێدوارد بێرنیشتاین»دا کە لەبابەتی «کێشەکانی سۆسیالیزم» لە«نیۆ تێسایت» 1897–1898 و بە تایبەتی لەکتێبەی «پێشمەرجەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکراتی» هێناویەتە گۆڕێ، بۆ یەکەمجار لەگەڵ ناکۆکی ئەم دوو هۆکارەی بزووتنەوەی کرێکاری بەرەوڕوو دەبینەوە.

مەیلی تیۆریکی ناوبراو بەو ئاڕاستەدایە، کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، واتە ئامانجی کۆتایی سۆسیال دیموکراتی وەلابنێت و بەپێچەوانەوە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، کە ئامرازیکی خەباتی چینایەتییە، بکاتە ئامانج. "بێرنیشتاین" بە راشکاوی و بە وردی ئەم بۆچوونەی داڕشتووە، کە «ئامانجی کۆتایی هەرچییەک بێت، بۆ من هیچە، بزووتنەوە هەموو شتێکە.»

بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم، تەنها هۆکاری دیاریکەرە، کە بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی لە دیموکراسی بۆرژوایی و رادیکالیزمی بۆرژوایی جیادەکاتەوە، تاقە هۆکارێکە کە سەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری لە هەوڵی بێهۆ بۆ باشتربوونی سیستمی سەرمایەداریی خەباتی چینایەتی لە دژی ئەو سیستمە، بە ئاڕاستەی لەناو بردنی دەگۆڕێت، بۆ سۆسیال دیموکراسی، پرسیاری «ریفۆرم یان شۆڕش» هەروەک "بێرنیشتاین" هێناویەتە گۆڕێ، وەک ئەو پرسیارەیە: «بوون یان نەبوون؟». مشتومڕ لەگەڵ "بێرنیشتاین" و لایەنگرانی لەسەر ئەم، یان ئەو شێوەی خەبات و ئەم، یان ئەو تاکتیک نییە، بەڵکو قسە لەسەر تەواوی فەلسەفەی بوونی سۆسیال دیموکراسییە.

(رەنگە ئەم بابەتە لەگەڵ لێکدانەوەی رواڵەتی تیۆری "بێرنیشتاین" نەیەتەوە. مەگەر ئەو بەردەوام ئاماژە بە سۆسیال دیموکراسی و ئامانجەکەی ناکات؟ مەگەر ئەو چەندین و چەندینجار و بە راشکاوی نالێت، کە خۆیشی بۆ ئامانجی کۆتایی هەوڵدەدات، بەڵام بەشێوەیەکی دیکە؟ مەگەر بە تایبەتی جەخت لەسەر ئەوە ناکاتەوە، کە کردەوەی پراکتیکی ئەمڕۆی سۆسیال دیموکراسی، بە تەواوەتی پشتگیریدەکات؟ بەدڵنیاییەوە گشت ئەوانە دروستن، بەڵام ئەوەش دروستە کە هەر بزووتنەوەیەکی نوێ لەکاتی داڕشتنی تیۆری و ستراتێژی خۆیدا، هەوڵدەدات لەنێو بزووتنەوەی پێشوودا، جێ پێیەک بۆ خۆی بکاتەوە، هەرچەند رەنگە بەئاشکرا لەگەڵیدا ناکۆک بێت. بزووتنەوەی

نوێ بە ڕێکخستنی خۆی لەگەڵ شێوەکانی ئەمڕۆ دەستپێدەکات و بەو زمانە دەدوێت، کە تا ئەمڕۆ قسەی پێکردووە. سەرئەنجام تۆوی نوێ توێکڵی کۆنە هەڵدەدڕێت و بزووتنەوەی نوێ شێوە و زمانی خۆی دەبینێتەوە.

چاوەڕوانی ئـەوەی، کە ئۆپۆزسیۆنی سۆسیالیزمی زانستی، هەر لەسەرتاوە خۆی ئاشکرا بکات و تا دوایین دەرئەنجامەکانی دەرببڕێت، چاوەڕوانی ئەوەی کە بە ئاشکراو راشکاوانە، حاشا لەبناغە فیکرییەکانی سۆسیال دیموکراسی بکات، بە مانای بەکەم گرتنی هێزی سۆسیالیزمی زانستییە. ئەمڕۆ ئەگەر کەسێک بیەوێت بە سۆسیالیست دابنرێت و هاوکات لە دژی مارکس، قووڵترین بەرهەمی فیکری مرۆڤ لەم سەدەیە شەڕ رابگەیەنێت، دەبێت بەرێزگرتنی نابەدڵی لە مارکسیزمەوە دەستپێبکات. دەبێت خۆی بە خوێندکاری مارکس لەقەڵەم بدات و لەنێو فێرکارییەکانی مارکسدا، هەندێک خاڵ بۆ هێرشکردنەسەری بدۆزێتەوە و لەژێر ناوی کامڵبونی زیاتری تێزی مارکس ئەم هێرشە دەرخواردی خەڵک بدات. هەربەم بۆنەشەوە پێویستە بەبێ سەرنجدان بەتوێکڵی دەرەکی تیۆری بێرنیشتاین، کاکڵەی حەشاردراوی ببینینەوە. ئەوە لە حزبی ئێمەدا بۆ لایەنێکی فراوان لەپڕۆلیتاریای پیشەسازی پێویستی هەنوکەیی هەیە.

سوکایەتی و تۆمەتێکی بێشەرمانەترینی ئەو رستەیە لە دژی کرێکاران نییە، کە «مشتومڕی تیۆری تەنها بە کەڵکی رووناکبیران دێت.» لاساڵ سەردەمانێک وتبووی: «کاتێک کە زانست و کرێکاران، ئەم دوو جەمسەرە ناکۆکەی کۆمەڵ یەکبگرن، بەمستی پۆڵایینی خۆیان تەواوی ئەو کۆسپانە تێکدەشکێنن، کە لەسەر رێگای فەرهەنگدایە.» تەواوی هێزی کرێکاری مۆدێرن بە زانستی تیۆری پشت ئەستوورە.

بەڵام ناسینی ئەو مەسەلەیە بۆ کرێکاران گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە لێرەدا رۆڵی "بێرنیشتاین" و دەسەڵاتی ناوبراو لە ناو بزووتنەوەکەدا

لەگۆڕێدایە و ئەوە گۆشت و پێستی ئەوە، کە بۆ فرۆشتن دەخرێنە بەرچاوی هەمووان. ڕەوتی ئۆپۆرتۆنیستی لەناو حزبی ئێمە، کە بێرنیشتاین لەبواری تیۆریەوە فۆرمۆلەی دەکات، بێجگە لە هەوڵێکی غەریزی بەو ئامانجەی، کە گرەنتی دەسەڵاتی مەیلی وردەبۆرژوایی لەناو حزبدا بکات و پراکتیک و ئامانجەکانی حزب لەگەڵ تیۆرییەکانیان ڕێکبخات، هیچیتر نییە. لەلایەکی دیکەوە پرسیار سەبارەت بە ریفۆرم، یان شۆڕش پەیوەندی بەئامانجی کۆتایی بزووتنەوە و تایبەتمەندی پڕۆلیتاریای، یان وردەبۆرژوایی بزووتنەوەی کرێکاریەوە هەیە.

بەم پییە بەقازانجی جەماوەری پڕۆلیتاریا حزبە کە چالاکانە و بەتێر و تەسەلی لەگەڵ ئەومشتومڕە تیۆریکە و لەگەڵ ئۆپۆڕتۆنیزم ئاشنا بن. تا ئەوکاتەی زانستی تیۆری، ئیمتیازی ژمارەیەک «ڕووناکبیر»ی حزب بێت، حزب لەبەردەم مەترسی بەلاڕێ چووندایە. تەنها ئەوکاتەی کە جەماوەری بەرینی کرێکاران، چەکی تیژ و دڵنیای سۆسیالیزمی زانستی بەدەستەوەبگرن، هەموو جۆرە مەیلێکی وردەبۆرژوایی و هەموو ڕەوتێکی ئۆپۆڕتۆنیستی دەبنە بڵقی سەرئاو. لەوەها بارودۆخێکدا بزووتنەوەکە لەسەر زەوییەکی پتەو و قایم رادەوەستێت. «چەندایەتی ئەوکارە دەکات.»)

**بەرلین، 18ی ئاوریلی 1899**

### ·1 مێتۆدی ئۆپۆڕتۆنیستی

ئەگەر تیۆرەکان ڕەنگدانەوەی دیاردەکانی جیهانی دەرەوەی مێشکی مرۆڤن، پێویستە لەبارەی تیۆری «ئێدوارد بێرنیشتاین» بڵێم، کە هەندێکجار ئەو بڕیارە لەسەری پێچەوانە بووەتەوە. لەوانە دەتوانین ئاماژە بەتیۆری ناوبراو لەبارەی دامەزراندنی سۆسیالیزم لە ڕێگەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیەوە بکەین. با بزانین "بێرنیشتاین" لە چ بارودۆخێکدا ئەو تیۆرە دێنێتەگۆڕێ؟

”بێرنیشتاین“ لەبارودۆخێکدا ئەو بۆچوونە دێنێتەگۆڕێ، کە بزووتنەوەی ریفۆرمیستی لە ئەڵمانیا، تووشی قەیرانێکی یەکلاییکەرەوە بووەتەوە. بیر لە تیۆرێک بکەنەوە، کە دەیەوێت کۆنترۆڵی یەکێتییە کرێکارییەکان بەسەر پرۆسەی بەرهەمهێناندا بسەپێنێت. ئەوە لەبارودۆخێکدایە کە ئەزموونی کرێکارانی بەرهەمهێنەری کانزا لە بەریتانیا لەوبابەتەوە شکستیانهێناوە، یان تیۆرێک بێننە بەرچاو، کە خوازیاری بەدەستهێنانی زۆرینەیە لە پەرلەمەندا، ئەویش لەدوای پێداچوونەوە بەسەر یاسای بنەڕەتی ساکسۆن و دەستدرێژییەک، کە لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی رایشتاگدا (پەرلەمانی نەتەوەیی ئەڵمانیا)، کرایە سەر مافی دەنگدان. سەرەڕای ئەوە، ئێمە پێمانوایە خاڵی سەرەکی سیستەمی «بێرنیشتاین» لەتێگەیشتنی ئەودا، لە ئەرکە هەنوکەییەکانی سۆسیال دیموکراسیدا نییە. پێویستە لەخاڵێکدا بەدوای کاکڵەی سەرەکیدا بگەڕین، کە ناوبراو لەبارەی رێگای کامڵبونی بابەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری باسیدەکات. کە هەڵبەت پەیوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لە ئەرکە هەنوکەییەکانی سۆسیال دیموکراسیدا هەیە.

«بێرنیشتاین» پێیوایە ئەگەری داڕمانی گشتی سەرمایەداری لە جاران کەمترە و ئەو ئەگەرە رۆژ بەرۆژ کەمتر دەبێتەوە، چونکە لەلایەکەوە سەرمایەداری نیشانیداوە توانایی ئەوەی هەیە خۆی رێکبخات، لەلایەکی دیکەشەوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر لەجاران گۆڕانکاری بەسەردا دێت. «بێرنیشتاین» دەڵێت توانایی سەرمایەداری بۆ رێکخستنی خۆی لەچەند خاڵێکدا دەردەکەوێت:

1. لەناوچوونی قەیرانە گشتییەکان، کە بەهۆی گەشەی سیستەمی متمانەیی، رێکخراوەکانی خاوەنکاران، ئامێرەکانی پەیوەندی گرتن و خزمەتگوزاری بەرینی زانیارییەوە، هاتووەتەئاراوە.

2. بەهۆی چەمەواز هەڵنەگری چین و توێژە مامناوەندەکان، کە لەجیابوونەوەی بەردەوامی لقەکانی بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی تووێژگەلێکی بەرین لە پڕۆلیتاریا بۆ نێو چینی مامناوەند سەرچاوەدەگرێت.

3. سەرئەنجام بەهۆی باشتربوونی بارودۆخی ئابوری و سیاسی پڕۆلیتاریا، لە ئاکامی خەباتی یەکێتییە کرێکارییەکاندایە.

لە ئاکامدا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی، کە سۆسیال دیموکراسی نابێت خەباتی خۆی بە ئاراستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بباتە، بەڵکو تەنها لەرێگای باشترکردنی بارودۆخی چینی کرێکار و لەرێگەی دامەزراندنی سۆسیالیزم (ئەویش، نەک لەرێگەی قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، بەڵکو لەرێگەی پەرەپێدانی لەسەرخۆ بە چاودێری کۆمەڵایەتی و دەرهێنانی قۆناغ بە قۆناغی بنەماکانی رێکخراوەکانی هەرەوەزی بەکاربەر) خەباتبکات.

«بێرنیشتاین» لەنێو تیۆرەکانیدا شتێکی نوێ نابینێت. بەپێچەوانەوە پێیوایە ئەو تیۆرانە لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگڵس و ئاڕاستەی گشتی سۆسیال دیموکراسی، تا لەگەڵ ئەمڕۆ دێتەوە، بەڵام ئێمە پێمانوایە حاشاکردن لە ناکۆکی بنەڕەتی ئەم تیۆرانە لەگەڵ تێگەیشتنی سۆسیالیزمی زانستی گەلێک دژوارە.

ئەگەر رێڤیزیۆنیزمی «بێرنیشتاین» تەنها جەختکردنەوەی ئەو خاڵە بووایە، کە رەوتی گەشەی سەرمایەداری لەوە خاوترە، کە پێشتر بیری لێدەکرایەوە، ئەو تەنها هۆکارێکی دەهێنایەوە، بۆئەوەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە بخاتەداوەوە، کە تا ئەمڕۆ هەمووان لەگەڵیدا هاوڕان. تەنها ئاکامێک کە ئەو بۆچوونە بەدوای خۆیدا دێنێت، ئەوەیە کە خێرایی خەباتەکە خاودەکاتەوە، بەڵام کێشە شتێکی دیکەیە. «بێرنیشتاین» خێرایی کامڵبونی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیار، بەڵکو رەوتی کامڵبون و بەم پێیە پەڕینەوە بەرەو سۆسیالیزم دەباتە ژێر

پرسیارەوە.

تا ئەمڕۆ تیۆری سۆسیالیستی رایدەگەیاند، کە قەیرانی گشتی و کارەساتبار، خاڵی دەستپێکی گۆڕانکاری بەرەو سۆسیالیزمە. پێویستە لەم تیۆرەدا جیاوازی لەنێوان دوو شتدا بکەین. بیرۆکەی بنەڕەتی و کاکڵەی دەرەکی ئەو بیرۆکەیە . بیرۆکەی بنەڕەتی جەخت لەوخاڵە دەکاتەوە، کە سەرمایەداری بەهۆی ناکۆکییە دەرونییەکانیەوە، بەرەو ئاقارێک دەڕوات، کە هاوسەنگیەکەی تێکدەچێت و مانەوەی نامومکین دەبێت. زۆر هۆکاری باش لەئارادایە، کەپێمانوابێت ئەوخاڵە وەرچەرخانە مێژووییە لەشێوەی قەیرانێکی بازرگانی کارەساتباری گشتیدا، خۆی دەردەخات. سەرەڕای ئەوە، ئەمە لەچاو بیرۆکەی بنەڕەتی تیۆری سۆسیالیستی، گرنگییەکی لاوەکی هەیە و بنەڕەتی نییە.

هەروەک دەزانین بەردی بناغەی سۆسیالیزمی زانستی، لەسەر سێ ئاکامی کامڵبونی سەرمایەداری راوەستاوە:

1. گەشەی تێکەولێکەیی لە ئابوری سەرمایەداری، کە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت و سەرئەنجام بەشێوەیەکی چارەسەر نەکراو لەناوی دەبات.

2. لەسەرخۆ بە کۆمەڵایەتیکردنی رەوتی بەرهەمهێنان، کە تۆوەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی داهاتوو پێکدەهێنێت.

3. گەشەکردنی ئاستی رێکخستن و وشیاری چینایەتی پڕۆلیتاریا، کە لە شۆڕشی داهاتوودا، فاکتەرێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت.

«بێرنیشتاین» یەکەم بناغەی ئەم سێ بنەمایەیەی سۆسیالیزمی زانستی لادەبات. ئەو دەڵێت: گەشەی سەرمایەداری لێکهەڵوەشانی ئابوری، بەشێوەیەکی گشتی لێناکەوێتەوە.

ئەو نەک تەنها شێوەی دیاریکراوی لێکهەڵوەشان، بەڵکو لێکهەڵوەشانیش رەتدەکاتەوە. ئەو وشە بەوشە دەڵێت: «دەتوانین نارازی بین بەوەی، کە

لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، لەجۆری قەیرانی بازرگانی گشتی نابێت، واتە لەوەش خراپتر لێکهەڵوەشانی بەتەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری، کە لەئاکامی ناکۆکییە تایبەتییەکانیدا دێتەئاراوە.» («بێرنیشتاین» بەوشێوەیە ئەگەری لێکهەڵوەشانی ئەو سیستەمە رەتدەکاتەوە) و لە وەڵامی ئەم دوو خاڵەدا دەڵێت: «بە گەشەکردنی زیاتری رۆژ لە دوای رۆژی کۆمەڵگە، ئەگەری لێکهەڵوەشانی بەتەواوەتی و گشتی، سیستەمی بەرهەمهێنانی ئەمڕۆ زیاتر لەجاران نامومکین دەبێت، چونکە گەشەی سەرمایەداری لەلایەکەوە توانایی خۆرێکخستن و لەلایەکی دیکەوە (هاوکات) جیابوونەوەی پیشەسازی زۆرتر دەکات.»

بەڵام ئەو پرسیارە گرنگە دێتەگۆڕێ: کە بۆچی و بەچ شێوەیەک بەئامانجی کۆتایی هەوڵەکانمان دەگەین؟ لە روانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە، پێویستی مێژوویی شۆڕشی سۆسیالیستی، زیاتر لەهەر شتێک لە تێکەولێکەیی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتری سەرمایەداریدا، خۆی پیشاندەدات، کە سیستم بەبن¬بەست دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر وەکو «بێرنیشتیان» جەخت لەو بابەتە بکەینەوە کە گەشەی سەرمایەداری بە ئاڕاستەی لەناوچوونی بەرەوپێش ناچێت، ئەوکاتە ئیتر سۆسیالیزم لەبواری بابەتییەوە زەرورەتی نامێنێت. ئەوەی دەمێنێتەوە دوو پاڵپشتی سەرەکی لێکدانەوەی زانستی سۆسیالیزمە، کە لەئاکامەکانی سیستەمی سەرمایەدارین، واتە کۆمەڵایەتی بوونی رەوتی بەرهەمهێنان و هوشیاری چینایەتی پڕۆلیتاریا . «بێرنیشتاین» کاتێک دەڵێت: بەلابردنی تیۆری لێکهەڵوەشان «تێزی سۆسیالیستی بەهیچ شێوەیەک هێزی قەناعەت پێکردنی خۆی لەدەستنادات، ئەم دوو بابەتەی لەمێشکدایە، چونکە ئەگەر بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، (ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ) کە گشت ئەو فاکتەرانەی دەبنەهۆی وەلانان، یان گۆڕینی قەیرانەکانی پێشوو، چیین. لە راستیدا شتێک نین بێجگە لەپێشمەرجەکان، تەنانەت تارادەیەک تۆوەکانی

کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕی کاڵا.»

پێویست ناکات تێڕامانێکی زۆربکەین، بۆئەوەی بۆمان دەربکەوێت ئەم دەرئەنجامەش هەڵەیە. گرنگی گشت ئەو دیاردانەی «بێرنیشتاین» دەڵێت: ئامرازی خۆڕێکخستنی سەرمایەدارین، واتە کارتلەکان، سیستەمی متمانەیی، گەشەی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، باشتربوونی بارودۆخی چینی کرێکار و هێتر لەچیدایە؟ ئاشکرایە (لە روانگەی «بێرنیشتاین»ەوە) لەوەدایە، کە ناکۆکییە دەرونییەکانی ئابوری سەرمایەداری لەناودەبەن، یان لانیکەم دایدەمرکێننەوە و پێش بەگەشە، یان پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییانە دەگرن. بەم پێیە، لابردنی قەیرانەکان، بەواتای لەنێوچوونی ناوکی نێوان بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕپێکردنی کاڵا لەسەر بناغەیەکی سەرمایەدارانەیە. باشتربوونی هەلومەرجی چینی کرێکار، یان بەرزبوونەوەی جێگای چەند بەشێکی دیاریکراو لەو چینە، بۆ نێو چینی مامناوەند، بەمانای دابەزینی ناکۆکی کار و سەرمایەیە، بەڵام ئەگەر کارتلەکان، سیستەمی متمانەیی، یەکێتییە کرێکارییەکان و هێتر، ناکۆکییەکانی سەرمایەداری لەناودەبەن و لەئاکامدا سیستەمەکە لەفەوتان رزگاردەکەن، ئەگەر ئەو توانایییە بەسەرمایەداری دەبەخشن کە خۆی بپارێزێت (هەر بەم بۆنەشەوە «بێرنیشتاین» بە«ئامرازی خۆڕێکخستن» ناویان دەبات)، وەک هاوکات دەتوانن «پێش مەرجەکان، تەنانەت تارادەیەک تۆوەکانی» سۆسیالیزم بن؟ تەنیا بەوبۆنەوە، کە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان بەیاندەکەن. بەڵام بەوهۆیەوە کە ئەم فاکتەرانە تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان لەشێوەی سەرمایەداری دەپارێزن، هەر بەو رادەیە، گۆڕانکاری ئەم بەرهەمهێنانە کۆمەڵایەتییە، بەرەو بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی رەتدەکەنەوە. هەربۆیەش ئەوانە تەنها دەتوانن وەک چەمک، تۆ و یان پێشمەرجەکانی سیستەمێکی سۆسیالیستی بن، نەک لە واتای مێژووییدا. ئەوانە کۆمەڵێک دیاردەن و لەژێر تیشکی

ئێگەیشتنمان لەسۆسیالیزم، دەزانین پەیوەندییان بە سۆسیالیزمەوە هەیە، بەڵام لە راستیدا، نەک تەنها شۆڕشی سۆسیالیستی لێ نابێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە رەتیدەکاتەوە. تەنیا بناغەیەکی دیکەی سۆسیالیزم دەمێنێتەوە، ئەویش هوشیاری چینایەتی پرۆلیتاریایە، بەڵام ئەمەش لەم بابەتەوە رەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی روو لەگەشەی سەرمایەداری و لەناوچوونی بەمزووانەی لەمێشکی پرۆلیتاریادا نییە، چونکە بە ئامرازەکانی خۆڕێکخستن پێش بەم فەوتانە دەگرن. بەمشێوەیە ئەو وشیاریە دەبێتە شتێکی دڵخوازی پەتی، کە هێزی بە قەناعەتگەیاندنی، تەنها لەسەر بنەمایەکی ئەخلاقی وەستاوە.

بە کورتی لێرەدا بناغەیەکی بەرنامەی سۆسیالیستییمان هەیە، کە لە رێگەی «ئەقڵی پەتی»یەوە پێکدێت. بە زمانێکی سادەتر روبەڕووی لێکدانەوەیەکی ئایدیالیستی سۆسیالیزم دەبینەوە. پێویستی بابەتی سۆسیالیزم، لێکدانەوەی سۆسیالیزم، وەک دەرئەنجامی گەشەی مادی کۆمەڵگە، رەتدەکرێتەوە.

تیۆری رێڤیزیۆنیستی لەبەرامبەر «یان ئەم یان ئەو» دایە، یان گۆڕانکاری: هەروەک تا ئەمڕۆ پشتڕاستکراوەتەوە، ئاکامی ناکۆکییە دەرونییەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە. بەپێی ئەو تیۆرە، ئەم سیستەمە گەشە بە ناکۆکیەکانی دەدات، بۆئەوەی بە لوتکە بگات و لەجێگایەکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر لێکهەڵدەوەشێتەوە، بەڵام لەم دۆخەدا «ئامرازەکانی خۆڕێکخستن» کاریگەری خۆیان لە دەستدەدەن و تیۆری لێکهەڵوەشان لەکوانووی ئاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو دەبێت، یان «ئامرازەکانی خۆڕێکخستن» دەتوانن پێش بەلێکهەڵوەشانی سیستەمی سەرمایەداری بگرن و بەمشێوەیە سەرمایەداری دەتوانێت لە رێگەی لەناوبردنی ناکۆکیەکانییەوە خۆی بپارێزێت. لەم دۆخەدا سۆسیالیزم ئیتر پێویستییەکی مێژوویی نابێت.

دەتوانن هەر ناوێک پێتان خۆشە لێی بنێن، بەڵام ئیتر دەرئەنجامی گەشەی مادی کۆمەڵگە نابێت.

ئەم دووڕیانە، دووڕیانێکی دیکەی لێدەبێنەوە، یان ڕێڤیزیۆنیزم لەبارەی ڕەوتی گەشەی سەرمایەداری دروستە و بەم پێیە گۆڕانکاری سۆسیالیستی دەبێتە یۆتۆپیایەک، یان سۆسیالیزم یۆتۆپیا نییەو بەم پێیە تیۆری «ئامرازەکانی خۆڕێکخستن» لەکوانووی تاقیکردنەوەدا هەڵەیە. مەسەلەکە ئەوەیە.

**خۆڕێکخستنی سەرمایەداری**

بێرنیشتاین پێیوایە متمانە، ئامێرەکانی گەشەکردووی پەیوەندیگرتن و ڕێکخراوە تازەکانی خاوەنکاران، کۆمەڵێک ئامرازی گرنگن، کە دەبنە هۆی ئەوەی ئابوری سەرمایەداری خۆی ڕێکبخات.

ڕێگام بدەن باسەکەمان بەمتمانە دەستپێبکەین. سیستەمی متمانەیی لە ئابوری سەرمایەداریدا، کارکردی زۆرە. هەروەک دەزانین هەڵکشانی توانایی بەرهەمهێنان و ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا، دوو کاری گرنگی سیستەمی متمانەییە بۆ سەرمایەداری. کاتێک مەیلی دەرونی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆ پەرەپێدانی بێ سنووری، خۆی لەگەڵ کۆسپی خاوەندارێتی بەرەوڕوو دەبێنەوە (ئاستی بەرتەسکی سەرمایەی کەرتی تایبەت)، تەرخانکردنی بودجە وەکو ئامرازیک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کەندو کۆسپانە بەکاردەبرێت. متمانە لە ڕێگەی خاوەن پشکەکانەوە ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار لە ناوەندێکی یەکپارچەدا لە دەوری یەک کۆدەکاتەوە. ئەم دەرفەتە بۆ هەموو سەرمایەدارێکی دیکە دەڕەخسێت، بۆئەوەی لەچوارچێوەی متمانەیی پیشەسازیدا لەپارەی سەرمایەدارەکانی دیکە سوود وەربگرن. لەلایەکی دیکەوە ئەوە بەشێوەی متمانە، بوار بۆ خێراتربوونەوەی ئاڵوگۆڕی کاڵاو گەڕانەوەی سەرمایە بۆ بەرهەمهێنان، واتە سەرجەم وەگەڕکەوتنی

بازنەیی پرۆسەی بەرهەمهێنان خۆشدەکات. ئەو کاریگەرییانەی ئەم دوو کارەی متمانە لەسەر پێکهێنانی قەیران هەیانە، زۆر ساویلکانە لەبەرچاو ناگیرێت. ئەگەر راستە قەیرانەکان لە ئاکامی ناکۆکی نێوان پوتانسیەلی پەرەسەندن، مەیلی بەرهەمهێنان بۆ زۆرتربوون و پوتانسیەلی بەرتەسکی بەکارهێنان دێنەئاراوە، بەپێی ئەو باسانەی لەسەرەوە کردمان، متمانە تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێت، ئامرازی سەرهەڵدانی ئەم ناکۆکیەیە. بەتایبەتی هێزی گەشەی بەرهەمهێنان، تاڕاستێکی سەرسووڕهێنەر بەرزدەکاتەوە و دەبێتە هێزێکی بزوێنەری دەروونی بۆ پێشڤەچون، لەچوارچێوەی بەرتەسکی بازاڕ، بەڵام متمانە لـەدوولاوە گورزی خۆی دەوەشێنێت. متمانە (وەکو هۆکاری رەوتی بەرهەمهێنان) لەدوای هاندان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیاتر، لەکاتی قەیراندا (وەکو ناوبژیوانی رەوتی ئاڵوگۆڕی کاڵا) ئەو هێزە وەبەرهێنەرە لەناودەبات، کە خۆی خولقاندوویەتی. بەدەرکەوتنی یەکەم نیشانەکانی قەیران متمانە بەرتەسک دەبێتەوە و لەجێگایەکدا کە متمانە پێویست بێت، ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا بەجێدەهێڵێت و لەجێگایەکدا کە هێشتا هەیە، خۆی بەناکارامە و بێ سوود نیشاندەدات، بەم پێیە لەکاتی قەیراندا پوتانسیەلی بەکارهێنانی بازاڕ بە لای کەم دەگەیەنێت.

بێجگە لەو دوو دەرئەنجامە گرنگە، متمانە لەسەر سەرهەڵدانی قەیران، کاریگەری جۆراوجۆری دیکە دادەنێت. متمانە نەک تەنیا دەبێتە ئامێرێکی تەکنیکی بۆ گەیشتنی سەرمایەدار بەسەرمایەی سەرمایەدارەکانی دیکە، بەڵکو لەهەمانکاتدا دەبێتە ئامرازیک بۆ سوودوەرگرتنی بێشەرمانەو بێرەوشتانە لە دارایی کەسانی دیکە. ئەمە سفتەبازییەکی (وەرەقەی بەهاداری بانکی) بێ سنووری لێدەکەوێتەوە. متمانە لەسەر بنەمای توانای خۆی، وەک ئامرازی شاراوەی ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا نەک تەنها قەیران توندترەدەکاتەوە، بەڵکو لەم رێگەیەوە کە سەرجەم مامەڵە و ئاڵوگۆڕەکان، دەکاتە ئامێرێکی

لێکئاڵاو و دەستکرد، کە دەبێنە هۆی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی قەیران، ئەم بەمشێوەیە باشترین رێگایە بۆ پەکخستنی وەگەڕکەوتنی سەرمایە.

بەمشێوەیە دەبینین چـاوەڕوان ناکرێت متمانە ئامرازیک بۆ چارەسەرکردن، یان تەنانەت دامرکاندنەوەی قەیرانەکان بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەپێکهێنانی قەیراندا، فاکتەرێکی زۆر بەهێز ئەژمار دەکرێت، جگە لەوە هیچ دەورێکی دیکەی نییە. بەگشتی کارکردی تایبەتی تەنها ئەوەیە، کە بناغەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری لەناودەبات. تا ئەو جێگایەی بۆی بکرێت، هەموو شوێنێک چەمەوازهەڵگر و نەرم و نیان دەکات. گشت هێزەکانی سەرمایەداری، بە بەرزترین ئاستی پەرەسەندن دەگەیەنێت و رێژەیی و هەستیاری دەکات. متمانە لەم رێگەیەوە، قەیرانەکان (کەبێجگە لە پێکدادانی خولاوەی هێزە ناکۆکەکانی ئابوری سەرمایەداری، هیچی تر نین)، خێراتر و توندتر دەکاتەوە.

ئەم بابەتە لەهەمانکاتدا بەمەسەلەیەکی دیکەمان دەگەیەنێت، چونکە متمانە بەگشتی دەتوانێت وەک رەنگدانەوەی «ئامرازی خۆڕێکخستن»ی سەرمایەداری خۆی دەربخات؟ «خۆڕێکخستن» بەهۆی متمانە (لەهەر شێوە و پەیوەندیەکیشدا بگونجێت) تەنیا دەتوانێت بریتی بێت لەوەی، کە لەپەیوەندییەکی سەرمایەداریدا هاوسەنگی پێکدەهێنێت، ناکۆکییەک چارەسەردەکات، یان دایدەمرکێنێتەوە، بەمشێوەیە گرەنتی بواری چالاکی ئەو هێزانە دەکات، کە کەوتوونەتە بن بەسنەوە، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە، ئەگەر لەسیستەمی سەرمایەداریدا ئامرازیک هەبێت، کە ئەو ناکۆکییانە زۆرتربکات، ئەوە متمانەیە. کاتێک بەرهەمهێنان تا ئەو جێگایەی دەکرێت پەرەدەستێنێت و هاوکات مامەڵە پەکی دەکەوێت، بچووکترین بیانوو، دەبێنە هۆی ئەوەی ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی ئاڵوگۆڕپێکردنی کاڵا توندتر بێتەوە. بەجیاکردنەوەی بەرهەمهێنان لەخاوەنەکەی، واتە بەگۆڕینی

سەرمایەی وەگەڕکەوتوو لەبەرهەمهێنانەوە بۆ سەرمایەی «کۆمەڵایەتی»، لەهەمانکاتدا بەگۆڕینی بەشێک لەقازانج لەژێر ناوی بەهرەی سەرمایە بۆ مافی خاوەندارێتی سادە، ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی زۆرتر دەبێت. کاتێک قەبارەیەکی زۆر و زەبەند لەهێزەکانی بەرهەمهێنان، دەخرێتە بەردەست ژمارەیەکی کەم و خاوەندارێتی لەژمارەیەکی زۆر، وردە بۆرژوازی زەوت دەکرێت، ناکۆکی نێوان پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان پەرەدەسێنێت. کاتێک پێویستی دەستێوەردانی دەوڵەت لەبەرهەمهێنان (شەریکەکانی پشک ) دێتەگۆڕێ، ناکۆکی نێوان جەوهەری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی تاکە کەسی توندتر دەبێتەوە.

بەکورتی دەبێت بڵێین، متمانە تێکڕای ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی جیهانی سەرمایەداری سەرلەنوێ بەرهەمدێنێتەوە و زەقتریان دەکاتەوە. ڕەوتی گەشەی ئەو ناکۆکییانە خێراتردەکاتەوە، بەمشێوەیە جیهانی سەرمایەداری بەرەو لەناوچوونی خۆی (واتە لێکهەڵوەشان) پاڵدەنێت. بەم پێیە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بەمتمانەوە هەیە، یەکەم ئامرازی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری بریتییە لەوەی کە متمانە لەنێو دەبات و هەڵیدەوەشێنێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە متمانە بەهیچ شێوەیەک ئامرازی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری نییە. بەپێچەوانەوە ئامرازی لەناوچوونی خۆیەتی، ئەو ئامرازە لەو بابەتەوە گرنگییەکی شۆڕشگێڕانەی هەیە. هەر ئەم خەسڵەتە شۆڕشگێڕانەیەی متمانە (کە سنوورەکانی سەرمایەداری بەزاندووە)، بووەتە هۆی جۆرێک چەواشەکاری و ڕەنگ و بۆی سۆسیالیستی بەم بەرنامە دەدەن، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی لەفەرەنسا گرنگترین پارێزەرانی متمانە وەکو «ئیسحاق پرییەر» (هەر وەک مارکس وتبووی) وەکو نیوە پێغەمبەر و نیوە لۆمپەن پەیدابن.

بەلێکۆڵینەوەی وردتر بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە دووەم «ئامرازی خۆڕێکخستن»، واتە ڕێکخراوەکانی خاوەنکارانیش، هەر بەمشێوەیە سست و لەرزۆکە. «بێرنیشتاین» پێیوایە ئەم ڕێکخراوانە کۆتایی بەشپرزەیی بەرهەمهێنان دێنێت و بە گەڵاڵەڕێژی بۆ بەرهەمهێنان، قەیرانەکان لەنێودەچن. ڕاستە تا ئەمڕۆ ئاکامەکانی گەشەکردنی کارتلەکان و تراستەکان بە وردی نەخراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەوڕێکخراوانە مەسەلەیەک دەردەخەن، کە تەنهاو تەنها بەپێی تیۆری مارکسیستی چارەسەردەکرێت، هەربۆیە ئەوەی ڕوونە ئەوەیە، کە تائەو ڕادەیە دەتوانین باسی کارتلەکانی خاوەنکاران بکەین، کە تێکەولێکەیی سەرمایەداری کەمدەکەنەوە و کارتلەکان و تراستەکان و هیتر، بتوانن ببن بە شێوەیەکی بەرهەمهێنانی گشتی و زاڵ، بەڵام ئەوە بەهۆی ماهیەتی ئەم کارتلانەوە مومکین نییە. ئامانجی کۆتایی ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران و کاریگەرییەکانی بەو شێوەیەیە: بە لەناوچوونی کێبڕکێ لە لقێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان، کارتل یان تراست، دەتوانێت بەسەر دابەشکردنی سەرجەم قازانجێک، کە لەو بـازاڕە بەدەستدێت، چاودێری بکات و زۆرترین قازانج بخاتە گیرفانی خۆیەوە، بەشێوەیەک کە بەشی ئەم لقە لەلقەکانی پیشەسازی زۆرتر دەبێت. ڕێکخراوێکی لەوچەشنە تەنها دەتوانێت ڕێژەی قازانجی خۆی لەلقێکی پیشەسازی بەزیانی لقەکەی دیکە بەرزبکاتەوە، هەربەم بۆنەشەوەیە، کە ناتوانێت پەرەبستێنێت، چونکە کاتێک تەشەنە بکات بۆ هەموو لقە گرنگەکانی پیشەسازی، ئەم مەیلە کاریگەری خۆی لە دەستدەدات.

بەڵام ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران، تەنانەت لە بواری کردارییەوە، ڕێک بەپێچەوانەی لەناوبردنی تێکەولێکەیی پیشەسازیی کاریگەری دادەنێن. بەپێی ڕێسای کارتلەکان، بردنەسەرەوەی سوودی خۆیان لەبازاڕی ناوخۆیی لەو ڕێگەیەوە دابیندەکەن، کە ئەو سەرمایە زیادیەی کە ناتوانن لە بازاڕی

ناوخۆییدا بیخەنەگەڕ، لە دەرەوەی وڵات بەسوودێکی کەمتر دەیخەنەگەڕ، واتە لە دەرەوەی وڵات کاڵاکانی خۆیان بەنرخێکی زۆر هەرزانتر لەناوخۆ دەفرۆشن و لەئاکامدا لەبازاڕی دەرەوەی وڵاتدا کێبڕکێ تووندتر دەکەنەوە و لەبازاڕی جیهانیدا تێکەولێکەیی زۆرتر دەکەن، بە واتایەکی دیکە ئەگەر بتوانن لە بازاڕی ناوخۆدا ئەو کێبڕکێیە کەم بکەنەوە، بەدڵنیاییەوە لەبازاڕی جیهانیدا تێکەولێکەیی و کێبڕکێ تووندتر دەکەنەوە، بە واتایەکی دیکە ئەم ڕەوتە ڕێک بەپێچەوانەی ئەو شتەیە، کە دەیانەوێت هەبێت. ئەم ڕاستییە بە باشی لە مێژووی پیشەسازی شەکری نێونەتەوەییدا ڕەنگیداوەتەوە.

بەگشتی، ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران، وەکو ڕەنگدانەوەی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، تەنها دەتوانن ببنە قۆناغێکی دیاریکراو لەگەشەی سەرمایەداری. لە ڕاستیدا کارتلەکان لەبنچ و بناوانەوە، تەنها ئامرازیکن کە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەستیان بۆ دەبات، بۆئەوەی دارمانی کوشندەی ڕێژەی قازانج لەهەندێک لقی بەرهەمهێنان رابگرێت، بەڵام ئەو ڕێگایانەی کە کارتلەکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە بەکاریدەبەن، کامانەن؟ ئەوان لەبنەڕەتدا بەشێک لەسەرمایەی کەڵەکەکراو ناخەنەگەڕ و رایدەگرن، واتە هەر ئەو ڕێگایەی کە لەقەیرانەکاندا بەشێوەیەکی دیکە بەکاردەبرێت. هەڵبەت ئەم دەرمانە هەر ئەوەندەی جیاوازی دوو هێلکە، لەگەڵ نەخۆشییەکە جیاوازی هەیە. ئەم ڕێگایە تەنها دەتوانێت بۆ ماوەیەکی بەرتەسک، وەکو چارەسەرێکی کەم زەرەرتر لەگۆڕێدا بێت. بازاڕی جیهانی ئەوەندە گەشە دەکات، تا بەلوتکەی خۆی دەگات و بەهۆی کێبڕکێی وڵاتانی سەرمایەدارییەوە پڕدەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بازاڕی فرۆش بەرتەسک بێتەوە (ئاساییە درەنگ، یان زوو سات چاوەڕوان نەکراو دەگات). ئەوکاتە بەشێک لە سەرمایە، کە بەناچاری وەگەڕنەخراوە، قەبارەیەکی وا پەیدادەکات، کە لەجیاتی دەرمان دەبێتە نەخۆشی و سەرمایەیەک، کە تائێستا

لەلایەن ڕێکخراوی (سەرمایەداران)ەوە تێکەڵکرابوو و مەیلی بە «کۆمەڵایەتی بوون»ی هەبوو، دیسانەوە دەبێتە سەرمایەی تایبەتی. بەهۆی ئەوەی کە کێشە و گرفتەکان بۆ دۆزینەوەی بازاڕێکی بچووک، ڕۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت، هەر کام لەبەشەکان پێی باشترە بەتەنیا بەختی خۆی تاقیبکاتەوە. ئەوکاتە ئیتر ڕێکخراوەکانی (خاوەنکاران) وەکو بڵقی سەرئاو دەتەقێت و جێگای خۆی دەدات بەکیبڕکێی ئازاد لەشێوەی توندتری دا.

بەم پێیە کارتلەکان بەگشتی وەکو متمانە قۆناغێکی دیاریکراو لەتەکامولی سەرمایەدارین، کە لەدوا لێکدانەوەدا، تەنها تێکەولێکەیی سەرمایەداری پەرەپێدەدەن و ناکۆکییە دەرونییەکانی دەرئەخەن و بەلوتکەی دەگەیەنن. کارتلەکان بەتووندترکردنەوەی خەباتی نێوان بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەر ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی ئاڵوگۆڕ بەلوتکە دەگەیەنن، هەربەو جۆرەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە روونی ئەم بابەتە دەبینین. بێجگە لەوە بە دانانی سەرمایەی ڕێکخراو لەبەرامبەر چینی کرێکار، ناکۆکی نێوان شێوەی بەرهەمهێنان و شێوەی خاوەندارێتی توندتر دەکەنەوە و بەم شێوەیە ناکۆکی کار و سەرمایە پەرەپێدەدەن.

سەرئەنجام کارتلەکان ناکۆکی نێوان خەسڵەتی نێونەتەوەیی ئابوری جیهانی سەرمایەداری و خەسڵەتی نەتەوەیی دەوڵەتی سەرمایەداری پەرەپێدەدەن، کە شەڕێکی باجی گشتی بـەدواوە دەبێت. ئەو شەڕە جیاوازییەکانی دەوڵەتانی سەرمایەداری توندتر دەکاتەوە، هەروەها پێویستە کاریگەری شۆڕشگێڕانەی کارتلەکان لەسەر قوڵبوونەوەی بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و هیتر بۆئەم بابەتە زیادبکەین.

بەم پێیە کاتێک کە کاریگەری یەکلاییکەرەوەی کارتلەکان و تراستەکان لەسەر ئابوری سەرمایەداریی هەڵدەسەنگێنین، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو ڕێکخراوانە بەهیچ شێوەیەک وەکو «ئامرازی خۆڕێکخستن» سەرکەوتوو نین.

ناتوانن ناکۆکیەکانی سەرمایەداری دابمرکێننەوە. بەپێچەوانەوە ئامرازێکن، کە تێکەولێکەیی سەرمایەداری گەورەتر دەکاتەوە و پەرەی پێدەدات. ناکۆکییە دەرونییەکانی سەرمایەداری گەشە پێدەدات و گەیشتنی کاتی هەڵوەشانەوەی گشتی سەرمایەداری خێراتر دەکاتەوە. ئەگەر مەسەلەی متمانە، کارتلەکان و لەوچەشنە تێکەولێکەیی ئابوری سەرمایەداری چارەسەر ناکەن، بۆچی لەماوەی دوو دەیەدا، واتە ساڵی 1873 تا ئەمڕۆ، هیچ قەیرانێکی بازرگانی گشتییمان نەبووە؟ ئایا ئەوە نیشانەی ئەوە نییە، کە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لانیکەم لە دوو بابەتی سەرەکییدا، خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی کۆمەڵگە «رێکخستووە»و لێکدانەوەیەک کە مارکس لەبارەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری پێشکەشی کردووە، کۆن بووە و هەڵوەشاوەتەوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە بەوشێوەیەی خوارەوەیە:

ساڵی 1900، هێشتا دوو ساڵ لەوکاتەی کە بێرنیشتاین (ساڵی 1898) تیۆری قەیرانی مارکسی رەتکردبووەوە تێنەپڕیبوو، کە قەیرانێکی گەورە هاتەئاراوە و دوای حەوت ساڵ، واتە ساڵی 1907 قەیرانێکی نوێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەستیپێکرد و بۆ سەرانسەری جیهان تەشەنەی سەند. بەم شێوەیە راستییەکی حاشاهەڵنەگر تیۆری «خۆڕێکخستن»ی سەرمایەداری رەتکردەوە. پێ بەپێی ئەوە سەلما کەسانێک، کە تیۆری قەیرانی مارکسییان «تەنها بەوبۆنەوە کە لە رووکەشدا لە دوو» نۆرەی مایەپووچ دەرچووندا «لەکوانووی ئاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبووە» رەتکردبووەوە، کاکڵەی سەرەکی ئەم تیۆرەیان، لەگەڵ بەشێکی بێ نرخ لە توێکڵی دەرەکی، واتە لەگەڵ قۆناغێکی دە ساڵە بە هەڵە گرتبوو. هەڵبەت دیاریکردنی یاسامەندی وەگەڕکەوتنی بازنەیی سەرمایەداری پیشەسازی مۆدێرن لەشێوەی قۆناغێکی دە ساڵە لەلایەن مارکس و ئەنگڵس لەساڵەکانی 1860 و 1870 ئەو راستییەی پشتڕاست دەکردەوە، کە بەش بە حاڵی خۆی لەسەر بنەمای

یاسایەکی سروشتی سادە دانەنرابوو، بەڵکو لەسەر زنجیرەیەک بارودۆخی مێژوویی دیاریکراو دیاریکرابوو، کە پەیوەندی بە پەرەسەندنی سەرمایەداری تازەپێگەیشتووەوە هەبوو.

قەیرانی ساڵی 1825 لەکردەوەدا دەرئەنجامی وەگەڕخستنی سەروەت و سامانێکی زۆر و زەبەند بۆ دامەزراندنی ڕێگاو بانەکان، کەناڵەکان و کارەکانی دیکە بوو، کە لەدەیەی پێشتردا لەبەریتانیا بەباشترین شێوە بەڕێوەچوبوو، هەربەو جۆرەی کە قەیرانە گرنگەکەش لەوێدا هاتەئارا. هەربەم شێوەیە دەبینین قەیرانی دوایی 1836–1839 بەهۆی دامەزراندنی ئامێرەکانی گەیاندن و گواستنەوە لە ئاستێکی زۆر و زەبەند دابوو. هەروەک دەزانین قەیرانی ساڵی 1847 یش بەهۆی دامەزراندنی باقوبریقی ڕێگای ئاسنی بەریتانیا پێکهات (ساڵی 1844ەوە تا 1847) واتە لەماوەی سێ ساڵدا، پەرلەمانی بەریتانیا ئیمتیازی دامەزراندنی ڕێگا تازەکانی بەبڕی یەک ملیار و نیو، پەسەندکرد!).

بەم پێیە سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵێک بناغەی نوێ، بەرهەمی گەشەی سەرمایەداری بوون، کە قەیرانیشیان بە دوای خۆیاندا هێنا. قەیرانی ساڵی 1857 بەهۆی دۆزینەوەی کانەکانی ئاڵتون لە ئەمەریکاو ئوسترالیا هاتە ئارا. چونکە کەشفکردنی ئەوکانانە لەناکاو کۆمەڵێک بازاڕی فرۆشی نوێی بەڕووی پیشەسازییەکانی ئەوروپادا کردەوە. بە تایبەتی فەرەنسا لەبواری دامەزراندنی ڕێگای ئاسندا پێی نایە جێ پێی بەریتانیاوە، (ساڵی 1852ەوە تا 1856 تۆڕی ڕێگای ئاسنی نوێ لە فەرەنسا بە بڕی یەک ملیار و دووسەدو پەنجا ملیۆن فرانک دامەزرا). سەرئەنجام هەروەک دەزانین قەیرانی گەورەی ساڵی 1873 دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی ریزبەندی نوێ و یەکەمین هێرشی پیشەسازییە گەورەکان لە ئەڵمانیا و نەمسا بوو کە بەدوای ڕوداوە سیاسییەکانی 1866 و 1871 هاتە ئارا.

بەم پێیە ئائێستا هەموو جارێک پەرەسەندنی لەناکاوی ئابوری سەرمایەداری، هۆکاری سەرەکی هاتنەئارای قەیرانی بازرگانی بووە. ئەو مەسەلەیە کە قەیرانە نێونەتەوەییەکان هەر دە ساڵ جارێک دووپات بوونەتەوە، یان نا، مەسەلەیەکی رووکەشییە و گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. گەڵاڵەی مارکس لەبارەی پێکهاتنی قەیرانەکان، هەروەک ئەنگڵس لە»ئانتی دوورینگ» و مارکس لەبەرگی سێیەمی «کاپیتاڵ»دا رایگەیاندووە، لەبارەی هەرکام لەقەیرانەکان، تا ئەوجێگایە درووستە کەمیکانیزمی دەروونی ئەو قەیرانانە و هۆکارە قووڵەکانی بەگشتی کەشف دەکات. چ هەر دە ساڵ جارێک، یان هەر پێنج ساڵ جارێک، یان هەر بیست و هەشت ساڵ جارێک دووپاتببنەوە، هیچ فەرقێک ناکات، بەڵام ئەوەی چز لە تیۆری «بێرنیشتاین» دەوەشێنێت و بێمتمانەیی دەکات ئەو راستییەیە، کە تازەترین قەیران لە ساڵی 1907–1908 بە تووندترین شێوە وڵاتێکی هەژاند کە»ئامرازی خۆڕێکخستن»ی بەناوبانگی سەرمایەداری، واتە متمانە، سیستەمی پەیوەندیگرتن و تراستەکان، تێیدا بەباشترین شێوە گەشەیان کردبوو.

بەگشتی ئەو بۆچوونە کە پێیوایە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەتوانێت خۆی لەگەڵ ئاڵوگۆڕی کاڵا «رێک»بخات، بە یەکێک لەم دوو ئەگەرەوە گرێ دەدرێت: یان دەبێت بازاڕی جیهانی لەئاستێکی بێ سنوور و بێ کۆتاییدا گەشەبکات، یان بەپێچەوانەوە گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنان رابگیردرێت و نەتوانێت سنووری بازاڕی جیهانی تێپەڕێنێت. ئەگەری یەکەم لەبواری مادییەوە مەحاڵە، چونکە گۆی زەوی پوتانسیەلێکی دیاریکراوی هەیە. ئەگەری دووەمیش بەوبۆنەوە دوور لە راستی دێتە بەرچاو، کە گۆڕانکارییە تەکنیکییەکان لەهەموو بابەتەکانی بەرهەمهێناندا، هەمیشە گەشەیان کردووە و هەموو رۆژێک هێزی وەبەرهێنەری نوێ پێکدێنێت.

«بێرنیشتاین» دەڵێت دیاردەیەکی دیکەش لەگەڵ ئاراستەی تەواوکاری

سەرمایەداری، کە لەسەرەوە باسمانکرد، لە ناکۆکیدایە. ئەویش «کاکڵەی سەرەکی خەوش تێنەکەوتوو» یان «فالانکسە بەردەوام»ەکانی کارگە مامناوەندەکانە، کە ناوبراو ئاماژەی پێدەکات. «بێرنیشتاین» لەوەدا ئەو نیشانە دەبینێت، کە گەشەی پیشەسازی گەورە بەئاڕاستەیەکی شۆڕشگێڕانەدا ناڕواتە پێش و بەپێی «تیۆری لێکهەڵوەشان» لەسەر پێکهێنانی گۆڕانکاری بەدیهێنەر و چڕبونەوەکەردا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە. سەرەڕای ئەوە، «بێرنیشتاین» لێرەدا بووەتە قوربانی خراپ تێگەیشتنی خۆی. ئەگەر چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت، کە کارگە مامناوەندەکان بەشێنەیی لەناو بچن، تەواو بەشێوەیەکی هەڵە لەگەشەی پیشەسازی گەورە تێگەیشتووین.

بەپێی تیۆری مارکسیستی، سەرمایە بچووکەکان لەئاڕاستەی گشتی گەشەی سەرمایەدارید رۆڵی پێشەنگایەتی شۆڕشی پیشەسازی دەگێڕن، بەڵام ئەو سەرمایانە لەدوو بواردا ئەو رۆڵە دەگێڕن. یەکەم، لەلقە کۆن و سەقامگرتووەکانی بەرهەمهێناندا کۆمەڵێک مێتۆدی نوێ دادەمەزرێنن. دووەم لەو لقە تازانەی بەرهەمهێنان، کە هێشتا سەرمایەداری گەورە سوودی لێوەرنەگرتووە. ئەم بۆچوونە نادروستەی، کە پێیوایە مێژووی ناوەندە بچووکەکانی سەرمایەداری بەو ئاڕاستەیەدا بەرەوپێش دەچێت، کە بەشێنەیی لەناو دەچێت. ئاڕاستەی گەشەی ئەو ناوەندانە بەتەواوەتی دیالێکتیکییەو بەردەوام لەنێو ناکۆکییەکاندا لەئارادان و دێن و دەچن. تووێژە مامناوەندەکانی سەرمایەداری (وەکو چینی کرێکار) لەژێر کاریگەری دوو مەیلی ناکۆک و دژ بەیەکدان، یەکیان گەشەی پێدەدات و ئەوی دیکەیان دایدەشکێنێت. لەو بابەتەدا مەیلی داشکێنەر بریتییە لەچوونەسەرەوەی پەیژەیی بەردەوامی بەرهەمهێنان، کە بەشێوەی دەورەیی پێشی قەبارەی سەرمایەی مامناوەند دەکەوێت و بەم شێوەیە بەردەوام لەمەیدانی کێبڕکێ وەدەریدەنێت. مەیلی گەشەپێدەر بریتییە لە داشکانی دەورەیی بایەخی

سەرمایەی وەگەڕکەوتوو کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئاستی بەرهەمهێنان بۆ ئاستی بایەخی لانیکەمی سەرمایە دادەبەزێنێت.

نابێت وەکو شەڕێکی ڕێکوپێک و بەردەوام چاو لە شەڕی کارگە مامناوەندەکان و سەرمایە گەورەکان بکەین، کە هێزەکانی ڕکابەری لاوازتر هەمیشە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و لەبواری چەندایەتییەوە لاواز دەبێت، بەڵکو دەبێت بە واتای دروێنەکردنی وەرزی سەرمایە بچووکەکان چاوی لێ بکەین، کە دیسانەوە سەرلەنوێ بەخێرایی چرۆدەکەنەوە، بۆئەوەی جارێکی دیکە لەلایەن داسی پیشەسازی گـەورەوە درەو بکرێن. لەنێو ئەم دوو مەیلەدا کە لەنێوخۆیاندا وەکو تۆپ کایە بەتووێژی سەرمایەداری مامناوەند دەکەن (بەپێچەوانەی گەشەی چینی کرێکار) سەرئەنجام مەیلی داشکێنەر سەردەکەوێت. پێویست ناکات سەرکەوتنی مەیلی داشکێنەر حەتمەن خۆی لەدابەزینی ڕەهای ناوەندەکانی مامناوەنددا نیشانبدات. ئەم مەیلە لەسەرەتادا خۆی لەچوونەسەرەوەی بەشێنەیی لانیکەمی سەرمایەی پێویست بۆ وەگەڕخستنی چالاکی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لەلقەکانی کۆن نیشاندەدات. دواتر لەدابەزینی بەردەوامی مەودایەکی کاتی کە سەرمایەدارە بچوکەکان دەرفەتی کەڵکوەرگرتن لەلقە تازەکانی بەرهەمهێنان بەدەستدێنن، خۆی نیشاندەدات. تا ئەوجێگایەی بۆ سەرمایەداری بچووک دەگەڕێتەوە، ئاکامی ئەم مەسەلەیە بۆ سەرمایەی بچووک ئەوە دەبێت، کە بەردەوام دەرفەتی ژیانی کەمتر دەکاتەوە و ماوەیەکی کەمتر دەتوانێت درێژە بەتەمەنی بدات و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان لەمێتۆدەکانی بەرهەمهێنان خێراتر دەکاتەوە و لەئاکامدا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی خێراتر کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

«بێرنیشتاین» ئەمە باش دەزانێت و بۆخۆی لێی تێگەیشتووە، بەڵام لەبیری چووەتەوە کە ئەم یاسایە کارگە بچووکەکانی سەرمایەداریش دەگرێتەوە. ئەگەر سەرمایەدارە بچووکەکان پێشەنگی پێشکەوتنی تەکنیکین

و پێشکەوتنی تەکنیکی بزوێنەری ژیانی ئابوری سەرمایەدارییە، ئاشکرایە کە سەرمایەدارە بچووکەکان بەشێکی جیانەکراوە لە گەشەی سەرمایەدارین. لەناوچوونی بەشێنەیی ناوەندە مامناوەندەکان (بەواتای رەهای وشەکە، کەپێی خۆشە وابەکاری بباتْ) بە واتای بەرەوپێشچوونی شۆڕشگێڕانەی تەکامولی سەرمایەداری نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بە مانای راوەستاندنی تەکامول و خاوبوونەوەیەتی. مارکس دەیـوتْ: «رێـژەی قازانج، واتە چوونەسەرەوەی رێژەیی سەرمایە بەر لەهەمووان بۆ سەرمایەگوزارە تازەکان گرنگە، کە گروپێکی سەربەخۆ پێکدەهێنن. کاتێک پێکەوەنانی سەرمایە بەشێوەی قۆرخکراو دەکەوێتە دەستْ ژمارەیەک سەرمایەداری گەورە، ئاگری ژیانبەخشی بەرهەمهێنان دەکوژێتەوە و دادەڕمێتْ.»

(بەمشێوەیە دەبینین ئامرازەکانی خۆڕێکخستنی «بێرنیشتاین» لەکوانووی ئاقیکردنەوەدا ناکارامە دێتە دەر و دیاردەیەک، کە ئەو بەنیشانەی خۆڕێکخستنی دەزانێتْ، دەبێتْ بە هۆکارەکانی دیکە بدرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

## دەرئەنجامە سیاسییەکان و خەسڵەتی گشتی رێڤیزیۆنیزم

لە بەشی یەکەمدا هەوڵماندا ئەوە بخەینەروو کە تیۆری «بێرنیشتاین» بەرنامەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی، لەبنەمای مادی خۆی جیادەکاتەوە و لەسەر بناغەیەکی ئایدیالیستی دایدەنێتْ. ئەم بابەتە پەیوەندی بە بنەما فیکرییەکانییەوە هەیە. کاتێک ئەم تیۆرە وەردەگێڕدرێتەوە سەر کردەوە و بۆ پراکتیک پەرەپێدەدرێتْ، چۆن خۆی دەردەخاتْ؟

لەسەرەتاداو بەقسەی خۆی ئەو بەرنامەیە، تائێستا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ پراکتیکی سۆسیال دیموکراسی نەبووە. یەکێتییە کرێکارییەکان، خەباتْ بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و بۆ دیموکراتیزەکردنی ناوەندە سیاسییەکان

ناوەرۆکی فەرمی هەڵسوڕانی سۆسیال دیموکراسییە. جیاوازی لە«چی»دا نییە، بەڵکو لە«چۆن»دایە. لەئێستادا خەباتی سەندیکایی و خەباتی سیاسی ئامرازی رێبەرایەتیکردن و پەروەردەکردنی بەشێنەیی پڕۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی ئەژمار دەکرێن. لە روانگەی ریڤیزیۆنیزمەوە، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەم مەحاڵەو هەم هیچ سوودێکیشی نییە، بەم پێیە، دەبێت هەڵسووڕانی سەندیکایی و پەرلەمانی تەنها بۆ بەدەستهێنانی دەرئەنجامی هەنوکەیی، واتە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی مادی کرێکاران، کەمکردنەوەی بەشێنەیی چەوساندنەوەی سەرمایەداری و پەرەدان بەکۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەڕێوەبچێت.

ئەگەر باشتربوونی بارودۆخی ژیانی کرێکارانی ئەمڕۆ لەبەرچاو نەگرین (ئامانجی هاوبەشی حزب و ریفۆرمیزم) ئەوا جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە بەم جۆرەیە: بەپێی ئەو بۆچوونە گرنگی هەڵسووڕانی سەندیکایی و خەباتی لەبواری سۆسیالیستییەوە لەوەدایە، کە پڕۆلیتاریا، واتە فاکتەری زەینی گۆڕانکاری سۆسیالیستی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی وەدیهێنانی سۆسیالیزم ئامادەدەکات. «بێرنیشتاین» پێیوایە خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانی بەشێنەیی چەوسانەوەی سەرمایەداری کەمدەکاتەوە، خەسڵەتی سەرمایەدارانەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەنێو دەبات و بەجێگای خەسڵەتی سۆسیالیستی دادەنێت. بەکورتی دەوترێت، کە ئەم دوو شێوەیە لەخەبات گۆڕانکاری سۆسیالیستی بەواتای بابەتی وشەکە بەدیدێنێت. کاتێک بەشێوەیەکی وردتر بابەتەکە لێکدەدەینەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم دوو روانگەیە بەشێوەیەکی بەرچاو دژن. بەپێی بۆچوونی ئەمڕۆی حزبی ئێمە، پڕۆلیتاریا لەئاکامی خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانیدا دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە گۆڕانکاری بنەڕەتی کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا مەحاڵە و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی چارەسەرنەکراوە، بەڵام تیۆری «بێرنیشتاین»

لەم خاڵەوە دەستپێدەکات، کە دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی مەحاڵەو لەئاکامدا دەگاتە ئەوئامانجەی، کە سیستەمی سۆسیالیستی تەنیا لەئاکامی هەڵسوڕانی سەندیکایی و پەرلەمانیدا دێتە کایەوە.

«بێرنیشتاین» پێیوایە هەڵسووڕانی سەندیکایی و پەرلەمانی خەسڵەتێکی سۆسیالیستی هەیە، چونکە کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی زۆر لەسەر ئابوری سەرمایەداری دادەنێت. هەوڵماندا ئەوە بخەینەڕوو، کە ئەم کاریگەرییە تەنها خەیاڵە. پێکهاتەکانی خاوەندارێتی سەرمایەداری و دەوڵەتی سەرمایەداری لەئاڕاستەیەکی بەتەواوەتی نەیاردا گەشە دەکەن، بەڵام ئەمە لەدوا لێکدانەوەدا بەو مانایەیە، کە هەڵسوڕانی پراکتیکی سۆسیال دیموکراسی، پەیوەندی خۆی لەگەڵ سۆسیالیزم لەدەستدەدات. گرنگی خەباتی سەندیکایی و پەرلەمانی لەبواری سۆسیالیستییەوە لەوەدایە، کە لەو ڕێگەیەوە هوشیاری، واتە وشیاری پڕۆلیتاریا دەبێتە هوشیاری سۆسیالیستی و وەکو چینێک ڕێکخراو دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم خەباتانە وەکو ئامرازیک بۆ سۆسیالیزەکردنی ڕاستەوخۆی ئابوری سەرمایەداری لەقەڵەم بدرێت، نەک تەنیا کاریگەری خۆیان لەوبوارەوە لەدەستدەدەن، بەڵکو ئیتر ئامرازیکیش نابن بۆ ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی پڕۆلیتاری.

«ئێدوارد بێرنیشتاین» و «کۆنڕاد شمیث» کە خۆیان بەو باوەڕە دادەمرکێننەوە، کە ئەنانەت داشکاندنی بەرنامەی حزب بە هەڵسووڕان لەپێناو ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و کـاری سەندیکایی، ئامانجی کۆتایی بزووتنەوەی کرێکار وەلانانرێت، بەتەواوی لەمەسەلەکە خراپ تێگەیشتوون، چونکە هەڵگرتنی هەر هەنگاوێک بۆ پێشەوە هەنگاوی دیکەی لێدەبێتەوەو ئامانجی سۆسیالیستی وەکو مەیلێک لەو بزووتنەوەیەدا، تەنها وەکو هێماو ئاماژە بوونی دەبێت، بێگومان ئەم تێگەیشتنە لەبارەی بە تاکتیکی ئەمڕۆکەی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا بەتەواوی دروستە، کە هەوڵی بەردەوام و

بەرنامەبۆداڕێژراوی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەپێشەوەی خەباتی سەندیکایی و هەڵسووڕان بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدایە، بەڵام ئەگەر ئەم هەوڵە دیاریکراوە لەبزووتنەوەکە جیابێتەوەو ریفۆرمی کۆمەڵایەتی ببێتە ئامانج، ئەوکاتە ئیتر ئەم هەڵسووڕانە، نەک تەنها وەدیهاتنی سۆسیالیزمی وەکو ئامانجی کۆتایی لێ نابێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەشی هەنگاو هەڵدەگرێت.

«کۆنڕاد شمیت» تەنها مل بۆ بزووتنەوەیەکی میکانیکی دەدات و دەڵێت کاتێک دەستپێبکات، ئیتر راوەستانی بۆ نییە. ئەو بۆ پاساودانی ئەو بۆچوونەی دەڵێت: «کاتێک مرۆڤ دەخوات ئیشتیای زۆرتر دەبێت». گوایە چینی کرێکاریش، تا کاتێک گۆڕانکاری کۆتایی سۆسیالیستی بەدی نەهێنێت، بەم چاکسازییانە قەناعەت ناکات. دوایین خاڵی ئەم رستانە بە تەواوەتی درووستە، بێکەڵکی ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداری ئەو راستییە زەمانەت دەکات، بەڵام دەرئەنجامەکەی بەومەرجە دروستە، کە ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان وەکو زنجیرەیەکی بەردەوام و نەگۆڕ بەشێوەی راستەوخۆ، بتوانین لە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆوە بەرەو سۆسیالیزم بچێت، بەڵام ئەوە خۆشباوەڕییە. ئەڵقەکانی ئەوزنجیرە، بەپێی ماهیەتی کاروبارەکەی بەخێرایی دەشکێت و ئەو رێگایانەی کە ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێت لێیەوە بپەڕێتەوە فراوان و جیاواز دەبن.

دواتر بەر لەهەر شتێک، رەنگە گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی تاکتیکیدا رووبدەن، بۆئەوەی بەیارمەتی گشت ئەو ئامرازانە، دەرئەنجامی بەکردەوەی خەبات، واتە ریفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان مسۆگەر بێت. دەستبەجێ دوای ئەوەی ئاکامە هەنووکەییەکان ببێتە ئامانجی سەرەکی، روانگەی چینایەتی و لەئاشتی نەهاتوو، کە تەنها بەمانای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسییە، زیاتر لەجاران بە کۆسپ ئەژماردەکرێت. دەرئەنجامی راستەوخۆی گرتنەپێشی «سیاسەتی قەرەبووکردنەوە» لەلایەن حزبەوەیە و سیاسەتی سات و سەوداو

هەڵوێستی سازانی دیپلۆماتیک بەئاقڵانە ئەژمار دەکرێت، بەڵام بزووتنەوەکە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر سست بمێنێتەوە، چونکە لەجیهانی سەرمایەداریدا ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، جیاواز لەئەوەی چ تاکنیکێک بۆ وەدیهاتنی بەکار ببرێت، گوێزێکی کوێرەو بۆ هەتاهەتایە بەو جۆرە دەمێنێتەوە. هەر بەم بۆنەشەوە هەنگاوی لۆژیکی داهاتوی سەرلێشێواوی و بێ هیوایی لەریفۆرمی کۆمەڵایەتی دەبێت. کارەکە لەدوورگەیەکی هێمندا کۆتایی دێت، کە پرۆفیسۆر شوملێر و شەریکەکان لەدوای دەریاوانی لەئاوەکانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا لەنگەریان خستبوو و سەرئەنجام هەمووشتێکیان بەئیرادەی خودا سپاردو وتیان هەرچی دەبێت ببێت!

سۆسیالیزم لەئاکامی خەباتی رۆژانەی چینی کرێکاردا سەردەکەوێت، نەک بەشێوەی خۆڕسک و لەهەر بارودۆخێکدا. سۆسیالیزم تەنها بەرهەمی ناکۆکییەکانی ئابوری سەرمایەداری (کە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبێت) و تێگەیشتنی چینی کرێکار لەچارەسەرنەکردنی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناکۆکییانە لە رێگەی گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییەوەیە. کاتێک کەرێویزیۆنیزم حاشا لەمەرجی یەکەم دەکات و مەرجی دووهەم رەتدەکاتەوە، بزووتنەوەی کرێکاری بۆ بزووتنەوەیەکی ریفۆرمخوازانە دادەشکێت و لەرێگایەکی راستدا بەئاراستەی وەلانانی بەتەواوەتی روانگەی چینایەتی دەچێت.

ئەم ئاکامانە کاتێک بەرجەستە دەبنەوە، کە لەلایەنێکی دیکەوە بۆ رێڤیزیۆنیزم بڕوانین و خەسڵەتی گشتی ببەینە ژێر پرسیار. ئاشکرایە رێڤیزیۆنیزم، داکۆکی لەپەیوەندییەکانی سەرمایەداری ناکات. وەکو ئابورناسانی بۆرژوا حاشا لە ناکۆکیەکانی سەرمایەداری ناکات. لەبەرامبەردا تیۆرەکەی ئەوان وەکو تێگەیشتنی مارکسیستی ئەم ناکۆکییانە بەفەرمی دەناسێت و ملی پێدەدات، بەڵام لەلایەکی دیکەوە کاکڵەی سەرەکی تیۆری رێڤیزیۆنیستی کە تائەمڕۆ بە شێوەیەکی بنەڕەتی خۆی لە روانگەی سۆسیال دیموکراسی

جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە پشتی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم ناکۆکییانە لە ئاکامی تەکامولی دەرونی ئەو ناکۆکییانەدا نەبەستووە.

تیۆری ڕیڤیزیۆنیستی لەقەراخ دوو جیهانبینیدا دەمێنێتەوەو جێگاوشوێنی ئاسانتر بۆ خۆی دیاریدەکات. ڕیڤیزیۆنیزم نایەوێت ببینێت کە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری بەلوتکە دەگەن و لە ڕێگەی گۆڕانکارییەکی شۆڕشگێڕانەوە هەڵدەوەشێنەوە. لەبەرامبەردا دەیەوێت ئەم ناکۆکییانە کەمبکاتەوە. بەمشێوەیە دەبینین بڕیاروایە بە راگرتنی قەیرانەکان و پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران، ناکۆکی نێوان بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا دابمرکێتەوە، بەباشترکردنی هەلومەرجی کرێکاران و پاراستنی چینی مامناوەند، ناکۆکی نێوان سەرمایەو کار کەم بکرێتەوەو لە ڕێگەی کۆنترۆڵ و دیموکراسییەوە ناکۆکی نێوان دەوڵەتی چینایەتی و کۆمەڵگە کەم بکرێتەوە.

هەڵبەت تاکتیکی ئەمڕۆکەی سۆسیال دیموکراسی، ئەوە نییە هەتا ئەوکاتە ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دەگاتە لوتکە بە چاوەڕوانییەوە دابنیشێت و دەست لەسەر دەست دابنێت. ڕێک بەپێچەوانەوە، جەوهەری تاکتیکی شۆڕشگێرانە لە تێگەیشتن لە ئاڕاستەی ئەو تەکامولەو دواتر توندترکردنەوەی خەباتی سیاسی و بەلوتکە گەیاندنییەتی. ئەمە ئەو شتەیە کە جەوهەری هەموو جۆرە تاکتیکێکی شۆڕشگێڕانە پێکدەهێنێت. بەمشێوەیە دەبینین سۆسیال دیموکراسی، لەگەڵ سیاسەتی میلیتاریستی و گومریکەکان خەباتی کرد، بەبێ ئەوەی چاوەڕوان دابنیشێت، هەتا خەسڵەتی کۆنەپەرەستانەیان بەتەواوەتی ئاشکرا دەبن. سەرەڕای هەموو ئەوانە، تاکتیکەکانی «بێرنیشتاین» لەسەر بنەمای تەکامول و توندتربوونەوەی ناکۆکییەکانی سەرمایەداری دیاری نەکراوە، بەڵکو تەنها دامرکاندنەوەی ئەو ناکۆکیانەی کردووەتە ئامانج و چرای ڕێنمایی ئەوەیە. «بێرنیشتاین» کاتێک ئەم بابەتە بەشێوەیەکی بەرجەستە نیشاندەدات، کە باس لە«خۆڕێکخستن»ی

ئابوری سەرمایەداری دەکات. ئایا ئەم جۆرە تێگەیشتنە لەبنەڕەتدا دەتوانێت دروست بێت؟ سەرجەم ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن بەرهەمی رەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارین. ئەگەر ئەوە دروست بێت، کە سەرمایەداری هەروا بەئاراستەیەکدا هەنگاو هەڵدەگرێت کە ئاێستا هەڵیگرتووە، ئەو دەرئەنجامانە چارەنەکراوە، کە ناکۆکییەکانی لەجێگای ئەوەی دابمرکێنەوە، توندتر و قووڵتر دەبنەوە. ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە ناکۆکیەکانی سەرمایەداری دادەمرکێنەوە، پشت بەوە دەبەستێت، کە گوایە شێوەی بەرهەمهێنان پێش بە گەشەی خۆی دەگرێت. بە کورتی دەبێت بڵێین تیۆری «بێرنیشتاین» ئەو پێشگریمانە بۆخۆی دیاریدەکات، کە تەکامولی سەرمایەداری لەجێگایەکی دیاریکراودا رادەگیردرێت، بەڵام بەمشێوەیە ئەم تیۆرە بەدوو شێوە ئیدانەی خۆی دەکات. لە قۆناغی یەکەمدا لەهەڵوێستیدا سەبارەت بەدامەزراندنی سۆسیالیزم خەسڵەتی یۆتۆپیستی خۆی ئاشکرا دەکات. ئاشکرایە کە تەواوکاری ناتەواوی گۆڕانکاری سۆسیالیستی لێ نابێتەوە. ئەمە راستی و دروستی بۆچوونی ئێمە، سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ئەو تیۆرە دەسەلمێنێت. لە قۆناغی دووەمدا تیۆری بێرنیشتاین کاتێک خەسڵەتی کۆنەپەرەستانەی خۆی ئاشکرا دەکات، کە لەسەر تەکامولی خێراو بەکردەوەی سەرمایەداری قسەدەکات. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ: بە لەبەرچاوگرتنی گەشەی راستەقینەی سەرمایەداری چۆن دەتوانین هەڵوێستی «بێرنیشتاین» روون بکەینەوە، یان بە واتایەکی دیکە خەسڵەتەکەی دیاری بکەین؟

لە بەشی یەکەمدا نیشانماندا ئەو پێشمەرجە ئابورییانەی «بێرنیشتاین» لێکدانەوەی خۆی لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆ (تیۆرەکەی سەبارەت بە»ئامرازەکانی خۆڕێکخستن») دادەنێت، بەهیچ شێوەیەک شایانی بەرگری لێکردن نییە. دیتمان کە نە سیستەمی متمانەیی و نە کارتلەکان، هیچکامیان ناتوانن «ئامرازی خۆڕێکخستن»ی ئابوری سەرمایەداری بن.

نە راوەستانی کاتی قەیرانەکان و نە مانەوەی چینی مامناوەند، نیشانەی خۆڕێکخستنی سەرمایەداری نییە. هەڵبەت هەموو وردەکارییەکانی تیۆری خۆڕێکخستن کەناومان برد (بێجگە لەهەڵە راستەوخۆکانی) تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هاوبەشیان هەیە. ئەم تیۆرە لق و پۆپەکانی ژیانی ئابوری هاوچەرخ بەوشێوەیە نابینێت، کە لەگەڵ سەرجەم تەکامولی سەرمایەداری و میکانیزمەکانی ئابوری سەرمایەداری، پەیوەندییەکی ئۆرگانیک و زیندوویان هەیە. تیۆری بێرنیشتاین ئەم وردەکارییانە لەسەر بەستێنێکی ئابوری زیندوو لادەبات و وەکو بەشە جیاوازەکانی مەکینەیەکی ساردوسڕ تەماشایان دەکات. بۆ وێنە واتای کاریگەری متمانە لەسەر خۆڕێکخستنی سەرمایەداری لەبەرچاو بگرن. ئەگەر متمانەی بازرگانی وەکو قۆناغێکی سروشتی و بەرز لەئاڵوگۆڕپێکردنی کاڵا سەیربکەین، بەوردی بیدەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئیتر ناتوانین وەکو ئامرازی خۆڕێکخستنی میکانیکی (کە لەدەرەوەی پڕۆسەی ئاڵوگۆڕدایە) چاوی لێ بکەین، هەر بەو رادەیە کە ناتوانین پارە، کاڵاو سەرمایە بە»ئامرازی خۆڕێکخستن» لە قەڵەمبدەین. هەڵبەت متمانەیی بازرگانی وەکو پارەو کاڵاو سەرمایە ئەندامێکی ئۆرگانیکی ئابوری سەرمایەداری لە قۆناغێکی دیاریکراو لەتەکامولدایەو لەم قۆناغەدا لەمیکانیزمی ئابوری سەرمایەداریدا دەندەیەکی چارەهەڵنەگرەو، لە هەمانکاتدا ئامرازی رووخانیشیەتی، چونکە ناکۆکییە دەرونیەکانی سەرمایەداری توندتر دەکاتەوە. کارتلەکان و ئامرازەکانی پەیوەندی گرتنی پێشکەوتووش هەر ئەم کارکردەیان هەیە.

«بێرنیشتاین» پێیوایە ئەم تێگەیشتنە میکانیکی و نادیالیکتیکییە لەشێوەی راگیرانی قەیرانەکان نیشانەی ئەوەیە، کە سەرمایەداری توانیویەتی سەرئەنجام «خۆی رێکبخات». ئەو پێیوایە قەیران تەنها پەککەوتنی میکانیزمی ئابوریە. «بێرنیشتاین» پێیوایە بەراگیرانی قەیرانەکان میکانیزمەکەش دەتوانێت بەبێ ئەوەی پەکی بکەوێت بە خەیاڵی ئاسوودە کار بکات، بەڵام راستییەکەی

ئەوەیە کە قەیران «پەککەوتن» نییە، بەواتایەکی دروستتر «پەککەوتن»ێکە کەئابوری سەرمایەداری بەبێ ئەو پەککەوتنە ناتوانێت گەشە بکات، یان بەواتایی دیکە بەبێ قەیران ئەسڵەن ناتوانێت بوونی هەبێت. بەکورتی ئەگەر قەیران تاقە رێگای سەرمایەداری (و بەم پێیە رێگای ئاسایی) بۆ چارەسەرکردنی دەورەیی ناکۆی نێوان پەرەسەندنی بێ سنووری بەرهەمهێنان و چوارچێوەکانی تەسکی بازاڕە، قەیران دیاردەیەکی ئۆرگانیک و جیانەکراوە لەئابوری سەرمایەدارییە.

لەبەردەم پێشکەوتنی «ناپەککەوتن»ی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مەترسییەک لەبۆسەدایە، کە زۆر لەقەیران گەورەترە. ئەم مەترسییە بەهۆی ناکۆکییەکانی بەرهەمهێنان و ئاڵوگۆڕپێکردنی کاڵاوە نییە، بەڵکو بەهۆی گەشەی راندومانیکارە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی رێژەی قازانج بەردەوام بێتەخوارەوە. هاتنەخوارەوەی رێژەی قازانج مەیلێکی زۆر مەترسیدارە، کە بەرهەمهێنان بە سەرمایەی چکۆڵەو مامناوەند نامومکین دەکات و بەم پێیە پێکهێنانی سەرمایەی نوێ و پەرەپێدان بە سەرمایەگوزاری بەرتەسکدەکاتەوە. لە راستیدا قەیرانەکان دەرئەنجامێکی دیکەی ئەم رەوتەن. قەیران دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای سەرمایە، داشکانی نرخی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ئیفلیج بوونی بەشێک لەو سەرمایانەی وەگەڕکەوتوون و درەنگ یان زوو بەر بەچوونەسەرەوەی قازانجەکان دەگرن. قەیرانەکان بەمشێوەیە بوار بۆ سەرمایەگوزاری نوێ و بەم پێیە پێشڕەوی بەرهەمهێنان خۆشدەکەن. هەر بەم بۆنەشەوە ئامرازی هەڵکردنی ئاگری گەشەی سەرمایەدارین. راگیرانی قەیرانەکان (نەک تەنیا راگیرانی کاتی، بەڵکو لەناوچوونی بەتەواوەتی قەیرانەکان ) بەپێچەوانەی ئەوەی «بێرنیشتاین» بیری لێدەکاتەوە، گەشەی زۆرتری ئابوری سەرمایەداری لێ ناکەوێتەوە. بە پێچەوانەوە سەرمایەداری بەرەو گێژاوێک دەبات، کە هاتنەدەر لێی مومکین نییە.

«بێرنیشتاین» هاوکات لەگەڵ بۆچوونی میکانیکی تیۆری «خۆڕێکخستن»، پێویستی قەیرانەکان، هەروەها پێویستی سەرمایەگوزاری نوێی سەرمایەی چکۆڵەو مامناوەند لەبیر دەباتەوە. هەر بەم بۆنەشەوە ئەو پێیوایە پەیدابوونی سەرلەنوێی سەرمایەی بچووک (بێجگە لەشتەکانی دیکە) نیشانەی تەکامولی سەرمایەدارییە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە لە راستیدا ئەمە نیشانەی سستی و قەیران لە سەرمایەدارییە.

هەڵبەت بۆچوونێک هەیە، کە پێیوایە گشت ئەو دیاردانە هەربەو شێوەیە خۆیان دەردەخەن، کە لەلایەن تیۆری «خۆڕێکخستن»ەوە پێشکەشدەکرێت. ئەمە روانگەی سەرمایەداری تاکە، کە لەبیریدا راستییە ئابوورییەکانی دەوروبەر هەربەو شێوەیە رەنگدەدەنەوە، کە لە رەنگدانەوەیان لە یاساکانی کێبڕکێدا دێنە بەرچاو. سەرمایەداری تاک هەرکام لە بەشە ئۆرگانیکەکانی ئابوری سەرمایەداری بەگشت یان بوونێکی سەربەخۆ دەبینێت. بێجگە لەوە کاتێک دەیانبینێت کە وەک سەرمایەدار کاریگەری لەسەردابنێن. بەم پێیە ئەم راستییە ئابورییانە بە«پەککەوتن»ێکی ساکار بە «ئامرازی خۆڕێکخستن» دەبینێت. راگیرانی قەیرانەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی تەمەنی درێژبێتەوە. تا ئەوجێگایەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، متمانە تەنها ئامرازی «خۆڕێکخستن»ی هێزەکانی وەبەرهێنەری سەقەتی ئەو لەگەڵ پێویستییەکانی بازاڕدایە. ئەو پێیوایە ئەو کارتلەی ئەو یەکێک لەئەندامەکانیەتی، بە راستی تێکەولێکەیی پیشەسازی لەنێو دەبات.

بەواتایەکی دیکە، تیۆری خۆڕێکخستنی «بێرنیشتاین» بێجگە لە رەنگدانەوەی تێگەیشتنی سەرمایەداری تاک لە تیۆریدا هیچی تر نییە. ئایا ئەم بۆچوونە لەروانگەی تیۆرییەوە، بێجگە لەلایەنی بنەڕەتی و پێوەری زانستی ئابوری بۆرژوایی، دەتوانێت چی دیکە بێت؟ تەواوی هەڵەی ئابوری ئەو قوتابخانەیە لەو تێگەیشتنەدایە، کە دیاردەی کێبڕکێ لە روانگەی

سەرمایەداری ناکەوە گرنگە، بەهەڵە بەجێگای دیاردەیەکی گشتی، واتە گشت ئابوری سەرمایەداری دادەنێت. هەروەک چۆن «بێرنیشتاین» متمانە بە ئامرازی «خۆڕێکخستن» دەزانێت، ئابوری سەرمایەداری پارە بە ئامرازی ئاقڵانەی «خۆڕێکخستن» لەگەڵ پێویستییەکانی ئاڵوگۆڕی کاڵا دەزانێت، لەهەمانکاتدا ئابوری سەرمایەداری هەوڵدەدات لەناوخۆی سەرمایەداریدا دژەژەهرێک لە دژی خراپەکانی سەرمایەداری ببینێتەوە. ئابوری بۆرژوایی وەک «بێرنیشتاین» باوەڕی بە رێکوپێک بوونی سەرمایەداری هەیەو پێیوایە تێکەولێکەیی ئەو سیستەمە لەناو دەچێت. ئەو ئابوریە هەروەک «بێرنیشتاین» سەرئەنجام درەنگ یان زوو بەو مەیلە دەگات کە ناکۆکیەکانی سەرمایەداری دابمرکێنێتەوە، واتە بەو باوەڕە دەگات، کە دەکرێت برینەکانی سەرمایەداری لەچوارچێوەی ئەو سیستەمەدا چارەسەر بکرێت. بە واتایەکی دیکە کاری ئابوری خۆماڵییانە بە بەرنامەیەکی کۆنەپەرەستانە دەگات، نەک شۆڕشگێڕانە، واتە بە یۆتۆپیا کۆتایی دێت.

بەم پێیە دەتوانین تیۆری رێڤیزیۆنیستی بەوشێوەیەی خوارەوە کورتبکەینەوە: رێڤیزیۆنیزم تیۆرییەکە، کە لەسەر بنەمای ئابوری خۆماڵییانەی بۆرژوایی و بەیارمەتی تیۆری داماوی سەرمایەداری داماوی سۆسیالیزم رادەگەیەنێت.

**بەشی دووهەم: گەشەی ئابوری و سۆسیالیزم**

گەورەترین دەسکەوتی تەکامولی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا، دەرخستنی ئەوخاڵە بوو، کە ئاخێزگەی وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەناوخۆی پەیوەندییە ئابورییەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدایە. (بەواتایەکی دیکە جێ پێی سۆسیالیزم لەناوخۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی سەرمایەداریدا کەشفکرا.و) لەئاکامدا، سۆسیالیزم لە«ئارەزو»یەکەوە کە مرۆڤ هەزاران ساڵە خەونی پێوە دەبینی، بوو بەپێویستییەکی مێژوویی.

«بێرنیشتاین» حاشا لەو راستییە حاشاهەڵنەگرە دەکات، کەپێشمەرجە ئابوریەکانی سۆسیالیزم هەر لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەی ئەمڕۆدایە. بەوپێیە، هۆکار هێنانەوەکەی گۆڕانکارییەکی سەیری بەسەردا هات. ئەو سەرەتا لە»نۆیە تێسایت»دا ئامارەکانی پیشەیی ئەڵمانیای لەساڵی 1882 و 1895 هەڵسەنگاندن و تەنها خێرایی رەوتی قوڵبوونەوەی سەرمایەی لەپیشەسازیدا بردە ژێر پرسیارەوە. ئەو بۆ ئەوەی ئەو ئامارانە بۆ ئامانجەکەی خۆی بەکارببات، ناچاربوو پەنا بۆ شێوەی سەرسەری و میکانیکی ببات، بەڵام تەنانەت لەباشترین حاڵەتیشدا ئاماژەی ئەو بەسەقامگیری ناوەندە مامناوەندەکان بچووکترین خەوشێک ناخاتە نێو لێکدانەوەکانی مارکسەوە، چونکە ئەم لێکدانەوانە، نە خێرایی دیاریکراوی قوڵبوونەوەی پیشەسازی، واتە مۆڵەتی کەسی بۆ وەدیهاتنی گۆڕانکاری سۆسیالیستی دادەنێت و نە لە ناوچوونی سەرمایە بچووکەکان (یان لەناوچوونی وردەبۆرژوازی) وەکو مەرجی پێویستی بەدیهاتنی سۆسیالیزم دێنێتە گۆڕێ.

«بێرنیشتاین» لەکتێبەکەیدا لەپێداچوونەوەی دوایی بەسەر بۆچوونەکانیدا، هەندێک نیشانەی نوێمان پێشکەشدەکات: ئامارەکان سەبارەت بەدامەزراوەکانی پشک. ئەو پێیوایە ئەم ئامارانە نیشانیدەدەن، کە ژمارەی خاوەن پشکەکان بەردەوام روو لەزیادبوونن و لەئاکامدا چینی سەرمایەدار نەک تەنها بچووکتر نابێتەوە، بەڵکو بەردەوام گەورەتر دەبێت. سەیر لەوەدایە کە»بێرنیشتاین» زۆر بەکەمی کەرەستەی خۆی دەناسێت و نازانێت بەچ شێوەیەک ئەم داتایانە بە قازانجی خۆی بەکار ببات.

ئەگەر ئەو دەیویست بەئاماژەکردن بەبارودۆخی دامەزراوەکانی پشک یاسای مارکسی سەبارەت بەگەشەی پیشەسازی رەت بکاتەوە، دەبوایە دەستەو داوێنی ئاماری زۆر جیاوازتر بوایە. بە واتایەکی دیکە هەرکەس کە لەسەر مێژووی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا زانیاری هەبێت، دەزانێت کە ئاستی

مامناوەندی سەرمایەی سەرەتایی ئەوان، هەمیشە روو لە دابەزین چووە. ئەو رەوتە بەمشێوەیە بووە: لەحاڵێکدا کە بەر لەساڵی 1871 ئاستی مامناوەندی سەرمایەی پێویست بە 10.5 ملیۆن مارک گەیشتبوو، لەساڵی 1871 ئەو رێژەیە تەنها 10.4 ملیۆن مارک، لەساڵی 1873 تەنها 8.3 ملیۆن و لەساڵی 1882 هەتا 1887 کەمتر لەیەک ملیۆن مارک بوو. لەساڵی 1891، 560 هەزار مارک و لەساڵی 1892 تەنها 620 ملیۆن بوو. لەم رێکەوتەوە ژمارەکان لەدەوروبەری یەک ملیۆن مارکدا بەرز و نزم دەبوونەوە، لەحاڵێکدا کە ساڵی 1895، 78.1 ملیۆن مارک بوو، ئەو رێژەیە لەنیوەی یەکەمی ساڵی 1897 بۆ 19.1 ملیۆن مارک دابەزی.

چ ژمارەیەکی سەرسوورهێنەرە! رەنگە «بێرنیشتاین» هیوادار بووە، کە لەو ژمارانە بۆ نیشاندانی مەیلێکی دژەمارکسی، واتە پەڕینەوەی ناوەندە گەورەکان بۆ ناوەندە بچووکەکان کەڵکوەربگرێت، بەڵام هەمووان دەتوانن لەو بوارەدا وەڵامی «بێرنیشتاین» بدەنەوە: ئەگەر دەتانەوێت بەم رەقەمانە شتێک بسەلمێنن، دەبێ بەر لەهەر شتێک نیشانیبدەن، کە ئەم ئامارانە سەبارەت بەلقێکی دیاریکراوی پیشەسازییەو بەراستی ناوەندە بچووکەکان جێگای ناوەندە گەورەکان دەگرنەوە و ئەم ناوەندانە تەنها لەو جێگایەدا سەربەرز ناکەنەوە کە پێشتر ناوەندی بچووک، پیشەسازی پیشەگەری یان پیشەسازی ورد زاڵبووە، بەڵام ناتوانن ئەمانە بسەلمێنن. پەڕینەوە لەکۆمپانیاکانی پشکی زۆر گەورەوە بۆ ناوەندە مامناوەند و بچووکەکان، تەنها دەتوانێت بەومانایە بێت، کە سیستەمی کۆمپانیاکانی پشک هەمیشە رەخنە دەکاتە نێو لقی نوێ و لقەکانی پیەشازی دادەگرێت. پێشتر تەنها ژمارەیەکی کەم لەناوەندە گەورەکان وەکو دامەزراوەی پشک رێکدەخران. بەشێنەیی رێکخراوی پشک بەسەر ناوەندە مامناوەند و بچووکەکاندا زاڵبوو (بەشێوەیەک کە ئەمڕۆ دەتوانین ئەو ناوەندانە ببینین کە سەرمایەکەیان کەمتر لە 100 مارکە.)

بەڵام گرنگی ئابوری ئەم پەرەسەندنەی سیستەمی شەریکەکانی پشک لەچیدایە؟ ئەم شەریکانە کۆمەڵایەتی بوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتری بەرهەمهێنان (کۆمەڵایەتی بوونی نەک تەنها بەرهەمهێنانی گەورە، بەڵکو لەهەمانکاتدا بەرهەمهێنانی مامناوەندو ورد) لەچوارچێوەی شێوەی سەرمایەداری نیشاندەداتـ. بەم پێیە پەرەسەندنی شەریکەکانی پشک نەک تەنها تیۆری مارکسی ڕەتناکاتەوە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە بە ڕوونی پشتگیریدەکاتـ.

دیاردەی ئابوری دامەزراوەی پشک لەکردەوەدا چی نیشاندەداتـ؟ لەلایەکەوە کۆبونەوەی ژمارەیەک سەروەتـ و سامانی ورد لە سەرمایەیەکی وەبەرهێنەری گـەورە نیشاندەداتـ و لەلایەکی دیکەوە جیابوونەوەی بەرهەمهێنان لەخاوەندارێتی سەرمایەداری نیشاندەداتـ. بەواتایەکی دیکە ئەمە باس لە سەرکەوتن بەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەکاتـ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەهێشتا لەسەر بناغەیەکی سەرمایەدارانەیە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو ئامارانەی «بێرنیشتاین» سەبارەتـ بەژمارەیەکی زۆر لەخاوەن پشکەکان کە لەناوەندەکانی سەرمایەداریدا بەشداریدەکەن، هێناویەتەوە بەچ مانایەکە؟ ئەم ئامارانە نیشانیدەدەن ئەمڕۆکەش ناوەندەکانی سەرمایەداری لەگەڵ خاوەنێکی سەرمایەدا ناتەبان و سەرمایەداری ناچارە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەشێوەی کاتی، گروپێک سەرمایەدار دیاریبکاتـ، گروپێک کە ڕۆژ بەرۆژ ژمارەیان زیاتر دەبێتـ. لەئاکامدا ئیتر «سەرمایەدار» لەواتای ئابوریدا بەیەک کەسی دیاریکراو ناڵێن. ئەمڕۆکە سەرمایەداری پیشەسازی یەکەیەکی بەکۆمەڵە، کە لەسەدان و بگرە هەزاران کەس پێکهاتووە. چەمکی «سەرمایەدار» لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بووەتە چەمکێکی کۆمەڵایەتی. ئەم چەمکە کۆمەڵایەتی بووەتەوە.

بەسەرنجدان بەوەی پێشتر باسمانکرد، چۆن دەتوانین ئەو باوەڕەی

«بێرنیشتاین» روون بکەینەوە کە دیاردەی دامەزراوەکانی پشک دەبنەهۆی پەرشوبڵاوی و قوڵبونەوەی سەرمایەی لێ نابێتەوە؟ بۆچی «بێرنیشتاین» شتێک کە مارکس ناوی دەنێت: «سەرکوتی خاوەندارێتی سەرمایەداری»، بە پەرەسەندنی سەرمایە دەزانێت؟ ئەمە هەڵەیەکی سادەی ئابوریناسی بۆرژواییە. «بێرنیشتاین» وەکو چەمکێکی بەرهەمهێنان چاو لە«سەرمایەدار» ناکات، بەڵکو وەک مافێکی یاسایی بۆی دەڕوانێت. وەکو ناوەندێکی ئابوری لەبەرچاوی ناگرێت، بەڵکو وەکو یەکەیەکی دارایی ئەژماری دەکات. ئەو لەئەنجامەکانیدا گشت بەرهەمهێنان ئەژمار ناکات، بەڵکو چەندایەتییەکی دیاریکراو لەپارە دەبینێت. هەربەم بۆنەشەوە لەتراستی بەنی بەریتانیادا تێکەڵبوونی 12300 سەرمایەدار نابینێت، بەڵکو 12300 سەرمایەداری جیا لەیەک دەبینێت. هەربەم هۆیەشەوەیە، کە ئەندازیارێک بەناوی شوڵتز، بەجیازی ژنەکەی لەبازاڕی پشکی مولێردا «پشکێکی زۆر»ی کڕیوە، لەروانگەی بێرنیشتاینەوە سەرمایەدارە (لاپەڕەی 53). هەر بەم بۆنەشەوەیە، کە بێرنیشتاین پێیوایە تەواوی جیهان پڕە لەسەرمایەدار.

لێرەشدا وەک پێشتر هەڵەکانی ئابوری خۆماڵیانەی بۆرژوایی تەنها بوارێک بۆ «بێرنیشتاین» خۆش دەکات بۆ ئەوەی سۆسیالیزم خۆماڵی بکاتەوە. ئەو چەمکی «سەرمایەدار» لەپەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە بۆ پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی دەگوازێتەوەو «بەجێگای خاوەنکارەکان، قسە لە تاکەکان دەکات» (لاپەڕەی 52) و بەمشێوەیە سۆسیالیزم لەبەرهەمهێنان دەردێنێت و دەیخاتە پەیوەندییەکانی خاوەندارێتی و سامانەوە، واتە لەپەیوەندییەکانی سەرمایەو کارەوە بۆ پەیوەندییەکانی دەوڵەمەندان و هەژاران دەیگوازێتەوە.

بەمشێوەیە بەخێر و خۆشی لەمارکس و ئەنگلسەوە بەنوسەری «مژدە بەماسیگری هەژار» دەگەین، جیاوازی تەنها لەوەدایە کەوایتلینگ بەغەریزەی

پڕۆلیتاری خۆی، ناکۆکییه چینایەتییەکان لەشێوەی سەرەتاییداو لەناکۆکی هەژار لەگەڵ دەوڵەمەندندا دەرک دەکات و دەیەوێت ئەم ناکۆکییانە بکاتە ئامرازی بزووتنەوەی سۆسیالیستی. ئەوە لە کاتێکدایە کە«بێرنیشتاین» ئاسۆی وەدیهاتنی سۆسیالیزم لەدەوڵەمەندبوونی هەژاران، یان بەواتایەکی دیکە دامرکاندنەوەی ناکۆکییە چینایەتییەکاندا دەبینێت. هەر بەم بۆنەشەوە، «بێرنیشتاین» ڕێگای وردەبۆرژوایی گرتۆتەبەر.

بێگومان بێرنیشتاین دەست و باڵی خۆی سەبارەت بەداهات و دەرامەت بەئامارەکانەوە نابەستێتەوە. ئامارەکانی ناوەندە ئابوریەکان لە ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانی سەرمایەداری بەدەستدێنێت: ئەڵمانیا، فەرەنسا، بەریتانیا، سویسرا، نەمسا و ویلایەتە یەکگرتووەکان. بەڵام ئەمانە چ جۆرە ئامارێکن؟ ئەم ڕەقەمانە ئاماری قۆناغی جۆراوجۆری وڵاتێک نین، کە هەڵسەنگێندرابن، بەڵکو ئامارەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەقۆناغێکی دیاریکراون. بەمشێوەیە بێجگە لە ئەڵمانیا، کە سەرلەنوێ جیاوازی کۆنی ئامارەکانی ساڵی 1882 و 1895ی بڵاوکردووەتەوە، ئاماری ناوەندەکانی وڵاتێکی دیاریکراو لەقۆناغە جۆراوجۆرەکان ناهێنێتەوە، بەڵکو تەنها ئامارەکانی وڵاتانی جۆراوجۆر لەقۆناغێکی دیاریکراو دێنێتەوە: بەریتانیا ساڵی 1891، فەرەنسا ساڵی 1894، ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی 1890 و هیتر. ئەو بەو دەرئەنجامە دەگات، کە «ئەگەرچی ئەمڕۆکە چەوسانەوەیەکی بەرین باڵی بەسەر پیشەسازیدا کێشاوە (لەوانە لەو ناوەندانەی کە بەپیشەسازی وابەستەن)، بەڵام تەنانەت لەوڵاتێکی گەشەکردووی وەکو پڕوسیا لانیزۆرەکەی، تەنها نیوەی خەڵک لەبەرهەمهێناندا کار دەکەن. (لاپەڕەی 98) لە ئەڵمانیا، بەریتانیاو بەلجیکاو هیتریش دۆخەکە هەر بەو جۆرەیە.

ئەوەی «بێرنیشتاین» بەوشێوەیە دەیسەلمێنێت، ئەوە نییە کە ئەم یان ئەو مەیلی تەکامولی ئابوری هەیە یان نا، بەڵکو تەنها ڕێژەی هێزی

شێوە جۆراوجۆرەکانی دامەزراوەکان، بەشێوەی رەها یان بەواتایەکی دیکە چەندین جۆر پیشەیە. ئەگەر بڕیاروایە ئەوە بسەلمێندرێت، کە سۆسیالیزم ئیمکانی نییە، ئەو شێوەیە لەهۆکارهێنانەوە پشت بەتیۆرێک دەبەستێت، کە بەپێی ئەو تیۆرە، ژمارە و رێژەی فیزیکی هێزە دژ بەیەکەکان و بەم پێیە فاکتەری توندوتیژی، چارەنووسی هەوڵە کۆمەڵایەتییەکان دیاریدەکات. «بێرنیشتاین» کە هەمیشە هێرش دەکاتە سەر بلانکیزم، لێرەدا بۆ خۆی تووشی خراپ لێ تێگەیشتنێکی بلانکیستی دەبێت. هەڵبەت جیاوازییان لەوەدایە، کە بلانکیسنەکان وەکو مەیلێکی سۆسیالیستی و شۆڕشگێڕ وایاندادەنا، کە سۆسیالیزم هەر دەبێت وەدیبێت و لەو روانگەیەوە دەجولان. هەربەو بۆنەشەوە روویان لە شۆڕشی توندوتیژ ئامێز دەنا (تەنانەت بە کەمینەیەکی بچووکیشەوە). «بێرنیشتاین» رێک بەپێچەوانەوە کەمبوونی ژمارەی خەڵک بۆ وەدیهێنانی سۆسیالیزم، بەمانای مەحاڵ بوونی سۆسیالیزم دەزانێت. سەرەڕای ئەوە سۆسیال دیموکراسی چاوەڕوانی ئەوە نییە، کە لەئاکامی توندوتیژی سەرکەوتووانەی کەمینەیەک یان زۆرتربوونی زۆرینە لە بواری ژمارەوە بەئامانجی خۆی بگات، بەڵکو سۆسیالیزم بەپێویستییەکی ئابوری دەزانێت. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک لە ئاستی جەماوەریدا ئەم زەرورەتەیان بۆ رۆشن بێتەوە، جەماوەری خەڵک دەتوانن سەرمایەداری تێکەوە هەڵپێچن. ئەم پێویستییە بەر لەهەر شتێک لەتێکەولێکەیی سەرمایەداریدا خۆی دەردەخات.

«بێرنیشتاین» تەنانەت سەبارەت بەکێشەی چارەنووسسازی تێکەولێکەیی لەئابوری سەرمایەداری تەنها حاشا لە قەیرانی گەورە و گشتی دەکات، نەک قەیرانی وردو نەتەوەیی. ئەو بەمشێوەیە حاشا لەوە دەکات کەتێکەولێکەییەکی گەورە هەیە. «بێرنیشتاین» لەهەمانکاتدا دان بەوەدا دەنێت کەتێکەولێکەیی بچووک هەیە. وەک مارکس دەڵێت: بۆچوونی «بێرنیشتاین» سەبارەت بەئابوری سەرمایەداری وەکو ئەو ژنە کە بانگەشەیدەکرد داوێن

پاکە، بەڵام منداڵێکی هەیە، (منداڵەکەی بچووکە) وایە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە گەورەیی و بچووکی لەبابەتی وەکو ئێکەولێکەییدا بە یەکسان رووخێنەرن. ئەگەر «بێرنیشتاین» ئێکەولێکەیی بچووک بە فەرمی دەناسێت، بەپێی میکانیزمی ئابوری کاڵایی، ئەو ئێکەولێکەییە لەئاستێکی بێ وێنەدا لێکهەڵوەشانی لێدەبێنەوە، بەڵام ئەگەر هیواداره سیستەمی بەرهەمهێنانی کاڵایی بپارێزێت و ئەم وردە ئێکەولێکەییانە هاوئاهەنگ و کۆنترۆڵ بکات، جارێکی دیکە تووشی یەکێک لە هەڵە بنەڕەتییەکانی ئابوری بۆرژوایی دەبێت و شێوەی ئاڵوگۆڕ پێکردنی کاڵا سەربەخۆ لەشێوەی بەرهەمهێنان لێکدەداتەوە.

لێرەدا ناتوانین بەتێر و تەسەلی سەرلێشێواوی سەرسووڕهێنەری «بێرنیشتاین» لەسەر سەرەتایی ترین بنەماکانی ئابوری سیاسی نیشان بدەین، بەڵام پێویستە خاڵێک کە بەهۆی کێشەی بنەڕەتی ئێکەولێکەیی سەرمایەدارییەوە دێتەگۆڕێ، بە کورتی روون بکەینەوە.

«بێرنیشتاین» رایدەگەیەنێت، کە تیۆری بەهای مارکس بە تەواوی روتەڵییە. ئەو پێیوایە ئەم دەستەواژەیە لەقامووسی ئابوری سیاسیدا بە ئاشکرا واتا سووکایەتییە، بەڵام ئەگەر تیۆری بەهای مارکس تەنها روتەڵییە، ئەگەر تەنها «بەرهەمێکی خەیاڵی»یە (لاپەڕەی 38)، هەر هاوڵاتییەک، کە خزمەتی خۆی بەجێگەیاندبێت و باجی خۆی بدات، هەقیەتی، وەکو کارڵ مارکس لەهەڵیت و پەڵیتەکانی خۆی «بەرهەمێکی خەیاڵی» و یاسای بەهای تایبەت بەخۆی ساز بکات.»هەروەک چۆن مارکس هەقیەتی تا ئەو رادەیە چاوپۆشی لەتایبەتمەندییەکانی کاڵاکان بکات، کە بێجگە لە رەنگدانەوەی چەندایەتی کاری سادەی مرۆیی هیچیتر نەبن، ئابوریناسانی مەکتەبی «بوهێم-جۆنز»یش هەقیانە بێجگە لە سودمەندی کالاکان، لە هەموو کوالیتییەکی دیکەی چاوپۆشی بکەن» (34).

بەمشێوەیە» بێرنیشتاین» پێیوایە کاری کۆمەڵایەتی مارکس و سوودمەندی روتەڵی مەنگێر وەک یەک وان و هەر دووکیان داماڵڕاوی رووتن. «بێرنیشتاین» لەم بابەتەوە لەبیری دەباتەوە کەداماڵڕاوی مارکس جۆرێک لەداهێنان نییە، بەڵکو کەشفێکە. ئەم داماڵڕاوییە لەمێشکی مارکسدا نییە، بەڵکو لەئابوری کالاییدا وجوودی هەیەو لەمێشکی مارکسدا رەنگدەداتەوە. لەخەیاڵدا نییە، بەڵکو لەکۆمەڵگەدایە، ئەوەندە هەقیقییە، کەدەتوانین بیبڕینەوە، بیرازی بکەین، کێشی هەڵسەنگێنین و بەو پێیە سیکە زەرب بکەین. هێزی کاری داماڵڕاوی مرۆڤ، کە لەلایەن مارکسەوە کەشفکرا، لە شێوەی گەشەکردووی خۆیدا، بێجگە لەپارە هیچی تر نییە. ئەمە یەکێک لەدرەوشاوەترین کەشفەکانی مارکسە. ئەوە لەکاتێکدایە کە گەوهەری پارە بۆ تەواوی ئابورناسانی سیاسی بۆرژوایی، لە یەکەم مێرکانتلیستەکان ەوە بگرە تا دوایین کلاسیکەکان، وەکو کتێبێکی پلۆمپ و داخراو مابووەوە.

ئـەوە لەکاتێکدایە کە سوودمەندی دامـاڵـڕاوی بوهێم-جۆنز، پێکهاتەیەکی خەیاڵی رووتە. یان بەواتایەکی دیکە بەرهەمی بیرێکی پووچ و روانگەیەکی پووچە، کە نە سەرمایەداری و نە هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە بەرپرسی نییە، بەڵکو ئابوری بۆرژوایی خۆماڵی بەرپرسیەتی. بێرنیشتاین، بوهێم و جۆنز و سەرجەم ئەنجومەنی سستی زەینگەراکان بەم «بەرهەمە خەیاڵییە» دەتوانن بۆ ماوەی بیست ساڵی رەبەق لەبەرامبەر پرسیاری پارەدا دابنیشن و چۆکدابدەن، بەبێ ئەوەی بەچارەسەرێک بگەن، ئەوە لەکاتێکدایە کە هەموو پینە چییەک دەزانێت: پارە شتێکی «بەسوود»ە.

«بێرنیشتاین» بەمشێوەیە تێکڕای تێگەیشتنی خۆی لەیاسای بەهای مارکس لەدەستداوە. سەرەڕای ئەوە، هەرکەس کە تۆزێک لەئابوری مارکسی تێگەیشتبێت، دەتوانێت بزانێت کە بەبێ یاسای بەها، تێکڕای سیستەمی مارکسی مانایەکی نییە. بە واتایەکی دیکە بەبێ تێگەیشتن لە ماهیەتی کالاو

ئاڵوگۆڕپێکردنی، سەرجەم ئابوری سەرمایەداری بە زنجیرەکانیەوە هەروا وەک پرسیارێکی بێ وەڵام دەمێنێنەوە.

بەڵام ئەو کلیلە ئەفسوناوییە چییە کە مارکس توانی دەرگا بەرەوڕووی قووڵترین نهێنی دیاردەکانی سەرمایەداری بکاتەوە و ئەو کێشانە چارەسەر بکات، کە تەنانەت بەبیری بەرجەستەترین بیرمەندانی ئابوری سیاسی کلاسیکی بۆرژوایی، وەکو ئادام سمیث و ریکاردۆش دا نەهاتبوو؟ (ئەو کلیلە ئەفسووناوییە) بێجگە لەوەی کە ئەو وەکو دیاردەیەکی مێژوویی چاوی لەسەرجەم ئابوری سەرمایەداری دەکرد، هیچیتر نەبوو. ئەو مێتۆدە توانای بە مارکس بەخشی، کە نەک تەنیا وەک باشترین ئابوریناسان ئاوڕی لە رابردووی سەرمایەداری (دەرەبەگایەتی) دەدایەوە، بەڵکو گۆشە نیگایەکیشی لە داهاتووی سۆسیالیستی هەبوو. نهێنی تیۆری مارکس سەبارەت بە بەها، لێکدانەوەی سەبارەت بەپارە، تیۆرەکەی دەربارەی سەرمایە، تیۆرییەکەی سەبارەت بە رێـژەی قازانج و سەرجەم سیستەمی ئابوری هەبوو لە تێگەیشتنی ماهیەتی کاتی ئابوری سەرمایەداری، لێکهەڵوەشانیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەر ئەو شتەی کە لەلایەنێکی دیکەوە، تەنها ئامانجی کۆتایی، واتە سۆسیالیزمە. بەهۆی ئەوەی کە مارکس لەروانگەی سۆسیالیستییەوە، واتە لە روانگەی مێژووییەوە چاوی لە سەرمایەداری دەکرد، توانی گرێ کوێرەکانی ئابوری سەرمایەداری بکاتەوە، هەروەها بەهۆی ئەوەی کە بۆ شیکردنەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، مێتۆدی سۆسیالیستی بەکارهێنا، لەجێگاوشوێنێکدابوو کە دەیتوانی سۆسیالیزم لەسەر بناغەیەکی زانستی دابنێت.

ئەمە ئەو پێوانەیە، کە دەتوانین لەسەر بنەمای تێبینییەکانی «بێرنیشتاین» لە کۆتایی کتێبەکەی، واتە لەوێدا کە سکاڵا لە«دژبەری» لە«هەموو جێگایەکی بەرهەمە مەزنەکەی مارکس» (کاپیتاڵ) دەکات،

هەڵسەنگێنین. «دژبەری لەوەدایە، کە ئەم بەرهەمە دەیەوێت خوێندنەوەیەکی زانستی بێت، لەهەمانکاتدا تێزێک بسەلمێنێت، کە دەمێک ساڵ لەوەوپێش بە تەواوەتی بیرازکرابوو. ئەم بەرهەمە پشتی بەگەڵاڵەیەک بەستووە، کە هەر لەپێشدا ئەو دەرئەنجامەی تێدایە، کە نوسەر دەیەوێت پێیبگات. بە واتایەکی دیکە شتێک کە دەبێت بەهۆی تەکامولەوە بەدەستبێت، هەر لە سەرەتاوە بێگومان ناودەبرێت. گەڕانەوە بۆ مانیفێستی کومۆنیست، واتە بۆ ئامانجی سۆسیالیستی بە روونی پاشماوەکانی یۆتۆپیستی لە سیستەمی مارکس دەسەلمێنێت.» (لاپەڕەی 210)

سەرەڕای هەموو ئەوانە «دەوالیزمی» مارکس بێجگە لەناکۆکی سۆسیالیزمی داهاتوو و سەرمایەداری ئەمڕۆ، کار و سەرمایە، پڕۆلیتاریا و بۆرژوازی هیچیتر نییە. ئەمە رەنگدانەوەی زانستی ئەو ناکۆکییەیە، کە لەکۆمەڵگەی بۆرژواییدا لە ئارادایە، واتە دژبەری ناکۆکییە چینایەتییەکانی بۆرژوازییە.

کاتێک کە«بێرنیشتاین» ئەو دژبەرە تیۆرییە لای مارکس بە»پاشماوەی یۆتۆپییزم» لەقەڵەمدەدات، لە راستیدا تەنها بەوبۆنەوەیە، کە بەشێوەیەکی گەمژانە ناکۆکی مێژوویی کۆمەڵگەی بۆرژوازیی و بوونی ناکۆکییە چینایەتییەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری رەتدەکاتەوە و لەسەر ئەو باوەڕەیە، سۆسیالیزم تەنها «پاشماوەیەکی یۆتۆپیا»یە. یەکپارچەیی تیۆری «بێرنیشتاین» یەکپارچەیی سیستەمی سەرمایەداری هەتاهەتایی کراو، یەکپارچەیی تیۆری سۆسیالیستییە، کە ئامانجەکەی وەلاناوە و بڕیاریداوە لە ناو کۆمەڵگەی بۆرژوازیی، تاقانەو نەگۆڕدا شوێنی ئامانجی گەشەی مرۆڤ بگرێتەوە.

ئەگەرچی «بێرنیشستاین» ناکۆکی لەپێکهاتەی ئابوری سەرمایەداریدا دەبینێت و گەشەی سۆسیالیزم لەبەرچاو ناگرێت، بەڵام بۆئەوەی لانیکەم بەشێوەیەکی رواڵەتی بەرنامەی سۆسیالیستی رزگاربکات، ناچارە پەنا بۆ

تەکامولێک بباث، کە لەدەرەوەی چوارچێوەی ئابوریدایەو لەپێکهاتەیەکی ئایدیالیستیدا بەدوای ئەو ناکۆکییانەدا دەگەڕێث. ئەو ناچارە سۆسیالیزم لەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو لەتەکامولی کۆمەڵایەتییەوە بۆ «بنەمایەک»ی داماڵراوی دابشکێنێث. لەم بابەتەوە «بنەمای یاریدەدەری گشتی» جێگای سەرنجی «بێرنیشتاین» کە دەبێث ئابوری سەرمایەداری پێ بڕازێندرێتەوە (واتە ناسکترین «توێژی پاشماوە»ی ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم) بە مانای دانپێدانانی تیۆری بۆرژوایی ئەو بەداهاتووی سۆسیالستی نییە، بەڵکو بەواتای دانپێدانان بەرابردووی سۆسیالیستی بێرنیشتاینە.

یەکێتییە کرێکارییەکان، کۆمەڵە عەروەزییەکان و دیموکراسی سیاسی

...بێرنیشتاین پێیوایە دیموکراسی قۆناغێکی چارەسەرنەکراو لە تەکامولی کۆمەڵگەی مۆدێرنە. ئەو و تیۆرسێنەکانی بۆرژوازی لەسەر ئەو باوەڕەن، کە دیموکراسی بەگشتی یاسایەکی بنەڕەتی گەورەی تەکامولی مێژووییە، کە دەبێث هەموو هێزە چالاکەکانی گۆڕەپانی سیاسی بۆ وەدیهاتنی تێبکۆشن. هەڵبەث ئەو باوەڕە لەوجۆرە فۆرمە رەهادا بەتەواوەتی هەڵەیە. بێرنیشتاین تەنها بەشێوەی رووکەشی و وردەبۆرژوایی دیموکراسی کلک و گوێ قرتاو و بەرتەسکی بۆرژوایی وەک سەرمەشقی خۆی دادەنێث، قۆناغێک کە بەزەحمەث تەمەنی بەبیست و پێنج، یان سی ساڵ دەگاث. کاتێک بەوردی تەکامولی مێژوویی دیموکراسی، لەهەمانکاتدا مێژووی سیاسی گشتی سەرمایەداری لێکدەدەینەوە، بە دەرئەنجامی زۆر جیاواز دەگەین.

پێویستە سەبارەث بە گەشەی مێژوویی دیموکراسی بڵێین، کە لەفۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، لەوانە لە کۆمەڵە کومۆنیستییە سەرەتاییەکاندا، لە دەوڵەتانی کۆیلەداری سەردەمی کەونارادا و لەشار-کومۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا نیشانەگەلێک لەدیموکراسی دەبینین. هەر بەمشێوەیە لەپاشایەتی رەهاو مەشروتەشدا، یان لەپەیوەندی و هەلومەرجی

جۆراوجۆردا دەیبینین. لەلایەکی دیکەوە سەرمایەداری وەکو شێوەیەکی بەرهەمهێنان لەهەمان سەرەتاوە لەشار-کومۆنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا، ناوەندێکی دیموکراتیکی پێکهێنا. دواتر لەشێوەیەکی گەشەکردووتردا، واتە مانۆفاکتەر وەکو سیستەمێکی دیاریکراوی بەرهەمهێنان لە دەسەڵاتی پاشایەتیدا شێوەی سیاسی هاوتەریب لەگەڵ قازانج و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆی دۆزیەوە. سەرئەنجام سەرمایەداری ئابورییەکی گەشەکردووی لەفەرەنسا پێکهێناو پێ بەپێی ئەو گەشەیە بەڕیز شێوەی کۆماری دیموکراتیک (1793)، دەسەڵاتی پاشایەتی رەهـای ناپلیۆنی یەکەم، دەسەڵاتی ئەرستۆکراسی سەردەمی گـەڕانـەوەی پاشایەتی (1815–1830)، دەسەڵاتی پاشایەتی مەشروتەی بۆرژوایی لویی فیلیپ و جارێکی دیکە کۆماری دیموکراتیک و سەرلەنوێ دەسەڵاتی پاشایەتی ناپلیۆنی سێیەم و سەرئەنجام بۆ جاری سێیەم دەسەڵاتی کۆماری دامەزراند. لە ئەڵمانیا تاقە ناوەندی دیموکراتیک، واتە مافی دەنگدانی گشتی دەسکەوتی لیبراڵیزمی بۆرژوایی نەبوو. مافی دەنگدانی گشتی لەئەڵمانیا تەنها ئامرازیک بۆ تێکەڵکردنی ویلایەتە بچووکەکان بوو و گرنگی بۆ گەشەی بۆرژوازی ئەڵمانیا هەر تا ئەو ئاستەیە، ئەگینا ئەگەر وا نەبووایە بەدەسەڵاتی مەشروتەی نیوەفیۆدالی قەناعەتی دەکرد. سەرمایەداری لەرووسیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە رژیمێکی سەرەڕۆی رۆژهەڵاتیدا خۆی دەرخست، بەبێ ئەوەی بۆرژوازی حەزێکی ئەوتۆی لەدیموکراسی بێت. مافی دەنگدانی گشتی لەنەمسا زیاتر لەهەر شتێک فریادڕەسی رزگاری پاشایەتی لە فەوتانە. سەرئەنجام سەبارەت بە بەلجیکا دەبێت بڵێین: بێگومان گەیشتن بە مافی دەنگدانی گشتی لەلایەن بزووتنەوەی کرێکارییەوە بەرهەمی لاوازی میلیتاریزم و بارودۆخی جوگرافیایی و سیاسی تایبەتی ئەو وڵاتەیە. بەر لەهەر شتێک دەبێت بڵێین، کە ئەم «وردە دیموکراسییە» بۆرژوازی دەستەبەری نەکردووە، بەڵکو لەدژی بۆرژوازی بەدەستهاتووە.

کاتێک قووڵتر ورددەبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت. گەشەکردنی بەردەوامی دیموکراسی، کە ڕیڤیزیۆنیزم و لیبراڵیزمی بۆرژوایی پێیانوایە وەکو یاسای بنەڕەتی مێژووی مرۆڤ سەرهەڵدەدات، لای کەم لەمێژووی مۆدێرندا، تەنها تارماییەو هیچیتر. هیچ پەیوەندییەکی ڕەهاو گشتی لەنێوان گەشەی سەرمایەداری و دیموکراسیدا نییە. دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە بەرهەمی سەرجەم هۆکارە سیاسی، ناوچەیی و دەرەکییەکانە. ئەمشێوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی سنوورەکانی خۆیدا، شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێت، لەپاشایەتی ڕەهاوە بگرە هەتا کۆماری دیموکراتیک.

بەم پێیە دەبێ هیوا بەجێگیرکردنی یاسای گشتی گەشەی مێژوویی دیموکراسی، تەنانەت لەچوارچێوەی کۆمەڵگەی مۆدێڕن بخەینە ژێر گڵ. ئەگەر چاوێک لەقۆناغی ئێستای مێژووی بۆرژوایی بکەین، لەو بارودۆخە سیاسیەدا هەندێک هۆکار دەبینین، کە نیشانیدەدەن، نەک تەنها نیمچەگەلاڵەکانی «بێرنیشتاین» مەحاڵە بەدیبێن، بەڵکو کۆمەڵگەی بۆرژوایی، تەنانەت ئەو دەسکەوتە دیموکراتیکانەی، کە تائێستا بەدەستهاتووە، وەلادەنێت.

لەلایەکی دیکەوە (ئەم خاڵە گرنگییەکی زۆری هەیە) کە ناوەندە دیموکراتیکەکان زۆرتر لەسەر تەکامولی بـۆرژوازی، ڕۆڵی یارمەتیدەریان گێڕاوە. ئەو کاتەی کە بۆ تێکەڵاوکردنی ویلایەتە بچووکەکان و پێکهێنانی دەوڵەت–نەتەوە گەورەکان (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا) پێویست بوون، بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر لەئارادا بوون. بەڵام لەم ماوەیەدا گەشەی ئابوری بووەتە هۆی ئەوەی ئابوری سەرمایەداری بەشێوەیەکی ئۆرگانیک لێک بئاڵێت. ئەم بابەتە لەسەر گۆڕینی شێوەی داموەزگای سیاسی–ئیداری دەوڵەت لە سیستەمێکی نیوەفیۆداڵ یان بە تەواوەتی فیۆدالیەوە بۆ میکانیزمێکی سەرمایەداریش دێنەوە. ئەم گۆڕانکارییە لەشێوەی دەوڵـەت کە لەبواری مێژووییەوە لەدیموکراسی جیانەکراوەبوو، ئەمڕۆ ئیتر بەئاستێک گەیشتووە، کە دەتوانن

به ئاسانی بەشە دیموکراتیکەکانی کاروباری دەوڵەتی، لەوانە مافی دەنگدانی گشتی و شێوەی دەسەڵاتی کۆماری رەتبکەنەوە، بەبێ ئەوەی رێکخراوی ئیداری، کاروباری دارایـی، سەربازی و هێنر ناچار بەگەڕانەوە بکرێن. لەحاڵێکدا کە ناوەندە دیموکراتیکەکان بەئاسانی لادەبرێن، ئەم ناوەندانە لەسەر جێگای خۆیان دەمێننەوە. (بەمشێوەیە دەبینین کە دەرمانکردنی نەشتەرگەری، واتە دیموکراسی سیاسی دەتوانێت بەبێ ئەوەی مەترسییەکی ئەوتۆ بۆ ئۆرگانیزمی کۆمەڵگەی بۆرژوایی بخولقێنێت، هەڵبگیردرێت!)

ئەگەر ئەمڕۆ لیبراڵیزم بە مانای تایبەتی وشەکە بۆ کۆمەڵگەی بۆرژوایی بێکەڵکە، لەلایەکی دیکەوە لەهەندێک لایەنی گرنگدا بووەتە کۆسپێکی گەورەی سەر رێگای ئەو کۆمەڵگەیە. دوو فاکتەر بەتەواوەتی لەسەر دیاریکردنی ژیانی سیاسی دەوڵەتانی هاوچەرخ بەشدارن: سیاسەتی نێونەتەوەیی و بزووتنەوەی کرێکاری. هەرکام لەم فاکتەرانە تەنها لایەنێکی جیاواز لەقۆناغی گەشەی سەرمایەدارین.

لەئاکامدا دەبینین ئەمڕۆکە لەئاکامی گەشەی ئابوری جیهانی و توونترتربوونەوەو پەرەسەندنی کێبڕکێ لەبازاڕی جیهانیدا، میلیتاریزم و دەسەڵاتی دەریایی، وەکو ئامرازەکانی سیاسەتی جیهان بوونەتە دوو فاکتەری چارەنووسساز لە دیاریکردنی ژیانی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتانی گەورەدا. ئەگەر راستە کە سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و میلیتاریزم، رەنگدانەوەی مەیلی روو لەگەشەی ئەم قۆناغەیە، کەوایە دیموکراسی بۆرژوایی دەبێت بە ئاڕاستەیەکی رووخێنەردا بچێت. (بەرجەستەترین نمونە: یەکێتی ئەمەریکای باکوری دوای شەڕی ئیسپانیایە. لە فەرەنسا، کۆماری ئەو وڵاتە بەهۆی بارودۆخی تایبەتی نێونەتەوەیی ماوەتەوە، بارودۆخێک کە بەشێوەی کاتی کەوتنەڕێی شەڕێکی مسۆگەر کردووە. ئەگەر شەڕێک بێتەئارا (هەروەک هەموو نیشانەکان باس لەوە دەکەن، شەڕێکی وا لە رێدایە) و فەرەنسا

نەتوانێت لەم تاقیکردنەوەیەدا سەرکەوتووبێت، بەدڵنیاییەوە وەڵامی یەکەمین شکستی فەرەنسا راگەیاندنی کۆمار دەبێت. لە ئەڵمانیا سەردەمی چەک و چۆڵی سەربازی کە لەساڵی 1893وە دەستپێکردووە و سیاسەتی جیهانی بە داگیر کردنی «کیائۆچۆ» دەستپێکرد، دوو قووربانی دا: یەک، لیبراڵەکان تووشی دابڕان بوون و دووەم جێگاوشوێنی حزبی «سەنترۆم» گۆڕانکاری بەسەردا هات و لەکەمینەوە بوون بەحزبی دەسەڵاتدار. هەڵبژاردنی ئەم دواییانەی (1907) پەرلەمانی ئەڵمانیا، کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی ئیستعماریخوازانەدا بەڕێوەچوو، بەمانا بەخاکسپاردنی مێژوویی لیبراڵیزمی ئەڵمانیایە.

بەمشێوەیە لەلایەکەوە سیاسەتی دەرەکی و لەلایەکی دیکەوە سیاسەتی ناوخۆیی، واتە ئاخێزی چینی کرێکار بۆرژوازی دەخاتە باوەش کۆنەپەرەستییەوە. بەواتایەکی دیکە بۆرژوازی لەترسی پڕۆلیتاریا، دەستی یارمەتی بۆ کۆنەپەرستی درێژ دەکاتەوە. «بێرنیشتاین» بۆ خۆی دان بەو بابەتەدا دەنێت. دەڵێت: «ئەفسانە»ی سۆسیال دیموکراسی کە «دەیەوێت هەموو شتێک هەڵلوشێت» (مەبەستی خەباتی سۆسیالیستی چینی کرێکارە). ئەو بەم قسانەی نیشانیدەدات کە دەزانێت ئەم خەباتە، دەبێتە هۆی ئەوەی بۆرژوازی لیبڕاڵ (لەهاوپەیمانییەکی کاتی لەگەڵ سۆسیالی دیموکراسی) خۆی بکێشێتەوە. لەم بابەتەوە پێشنیاز بۆ پڕۆلیتاریا دەکات، کە ئامانجی سۆسیالیستی خۆی وەلابنێت، بۆئەوەی لیبراڵە ترسنۆکەکان لەکونە مشکەکانی قەیسەری بێنەدەر. «بێرنیشتاین» دەڵێت وەلانانی بزووتنەوەی کرێکاری-سۆسیالیستی مەرجی بنەڕەتی پاراستن و مانەوەی دیموکراسی بۆرژواییە. ئەو بەم قسەیەی بەزەقترین شێوە نیشانیدەدات کە هەربەو رادەیە، کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی-کرێکاری بەرهەمی راستەوخۆی رەوتی دەروونی تەکامولی کۆمەڵگەی ئەمڕۆیە، هەر بەو رادەیەش ئەم دیموکراسییە لەگەڵ

ئەو ڕەوتەدا ناکۆکە.

سەرەڕای ئەوە، بێرنیشتاین لەم ڕێگەیەوە شتێکی دیکە دەسەلمێنێت. ئـەو کە وەلانـانـی ئامانجی سۆسیالیستی لەلایەن چینی کرێکارەوە، بەپێشمەرجی بووژاندنەوەی دیموکراسی بۆرژوایی دادەنێت، پیشانیدەدات، کە ئەم بانگەشانە چەندە پڕوپووچن، کە دیموکراسی بۆرژوایی مەرجی پێویستی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و سەرکەوتنی سۆسیالیزمە. هۆکارەکانی «بێرنیشتاین» لەبازنەیەکی بەتاڵدا لەتووش و توانج دەکەوێت. دەرئەنجامەکانی مەرجی سەرەتایی ڕەتدەکاتەوە.

دەرچـوون لەو بازنەیە زۆر سادەیە. بەسەرنجدان بەو ڕاستییە، کە لیبراڵیزمی بۆرژوایی لەترسی بزووتنەوەی ڕوو لە گەشەی کرێکاریدا ڕۆح و ئامانجی کۆتایی خۆی فرۆشتووە، بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری ئەمڕۆکە تاقە پشتیوانی دیموکراسییە و تەنها ئەو دەتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. چارەنووسی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بەدیموکراسییەوە گرێی نەخواردووە، ڕێک بەپێچەوانەوە چارەنووسی دیموکراسی بەبزووتنەوەی سۆسیالیستی وابەستەیە. ئەگەر چینی کرێکار خەبات بۆ ڕزگاری خۆی وەلابنێت، بەختی دیموکراسی بۆ مانەوە زۆرتر نابێت. بەپێچەوانەوە هەرچی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە خەباتەکەیدا بە ئاکامە کۆنەپەرەستانەکانی سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و وەلانانی دیموکراسی لەلایەن بۆرژوازییەوە بەهێزتر بێت، بەختی مانەوەی دیموکراسیش زۆرتر دەبێت. کەسێک کە دەیەوێت دیموکراسی بەهێزتر بێت، دەبێت لەهەمانکاتدا خوازیاری بەهێزتر بوونی بزووتنەوەی سۆسیالیستی بێت، نەک لاوازبوونی. بەچاوپۆشی لەخەبات بۆ سۆسیالیزم هەم بزووتنەوەی کرێکاری و هەم دیموکراسیش وەلادەنێت.

(بێرنیشتاین لەفۆرویێرنس (26ی مارسی 1899) لەکۆتایی «وەڵامەکەی»دا بۆ کایۆتیسکی دەڵێت کە بەتەواوەتی لەگەڵ بەرنامەی هەنوکەیی سۆسیال دیموکراسیدا هاوڕایە. ئەو تەنها لەگەڵ بەشە تیۆریکەکانی ئەو بەرنامەیە دژایەتی هەیە. جیاواز لەو بابەتە، ئەو بەئاشکرا پێیوایە بە تەواوی دەتوانێت لەنێو ریزی ئەو حزبەدا هەڵسووڕێت، چونکە ئەوە چ «گرنگی»یەکی هەیە کە»لەبەشی تیۆری بەرنامەی حزبدا بابەتێک بێت، کە ئیتر لەگەڵ تێگەیشتنی تاک لە رەوتی گەشە نەیەتەوە؟». ئەم بابەتە بە روونی پیشانیدەدات، کە «بێرنیشتاین» لە پەیوەندی نێوان هەڵسووڕانی هەنوکەیی سۆسیال دیموکراسی و بنەما گشتییەکانی تێناگات و تا چ رادەیەک وشەکان ئیتر بۆ «بێرنیشتاین» و حزب مانایەکی یەکسانیان نییە، هەروەک دیتمان تیۆریی «بێرنیشتاین» دەبێتە هۆی ئەوەی سەرەتاییترین تێگەیشتنی سۆسیال دیموکراسی وەلابنرێت، واتە ئەو تێگەیشتنەی سۆسیال دیموکراسی کە بەبێ بناغەیەکی بنەڕەتی، خەباتی هەنوکەیی بێکەڵک و بێ ئامانجە و بەوەلانانی ئامانجی کۆتایی، بەشێوەیەکی چارەهەڵنەگر دەبێت بزووتنەوەکەش وەلابنرێت.)

### بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی

هەروەک دیتمان چارەنووسی دیموکراسی لەگرەوی چارەنووسی بزووتنەوەی کرێکاریدایە، بەڵام ئایا گەشەی دیموکراسی لەباشترین دۆخدا شۆڕشی پرۆلیتاری بەمانای بەدەستهێنانی دەسەڵاتی دەوڵەتی، واتە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بێ سوود و نامسۆگەر دەکات؟

«بێرنیشتاین» بەهەڵسەنگاندنی لایەنە باش و خراپەکانی ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش، هەر بەوشێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە دارچینی یان بیبەر لەدووکانێکدا کێشدەکرێت. ئەو رێگای یاسایی تەکامول بەکاردانەوەی ئەقڵ دەزانێت، بەڵام رێگای شۆڕشگێڕانە بەکاردانەوەی هەست

دەزانێت. هەڵسووڕانی ریفۆرمخوازانە وەکو رێگای هێمنی پێشکەوتنی مێژوویی و شۆڕش وەک رێگای خێرای لەقەڵەمدەدات. «بێرنیشتاین» لەیاسادانانادا هێزێکی بەرنامە بۆداڕێژراوو و لە شۆڕشدا هێزێکی جلەوپچڕاو دەدۆزێتەوە (لاپەڕەی 218).

دەمێکە دەزانین کەریفۆرمیستی وردەبــۆرژوا لەهەموو شتێکدا لایەنی «باش» و «خراپ» دەبینێتەوە. ئەو دەستەو داوێنی هەموو خۆڵ و خەوشێک دەبێت، بەڵام هەر بەو شێوەیەش دەمێکە دەزانین رێگەی راستەقینەی رووداوەکان زۆر بەدەگمەن لەژێر کاریگەری ئەم شەلەم شۆربا وردەبۆرژواییەدایەو کیسەیەکی بچووک کە لە»لایەنە باشەکانی» هەموو شتێک پڕ کراوە، بەیەکەم پڵتۆکی مێژوویی تێکدەڕووخێت.

لە مێژووی کۆمەڵگەی بۆرژواییدا ریفۆرمی یاسایی بەگشتی لەخزمەت بەهێزکردنی چینێکدایە، کە خەریکە پێدەگات، تا ئەوکاتەی هەست بکات ئەوەندە بەهێز بووە، دەتوانێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، سیستەمی یاسایی باو بڕوخێنێت و سیستەمێکی نوێ بێنێتە کایەوە. «بێرنیشتاین» کە لەدژی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی هات و هاوار وەڕێدەخات و بەتیۆری بلانکیستی ناوی دەبات، لەگەڵ ئەو چارەڕەشییەدا بەرەوڕووە، کە مۆرکی بلانکیستی لە شتێک دەدات، کە چەندین سەدەیە تەوەر و هێزی بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی بووە. لەوکاتەوە کە کۆمەڵە چینایەتییەکان پەیدابوون و خەباتی چینایەتی ناوەرۆکی سەرەکی ئەو کۆمەڵگەیانە بووە، هەمیشە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئامانجی ئەو چینانە بووە، کە تازە پێگەیشتوون و سەرەتاو کۆتایی هەموو قۆناغێکی مێژوویی بووە. دەتوانین ئەو راستییە لەخەباتی درێژماوەی جوتیاران لەگەڵ ئەریستۆکراتەکان و دەوڵەمەندانی رۆمای کەونارا، لە خەباتی ئەریستۆکراتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەگەڵ ئۆسقۆفەکان، لەخەباتی پیشەگەران لەگەڵ خانەدانەکانی

شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و لەسەردەمی نوێدا لەخەباتی بۆرژوازی لەگەڵ دەرەبەگایەتی ببینینەوە.

ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش رێگای جۆراوجۆری پێشکەوتنی مێژوویی نین، کە بەدڵخوازی خۆمان بتوانین وەکو سۆسیسی گەرم و سارد لەسەر سفرەی مێژوو هەڵبژێرین. ریفۆرم و شۆڕش قۆناغی جۆراوجۆری گەشەی کۆمەڵگەی چینایەتین، کە لەهەمانکاتدا یەکتری تەواو دەکەن وەک جەمسەری باکوور و باشوور یەکتری رەتدەکەنەوە: بۆرژوازی و پرۆلیتاریا.

راستییەکەی ئەوەیە، کە هەموو پێکهاتەیەکی یاسایی لەهەموو کاتێکدا بەرهەمی شۆڕشە. شۆڕش کردەوەیەکی داهێنەرانەی مێژووی چینەکانە، ئەوە لەکاتێکدایە کە یاسادانان رەنگدانەوەی سیاسی ژیانی کۆمەڵگەیەکە و پێشتر هاتووەتە مەیدان. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ریفۆرمی یاسایی هێزێکی بزوێنەری تایبەت نییە، کە سەربەخۆ لە شۆڕش بێت . لەهەر قۆناغێکی مێژوویدا خەبات بۆ پێکهێنانی ریفۆرم تەنها بەئاراستەیەکدا بەڕێوەدەچێت، کە هاندەرەکانی شۆڕشی پێشوو دیاریکردووە و تاکاتێک کە ئەو هاندەرە هەستی پێبکرێت، هەروا درێژەی دەبێت. یان بەواتایەکی دیکە ریفۆرم تەنها لەچوارچێوەی ئەو شێوە کۆمەڵایەتییەدا بەڕێوەدەچێت کە لەلایەن شۆڕشی پێشووەوە خوڵقاوە. کاکڵەی بابەتەکە ئەمەیە.

ئەوە بەتەواوەتی ناردوستەو بەهیچ شێوەیەک مێژوویی نییە، کەهەوڵ بۆ پێکهێنانی ریفۆرم بەشۆڕشێکی درێژماوە دەزانن و شۆڕش بەزنجیرەیەکی لێکئاڵاو لەریفۆرم ناو دەبەن. جیاوازی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ریفۆرمی یاسایی لەماوەدا نییە، بەڵکو لەجەوهەردایە. تەواوی نهێنی گۆڕانکارییە مێژووییەکان لەرێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لەپەڕینەوە لەگۆڕانکاری چەندایەتییەوە بۆ چۆنایەتییەکی نوێ، پەڕینەوە لەقۆناغێکی مێژوویی و سیستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ قۆناغ و سیستەمێکی نوێ.

لە ڕاستیدا کەسێک کە ڕێگای ریفۆرمی یاسایی لەبەرامبەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و بەجێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی دادەنێت، ڕێگایەکی هێمنتر، دڵنیاتر و خاوتر بەرەو ئامانجی کۆتایی، واتە شۆڕش هەڵنابژێرێت. ئەو کەسە بەپێچەوانەوە ئامانجێکی جیاوازتر هەڵدەبژێرێت. هەڵوێستی ئەوکەسە پارێزگاریکردن لەجێگیرکردنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ نییە، بەڵکو پێکهێنانی گۆڕانکاری ڕووکەشی لەسیستەمی کۆندایە. (بەکورتی چۆلەکەت بۆ ڕەنگدەکەن و بە کەناری پێندەفرۆشن.و) بەمشێوەیە دەبینین بۆچوونە سیاسییەکانی ڕێڤیزیۆنیزم هەربەو دەرئەنجامانە دەگات، کە تیۆرە ئابوریەکانی پێیگەیشتبوو: ئیتر ئامانجی ئێمە بەدیهێنانی سۆسیالیزم نییە، بەڵکو چاککردنی سەرمایەدارییە، ئیتر ئامانجی ئێمە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کرێ¬گرتە نییە، بەڵکو دابەزاندنی چەوسانەوەیە، بەواتایەکی دیکە دەمانەوێت خراپەکانی سەرمایەداری لاببەین، بەڵام دەست لەسیستەمەکە نەدەین.

هەڵبەت ڕەنگە وەهابێتە بەرچاو، کە ئەو ڕستانەی سەرەوە سەبارەت بەکاری ریفۆرمی یاسایی و شۆڕش تەنها سەبارەت بەو خەباتە چینایەتییە دروستە، کە تائێستا لەئارادا بووەو لەوانەیە لەوە بەولاوە بەهۆی گەشەو تەکامولی سیستەمی دادوەری بۆرژوایی، ئەرکی پەڕینەوەی کۆمەڵگە لەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی دیکەش، بەریفۆرمی یاسایی سپێردرابێت و هەروەک «بێرنیشتاین» لەلاپەڕەی 183ی کتێبەکەی خۆیدا دەڵێت ڕەنگە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە بووبێتە بابەتێکی ناشیرین و بێمانا؟ بەڵام مەسەلەکە ڕێک بەپێچەوانەوە و بە تەواوەتی لەبەرامبەر ئەوەدایە. چ شتێک کۆمەڵی بۆرژوازی و کۆمەڵگە چینایەتییەکانی پێشوو، واتە کۆمەڵی کۆیلەداری و کۆمەڵی سەدەکانی ناوەڕاست لەیەکترین جیادەکاتەوە؟ ئەو ڕاستییە کە حکومەتی چینایەتی نەک

بەپێی «مافی دەستەبەرکراو» لەدەسەڵاتدا نییە، بەڵکو دەسەڵاتەکەی لەسەر بناغەی پەیوەندییەکی راستەقینەی ئابوری دامـەزراوە، چونکە سیستەمی کرێگرتە دیاردەیەکی دادوەری، یان یاسایی نییە، بەڵکو تەنها پەیوەندییەکی ئابوری پەتییە. لەسەرانسەر سیستەمی دادوەریدا هیچ فرمولێکی یاسایی بۆ دەسەڵاتی چینایەتی بۆرژوازی نادۆزینەوە، ئەگەر ئاسەوارێک لەریزبەندی پلەو پایە دەبینێت، یان پەیوەندی زنجیرەیی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەبینین، تەنهاو تەنها پاشماوەی پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتییە.

هەربەم بۆنەشەوە کاتێک، کە لەنێو یاسادا هیچ وشەیەک سەبارەت بەسیستەمی کۆیلەداری کرێگرتە باسنەکراوە، چۆن دەتوانی «لەرێگەی یاسایی»یەوە هەڵیوەشێنیتەوە؟ «بێرنیشتاین» کە رووی هێناوەتە کاری یاسایی ریفۆرمیستی بۆ ئەوەی لەو رێگایەوە کۆتایی بە کاری سەرمایەداری بێنێت، لە بارودۆخی ئەو پۆلیسەی رۆمادایە، کە لەچیرۆکی «ئوس بینێسکی»دا بەوشێوەیە باسی بەسەرهاتەکەی خۆی دەکات:... «بەخێرایی یەخەی ئەو پیاوەم گرت، دەزانیت چیم ئاشکرا کرد؟ ئەو پیاوە پۆزخڕە ئەسڵەن یەخەی نەبوو!». کاکڵەی مەسەلەکە لەوەدایە.

«تەواوی ئەو کۆمەڵگەیانەی تا ئێستا بوون لەسەر بنەمای ناکۆکی نێوان چینە چەوساوەکان و چینە چەوسێنەرەکان راوەستاون (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی 17)، بەڵام لەقۆناغەکانی پێشووی کۆمەڵگەی مۆدێرندا ئەو ناکۆکییە لە پەیوەندییە دادوەرییەکاندا دیاریکرابوو. هەربەم بۆنەشەوە توانیویەتی پەیوەندییە تازەکان، کە لە گەشەدان لە چوارچێوەی کەش و هەوای کۆندا بپارێزێت. «مرۆڤی نیوە کۆیلە لەسیستەمی نیوەکۆیلەداریدا بوو بەئەندامی کومۆن». (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی 17) چۆن؟ لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی بەشێنەیی ئەو ئیمتیازە جۆراوجۆرانەی، کە هەموویان سیستەمی نیوەکۆیلەدارییان پێکدەهێنا.

هەر بەمشێوەیە «وردەبۆرژوا لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی دەرەبەگایەتی رەهادا جێگاوشوێنی خۆی، هەتا پلەی بۆرژوا بەرزکردەوە» (مانیفێستی کومۆنیست لاپەڕەی 17)... لەچ رێگەیەکەوە؟ لە رێگەی لەناوبردنی رواڵەتی یان سسنکردنی کۆتوبەندە پیشەییەکان و لە رێگەی گۆڕینی بەشێنەیی شێوەی دامودەزگای ئیداری، دارایی و سەربازییەوە، ئەویش لە ئاستێکدا کە پێویستە.

بەم پێیە ئەگەر بمانەوێت لەجیاتی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە مەسەلەکە، بەشێوەی روتەڵی بیهێنینەوە گۆڕێ، دەتوانین لەبارەی پەیوەندییە چینایەتییەکانی رابردوودا پەڕینەوەیەکی یاسایی-ریفۆرمیستی پەتی لەکۆمەڵی دەرەبەگایەتیەوە بۆ کۆمەڵی سەرمایەداری بێنینەبەرچاو. پرسیار ئەوەیە لەکردەوەدا چی دەبینین؟ دەبینین کە لەوێشدا ریفۆرمی یاسایی نەبووە هۆی ئەوەی، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن بۆرژواکانەوە رەتبکرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئامادەکارییان بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەو دەسەڵاتە کرد. گۆڕانکارییەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی رووکەشی، هەم بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی نیوە کۆیلەداری، هەم بۆ لەناوبردنی فیودالیزم پێویست بوو.

بەڵام ئێستا بابەتەکان بەشێوەیەکی دیکە دێنە گۆڕێ. پڕۆلیتاریا بەپێی هیچ یاسایەک ناچار نییە خۆی لەکۆت و بەندی سەرمایە رزگار بکات، بەڵکو بەهۆی پێویستی و بەوبۆنەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستەوە نییە، ناچارە ئەو کارە بکات. هەڵبەت لەجیهاندا هیچ یاسایەک ناتوانێت لەچوارچێوەی کۆمەڵی بۆرژواییدا ئەو ئامرازانە بۆ پڕۆلیتاریا بگەڕێنێتەوە، چونکە ئەو ئامرازانە لە رێگەی هیچ یاسایەکەوە لێی زەوت نەکراوە، بەڵکو لە رێگەی گەشەی ئابوریەوە لە دەستی دەرهێنراوە.

بێجگە لەوە، هەر بەمشێوەیە دەبینین چەوسانەوە لەناو پەیوەندیەکانی سیستەمی کرێگرتەشدا بەپێی یاسا بەڕێوەناچێت، چونکە ئاستی هەقدەستەکان

بەپێی یاسا دیاریناکرێت، بەڵکو هۆکارە ئابوریەکان دیاری دەکەن. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئەنانەت چەوسانەوە بەپشت ¬بەستن بەیاسا بەڕێوەناچێت، بەڵکو بەپێی ئەو واقیعیەتە ئابورییانەوەیە کە هێزی کار دەکاتە کاڵا. کاڵایەک کە هەموو تایبەتمەندیەکانی کاڵاکانی دیکەی هەیە. بێجگە لەوە ئەو تایبەتمەندییەشی هەیە، کە بەها بەرهەمدێنێت و بەهایەکی زیاتر لەپێویستییەکانی کرێکار بەرهەم دێنێت، کە پێیدەڵێن زێدەبایی.

بە کورتی دەبێت بڵێین دیموکراسی شتێکی چارەهەڵنەگرە و هەر دەبێت، ئەویش نەک بەو بۆنەوە، کە پێویستی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە بەو بۆنەوە، کە نەک تەنها بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە دەکاتە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر، بەڵکو مسۆگەریشی دەکات. کاتێک کە ئەنگڵس لەپێشەکی کتێبی «خەباتی چینایەتی لە فەرەنسا» بە تاکتیکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری مۆدێرندا چۆوە و خەباتی یاسایی لەبەرامبەر وەڕێخستنی باریکادەکان دانـا، مەبەستی پێداچوونەوە بە مەسەلەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی نەبوو، بەڵکو مەبەستی خەباتی ڕۆژانەی نوێ بوو، ئەم بابەتە لەسەرانسەر پاراگرافەکانی ئەو پێشەکییەدا ڕەنگیداوەتەوە. مەبەستی ئەنگڵس هەڵوێستی پڕۆلیتاریا لە بەرامبەر دەوڵەتی سەرمایەداری کاتی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبوو، بەڵکو هەڵوێستەکەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی سەرمایەداریدا بوو. (واتە کاتێک کە تەوژمی شۆڕش لە ئارادا نییە...و) بەکورتی ئەنگڵس کۆمەڵێک پێشنیاری بە پڕۆلیتاریای ژێردەستە پێشکەش کردبوو، نەک بە پڕۆلیتاریای سەرکەوتوو.

لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕستە بەناوبانگەی مارکس سەبارەت بەکێشەی زەوی لەبەریتانیا کە«بێرنیشتاین» زۆر پشتی پێدەبەستێت («ڕەنگە بەکڕینی مڵک و دارایی ئاغاکان ئاسانتر سەربکەوین») ئاماژە بەهەڵوێستی پڕۆلیتاریا

لە دوای سەرکەوتن دەکات، نەک بەر لەوە، چونکە کاتێک مەسەلەی کڕینی زەوی لەچینە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو دێنەگۆڕێ، کە چینی کرێکار لەدەسەڵاتدا بێت. مەبەستی مارکس ئیمکانی داسەپاندنی هێمنانەی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا بوو. مەبەستی ئەو بەهیچ شێوەیەک ئەوە نەبوو کە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری لەجێی ئەو دیکتاتۆرییە دابنێین.

پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە قەد لەلایەن مارکس و ئەنگلسەوە نەچووەتە ژێر پرسیار. بەلای بێرنیشتاینەوە تەنها پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی، وەکو ناوەندێکی شیاو دەمێنێتەوە و گوایە بەیارمەتی ئەو ناوەندە سامناکترین گۆڕانکاری مێژووی مرۆڤ، واتە پەڕینەوەی کۆمەڵگە لەشێوەی سەرمایەدارییەوە بۆ شێوەی سۆسیالیستی کاملدەبێت.

سەرەڕای ئەوە، «بێرنیشتاین» بەترس و لەرز و دڵەڕاوکێ لە مەترسی بەدەستهێنانی ناوەختی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە، تیۆرییەکەی خۆی دێنێتەگۆڕێ! بەواتایەکی دیکە «بێرنیشتاین» پێیوایە پڕۆلیتاریا ئەرکی سەرشانیەتی لەبارودۆخی ئەمڕۆدا کۆمەڵگەی بۆرژوایی وەلابنێت و تووشی شکستێکی سامناک بێت. دەرئەنجامی ئەو ترس و لەرزە ئەوەیە، کە ئەگەر هەلومەرجەکە بە ئاڕاستەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە بڕواتە پێش، تیۆری «بێرنیشتاین» تەنها یەک دەرئەنجامی «کردەکی» لێدەکەوێتەوە: بڕۆن بخەون. بەمشێوەیە ئەم تیۆرییە بانگ دەکرێت لەسەر خۆی داوەری بکات. ئەمە ئەو روانگەیە، کە لەهەستیارترین کات و ساتەکانی خەباتی پڕۆلیتاریادا خیانەت بە ئامانجی پڕۆلیتاریا دەکات و هەڵوێستێکی پاسیڤ دەگرێتە بەر.

راستییەکەی ئەوەیە، کە بەرنامە ئەگەر لەهەموو پێشهاتەکان و ساتەوەختەکانی خەباتدا لەخزمەتماندا نەبێت و کاتێک بەکاریدەهێنین (نەک

بەکاریناهێنین) یارمەتیدەرمان نەبێت، بێجگە لەکاغەزە دڕاوێک هیچی تر نییە. ئەگەر بەرنامەکەمان تەکامولی مێژوویی کۆمەڵگە لەسەرمایەداریەوە بۆ سۆسیالیزمی داڕشتووە، دەبێت لەهەموو ئاڕاستەیەکی بنەڕەتیدا، لە هەموو قۆناغەکانی پەڕینەوەی ئەم تەکامولەدا و لەئاکامدا لەهەموو ساتێکدا بتوانێت ڕێپیشاندەری پڕۆلیتاریا بێت و بڵێت کام هەڵوێست دروستەو بۆ گەیشتن بەسۆسیالیزم دەبێت چ بکەین. بەگشتی بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە کاتی وا هەرگیز نایەتە پێشەوە کە پڕۆلیتاریا بتوانێت بەرنامەکەی وەلابنێت، یان بەرنامەکەی لەبیرباتەوە.

ئەم بابەتە لەو ڕاستییەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هیچ کاتێک نییە پڕۆلیتارییایەک، کە بەپێی هەلومەرجی دیاریکراو دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە گرتووە، لەبارودۆخێکدا نەبێت، یان لەبواری ئەخلاقییەوە ئەرکی سەرشانی نەبێت ڕێوشوێنێکی دیاریکراو، ڕێوشوێنێکی کاتی بەئاڕاستەی سۆسیالیزمداو بۆ بەدیهێنانی بەرنامەکەی بگرێتەبەر. لەپشت ئەو بۆچوونەدا کە پێیوایە بەرنامەی سۆسیالیستی دەتوانێت لەهەر ساتێک لەدەسەڵاتی سیاسی پڕۆلیتاریادا وەلا بنرێت و هیچ ڕێنماییەکیش بۆ بەدیهاتنی نەدرێت، ئەو باوەڕە خەوتووە کە بەرنامەی سۆسیالیستی بەگشتی و لەهەموو کات و ساتێکدا بەدینایەت.

بەڵام ئەگەر ڕێوشوێنەکانی قۆناغی پەڕینەوە نابەوەخت بن، چ ڕوودەدات؟ ئەم پرسیارە دنیایەک خراپ تێگەیشتن لە ئاڕاستەی ڕاستەقینەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی تێدایە.

بەر لەهەر شتێک دەبێت بڵێین، کە دەستەبەرکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە، واتە چینێکی گەورەی جەماوەری بەشێوەی ساختەو دەستکرد بەڕێوەناچێت. پێویستە پەیوەندییە ئابوری و سیاسییەکان، تا ڕادەیەکی دیاریکراو بە لوتکە گەیشتبێت (بێجگە لە هەندێک بابەتی وەکو

کۆمۆنی پاریس، کە دەسەڵات لەدوای خەباتێکی وشیارانە و بەرنامەبۆداڕێژراو بەدەست نەهات، بەڵکو کاتێک کە هەمووان جڵەویان وێڵکردبوو کەوتە دەست پڕۆلیتاریا). لێرەدا لەنێوان کودەتای بلانکیستی لەلایەن «کەمینەیەکی شێلگیر» کە گوایە لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانن وەکو گولەی چەک (هەر بەم بۆنەشەوە نابەوەخت) بنەقێن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کۆمەڵانی فراوان و هوشیاردا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەم جەماوەرە تەنها دەتوانێت بەرهەمی دەستپێکی هەرەسهێنانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی بێت. هەر بەم بۆنەشەوە کاتێک کە رەوایـی ئابوری سیاسی سەرمایەداری دەچێتە ژێر پرسیار، ئەمان سەرهەڵدەدەن.

بەم پێیە، ئەگەر بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی کرێکارەوە، لەبواری پێویستییە کۆمەڵایەتیەکانەوە «نابەوەخت» روونەدات، لەروانگەی کاریگەری سیاسییەوە (پاراستنی دەسـەڵات) «نابەوەخت» دەبێت، گوایە شۆڕشی نابەوەخت کە خەونی لە»بێرنیشتاین» زڕاندووە، وەکو شمشێری دیموکلیس لەسەر سەرمانەوە دەخولێنەوە و هەڕەشەمان لێدەکات. لەرامبەردا نەنزا و نە پاڕانەوە و لاڵانەوە، نە ترس و نە دڵەڕاوکێ کاریگەر نییە. ئەمە بە دوو هۆکاری زۆر سادەوەیە.

لە قۆناغی یەکەمدا ئەو بۆچوونەی کە گۆڕانکاریەکی گەورەی وەکو پەڕینەوە لەکۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمەڵگەی سۆسیالیستی لەناکاو و بە زەربەیەکی سەرکەوتووانەی پڕۆلیتاریا بەدیبێت، خەیاڵی خاوە. بەمسۆگەر زانینی ئەم بۆچوونە مانای ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی بلانکیستی پەتی. پێشەکی پێکهێنانی گۆڕانکاری سۆسیالیستی خەباتێکی درێژماوە و شێلگیرانەیە. ئەگەری زۆری هەیە لەو خەباتەدا پڕۆلیتاریا بۆ چەندین و چەندجار پاشەکشەی پێبکرێت، بەجۆرێک کە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پڕۆلیتاریاوە بۆ یەکەمجار «نابەوەخت» لە قەڵەم بدرێت.

سەرەڕای ئەوە، لەقۆناغی یەکەمدا خۆبواردن لەبەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی «بەشێوەی نابەوەخت» ئیمکانی نییە، چونکە ئەم هێرشە «نابەوەخت»انەی پڕۆلیتاریا هۆکار و لە راستیدا هۆکارێکی زۆر گرنگ دەبێت، کە بوار بۆ سەرکەوتنی کۆتایی خۆشدەکات. پڕۆلیتاریا لەکاتی قەیرانی سیاسیدا، کە پێویستی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دێنێتە کایەوە، لەنێو ئاگری خەباتی درێژماوە و سەرسەختانەدا بەئاستێک لە هوشیاری سیاسی دەگات، کە رێگای ئەوەی پێدەدات شۆڕش بەرە و سەرکەوتنی یەکجاری ببات. بەمشێوەیە دەبینین کە ئەم هێرشە «نابەوەختانە»ی پڕۆلیتاریا بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی هەندێک خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی تێدایە کە سەرکەوتنی یەکجاری لێدەکەوێتەوە و چارەنووسەکەی دیاریدەکات. ئەگەر لەم روانگەیەوە بابەتەکە لێکبدەینەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە بیرۆکەی بەدەستەوەگرتنی «نابەوەختی» دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن چینی زەحمەتکێش ئەندێشەیەکی پووچی سیاسییە، کە بەهۆی تێگەیشتنی میکانیکی لە گەشەی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوە و بۆ سەرکەوتن لە خەباتی چینایەتیدا کاتێک دیاریدەکات کە لەدەرەوە و سەربەخۆ لەو خەباتە چینایەتییە دیاریکراوە.

بەهۆی ئەوەی کە پڕۆلیتاریا لەبارودۆخێکدا نییە، بتوانێت بەهیچ شێوەیەکی دیکە، بێجگە لەشێوەی «نابەوەخت» دەسەڵاتی سیاسی بەدەستەوە بگرێت، بەهۆی ئەوەی کە پڕۆلیتاریا بەرلەوەی بتوانێت دەسەڵاتی خۆی سەقامگیر بکات، ناچارە یەک یان چەندجار «بەشێوەی نابەوەخت» دەسەڵات بەدەستەوە بگرێت، دژایەتیکردنی بەدەستهێنانی «نابەوەخت»ی دەسەڵات بێجگە لە دژایەتی گشتی خواستی پڕۆلیتاریا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات هیچیتر نییە.

هەروەک چۆن هەموو رێگایەک دەچێتەوە بنچینەکەی، بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە پێشنیاری رێڤیزیۆنیستانە بۆ وەلانانی ئامانجی کۆتایی سۆسیالیزم

تەنها بە مانای چاوپۆشیکردن لە بزووتنەوەی سۆسیالیستییە و هیچیتر. (ئەو پێشنیارەی ڕیڤیزیۆنیزم بۆ سۆسیال دیموکراسی لەبارەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کە»بڕۆن بخەون» مانای ئەوەیە: بڕۆن بۆ هەتاهەتایە بخەون، واتە خەباتی چینایەتی بەجێبێڵن. (با سەرمایە بە دڵی خۆی رمبازێن بکات.و)

**لێکهەڵوەشان**

«بێرنیشتاین» بەوەلانانی تیۆری لێکهەڵوەشانی سەرمایەداری، دەستیدایە پێداچوونەوە بە سۆسیال دیموکراسیدا، بەڵام ئەم تیۆرە بەردی بناغەی سۆسیالیزمی زانستییە. ئەگەر «بێرنیشتاین» دەیەوێت بەردی بناغەی سۆسیالیزمی زانستی لاببات، دەبێت سەرجەم تێزی سۆسیالیستی بخاتەلاوە. ئەو لەقسەو باسەکانیدا یەک لەدوای یەک هەڵوێستەکانی سۆسیالیزم ڕەتدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت باوەڕی یەکەمی خۆی بسەلمێنێت.

بەبێ لێکهەڵوەشانی سەرمایەداری، زەوتکردنی خاوەندارێتی لە چینی سەرمایەدار ئیمکانی نییە، هەربەم بۆنەشەوە «بێرنیشتاین» زەوتکردنی خاوەندارێتی ڕەتدەکاتەوە و بەدیهاتنی بەشێنەیی «بنەمای هاوبەشێتی» وەکو ئامانجی بزووتنەوەی کرێکاری دیاریدەکات. بەم پێیە، «بێرنیشتاین» کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان ڕەتدەکاتەوە و پێشنیاردەکات لەبازرگانیدا ریفۆرم پێکبهێنرێت و هەرەوەزییەکانی بەکارهێنەران پەرەپێ بدرێت.

هەڵبەت گۆڕانکاریکردن بەهۆی هەرەوەزییەکانی بەکارهێنەرانەوە (تەنانەت لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییەکان بێنە ئارا) لەگەڵ گەشەی مادی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نایەتەوە. بەم پێیە، «بێرنیشتاین» تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژوو وەلادەنێت، بەڵام بۆچوونەکەی بە ئاڕاستەی تەکامولی ئابوری ناتەبای تیۆری مارکسیستی زێدەباییە. هەربەم بۆنەشەوە «بێرنیشتاین» تیۆری بەهاو زێدەبایی و لەو ڕێگەیەوە سەرجەم تیۆری ئابوری کارڵ مارکس ڕەتدەکاتەوە.

بەڵام خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا لەکۆمەڵگە بەبێ ئامانجێکی دیاریکراوو بەبێ بناغەیەکی ئابوری بەڕێوەناچێت. هەربەم بۆنەشەوە «بێرنیشتاین» خەباتی چینایەتی رەتدەکاتەوە و ئاشتی لەگەڵ لیبراڵیزمی بۆرژوایی رادەگەیەنێت.

بەڵام خەباتی چینایەتی لەکۆمەڵگەی چینایەتیدا، دیاردەیەکی زۆر سروشتی و چارەهەڵنەگرە. هەربەم بۆنەشەوە «بێرنیشتاین» تەنانەت بوونی چینەکان لەکۆمەڵگە دەباتە ژێر پرسیارەوە. ئەو پێیوایە چینی کرێکار جەماوەرێکن، کە نەک تەنها لەبواری سیاسی و فیکرییەوە، بەڵکو لەبواری ئابوریشەوە دابەشکراون. بەپێی بۆچوونی ئەو، بۆرژوازی نەک بەپێی قازانج و بەرژەوەندی ئابوری دەرونی، بەڵکو بەهۆی گوشاری دەرەکی (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) لەبواری سیاسییەوە رێکخراوە.

بەڵام ئەگەر بناغەیەکی ئابوری بۆ خەباتی چینایەتی نییە، ئەگەر چینێک لەئارادا نییە، نەک تەنها خەباتی داهاتوو، بەڵکو تەنانەت خەباتی رابردووی پڕۆلیتاریا لەدژی بۆرژوازی مەحاڵەو سۆسیال دیموکراسی و سەرکەوتنەکانی، هیچ واتایەکیان نابێت، ئەگەریش واتایەکیان هەبێت هەربەم شێوەیە تەنها ئاکامی گوشاری سیاسی حکومەت دەبێت. ئەمە بەو واتایەیە دەرئەنجامی سروشتی تەکامولی مێژوویی نین، بەڵکو دەرئەنجامی بەهەڵکەوتی سیاسەتی خانەدانی "هۆهێن زۆلێرن" ن، ئەم سەرکەوتنانە منداڵی شەرعی کۆمەڵگەی سەرمایەداری نین، بەڵکو منداڵی ناشەرعی کۆنەپەرەستین. «بێرنیشتاین» بەمشێوەیە بەلۆژیکی بیرازکراوی خۆیەوە لە تێگەیشتنی ماتریالیستی لە مێژووەوە بە روانگەی «فرانکفۆرتێر سایتۆنگ» و «فۆسیشە سایتۆنگ» دەگات.

دوای رەتکردنەوەی تێکڕای رەخنەی سۆسیالیستی لەکۆمەڵگەی سەرمایەداری، تەنها یەک شت دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو

بارودۆخەی ئەمڕۆ لەئارادایە، بەگشتی ڕەزایەتبەخشە. «بێرنیشتاین» لەم بابەتەشەوە هەمان میتۆد بەکاردەهێنێت. لەناکاو ئێدەگات کە لەئێستادا کۆنەپەرەستی لە ئەڵمانیا بەشێوەیەکی ئەوتۆ بەهێز نییە و «ئەمڕۆکە لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا کۆنەپەرستی سیاسی نابینین» و لەگشت وڵاتی ڕۆژئاواییدا «تێڕوانینی چینە بۆرژواکان بەرامبەر بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لانیزۆر بەرگریکارانەیە و سەرکوتگەرانە نییە» («فۆروێرتێس»، 26ی مارسی 1899). بارودۆخی کرێکاران نەک تەنیا خراپتر نەبووە، بەڵکو باشتریش بووە. بۆرژوازی لەبواری سیاسییەوە پێشکەوتنخوازە، تەنانەت لەبواری ئەخلاقییەوە پاک و بێگەردە. لەگەڵ کۆنەپەرەستی یان سەرکوت بەرەوڕوو نین و لە باشترین جیهانیشدا دۆخەکە لەوە باشتر نابێت...

بەمشێوەیە دەبینین کە«بێرنیشتاین» یەک لەدوای یەک ڕێگای لۆژیکی خۆی دەبڕێت. ئەو بەوەلانانی ئامانجی کۆتایی بە قازانجی بزووتنەوە دەستیپێکرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە هیچ بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی بەبێ ئامانجی سۆسیالیستی ناتوانێت بوونی هەبێت، بزووتنەوەش ڕەتدەکاتەوە.

بەمشێوەیە دەبینین کە تێگەیشتنی «بێرنیشتاین» لە سۆسیالیزم بە گشتی دادەڕمێت. لەبۆچوونی ئەودا، پێکهاتەی شکۆدار و مەزنی سیستەمی مارکسیستی دەبێتە کۆگایەک زبڵ کەپاشماوەکانی گشت سیستەمەکان، ئەو بەشانە لە ئەندێشەی مرۆڤە بەرجەستە و سووکەکان گۆڕێکی هاوبەش پەیدادەکەن. مارکس و پرۆدۆن، لیۆن فۆن بۆخ و فرانتس ئێپینهایم، فریدریش ئالبێرت لانگەو کانت ، پرۆکۆپویچ و دکتۆر ڕەیتر فۆن نۆی پاوێر، هێرکنێر و شۆڵتز-گاونیتز ، لاساڵ و پرۆفیسۆر یولیوس ڤۆڵف ، هەموو ئەمانە لە سیستەمی بێرنیشتایندا ڕۆڵیان هەیەو لەهەر کامەیان شتێک هەڵدەگرێت. (پاشاگەردانییەکە هەر مەپرسە). هەڵبەت ئەمە سەیر نییە، چونکە کاتێک کە ڕوانگەی چینایەتی وەلادەنێت، ئاسۆی سیاسیشی لەدەستدەدات، کاتێک

کە سۆسیالیزمی زانستی وەلادەنێت، تەوەری ئەو ڕەنگدانەوە فیکرییانە لە دەستدەدات، کە بـەدەوری ئەو هەقیقەتەوە لەگشتێکی ئۆرگانیکی تێگەیشتنێکی یەکپارچەیی جیهاندا کۆدەبنەوە.

لە سەرەتادا وادێتە بەرچاو، کە تێزەکەی لەنێکەڵاوێکی بەشەکانی هەموو سیستەمەکان پێکهاتووە، لەهەر چەشنە پێشداوەری و ناوبژیوانییەک بەدوورە. «بێرنیشتاین» حەز ناکات قسە لە«زانستی لایەنگر» یان بەواتایەکی دیکە زانستی چینایەتی بکات، هەر بەو ڕادەیـە کە حەز ناکات باسی لیبراڵیزمی چینایەتی، یان ئەخلاقی چینایەتی بکات. ئەو پێیوایە لە دەربڕینی زانستی ڕوتەڵی مرۆڤی گشتی، لیبراڵیزمی ڕوتەڵی و ئەخلاقی ڕوتەڵییدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگە لەو چینانە پێکهاتووە، کە قازانج و بەرژەوەندی، خواست و تێگەیشتنیان بە تـەواوی نەیاری یەکترینە، زانستی مرۆیی گشتی لەکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا یان لیبراڵیزمی داماڵراوی و ئەخلاقیاتی داماڵراو بێجگە لەخۆشباوەڕییەکی ساوێلکانە هیچی تر نییە. ئەوەی «بێرنیشتاین» بەزانستی گشتی، دیموکراسی و ئەخلاقی دەزانێت، تەنها زانستی زاڵ، دیموکراسی زاڵ و ئەخلاقی زاڵ، واتە زانستی بۆرژوایی، دیموکراسی بۆرژوایی و ئەخلاقی بۆرژواییە.

کاتێک کە بێرنیشتاین سیستەمی ئابوری مارکسیستی ڕەتدەکاتەوە، بۆئەوەی سوێند بەفێرکارییەکانی بێرنتانۆ، بوهێم-جونز، سەو یولیوس ڤۆڵف بخوات، ئایا تەنها بناغەی زانستی ڕزگاری چینی کرێکار لانابات و پاساوەکانی بۆرژوازی لەجێگای دانانێت؟ کاتێک کە باس لەگەوهەری جیهانداگری مرۆیی لیبراڵیزم دەکات و سۆسیالیزم بۆ جۆرێک سەرمایەداری دادەشکێنێت، ئایا تەنها کارێک کە دەیکات ئەوە نییە کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە ناوەرۆکی چینایەتی و مێژوویی و بەگشتی لەهەر چەشنە ناوەڕۆکێک بێبەشدەکات و لەهەمانکاتدا بەپێچەوانەیەوە، هەڵگری مێژوویی لیبراڵیزم، واتە بۆرژوازی

دەکاتە ئاڵاهەڵگری بەرژەوەندی جیهانداگری مرۆڤەکان؟

کاتێک کە»گەشەکردنی فاکتەرە مادییەکان، هەتا ئاستی هێزێکی بەهێزی تەکامول» ئیدانە دەکات، کاتێک بەرامبەر بە»سووک ئەژمارکردنی ئامانج» ناڕەزایی دژی سۆسیال دیموکراسی دەردەبڕێت، کاتێک کە بەئەرکی خۆی دەزانێت داکۆکی لە ئایدیالیزم و ئەخلاق بکات، بەڵام لەهەمانکاتدا بەرامبەر بەتاقە سەرچاوەی نوێبوونەوەی ئەخلاقی پڕۆلیتاریا، واتە خەباتی چینایەتی ناڕەزایی دەردەبڕێت، لەکردەوەدا بێجگە لەوەی کە بۆچینی کرێکار باسی گەوهەری ئەخلاقی بۆرژوازی دەکات چ دەکات، واتە باسی ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئەم سیستەمەو گواستنەوەی هیواکانی پڕۆلیتاریا بۆ ئەودیوی جیهانی ئایدیالی-ئەخلاقی؟

لە راستیدا کاتێک کە چزێنەرترین گوللەکانی خۆی بەرەو دیالیکتیک دەهاوێژێت، بەشێوەیەکی تایبەتی هێرش دەکاتە سەر بیروباوەڕی پڕۆلیتاریا، کە لە هوشیاری چینایەتی بەرهەمەندە. ئایا دیالێکتیک هەرئەو شمشێرە نییە کە یارمەتی پڕۆلیتاریا دەدات تاریکی داهاتووی مێژوو هەڵدڕێت، ئایا دیالێکتیک هەرئەو تیشکە نییە کە دەهاوێژرێت، بۆئەوەی داهاتووی مێژووی پڕۆلیتاریا رووناک بکاتەوە، چەکێکی فیکری نییە کە ئەو توانایە بەپڕۆلیتاریای کۆت و بەندکراو دەبەخشێت و بەسەر بۆرژوازیدا سەربکەوێت و خەسڵەتی کاتی خۆی بۆرژوازی دەسەلمێنێت و چارەهەڵنەگربوونی سەرکەوتنی پڕۆلیتاریا نیشاندەدات؟ ئایا دیالێکتیک لەبواری ئەندێشەدا شۆڕشێکی پێکنەهێناوە؟ «بێرنیشتاین» بە وەلانانی دیالێکتیک و پەنابردن بۆ هەلەق و مەلەقی فیکری «لەلایەکەوە- لەلایەکی دیکەوە»، «بەڵێ-بەڵام»، «ئەگەرچی-بەڵام»، «کەم-زۆر»، دەخزێتە ناو ئەوشێوە بەرتەسکە مێژووییەی بۆرژوازی، کە خەریکە دەفەوتێت، شێوەیەک لە بیر و باوەڕ کە رەنگدانەوەی فیکری بوونی کۆمەڵایەتی و هەڵسوڕانی سیاسییە. «لەلایەکەوە- لەلایەکی دیکەوە»،

«بەڵێ-بەڵام»ی سیاسی بۆرژوازی ئەمڕۆ ڕێک وەکو شێوەی بیرکردنەوەی «بێرنیشتاین» وایە. ئەمە بەرچاوترین و بێ ئەملاولاترین نیشانەی تێگەیشتنی بۆرژواییانەیەتی بۆ جیهانە.

بەڵام وشەی «بـۆرژوا» بۆ «بێرنیشتاین» ڕەنگدانەوەی چینایەتی نییە، بەڵکو چەمکێکی کۆمەڵایەتی گشتییە. «بێرنیشتاین» لە ڕەوتی لۆژیکی خۆیدا زمانی مێژوویی پڕۆلیتاریای وێڕای زانست، سیاسەت، ئەخلاق و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو چینە لەگەڵ زمانی بۆرژوایی گۆڕیوە. کاتێک کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان دەستەواژەی «هاوڵاتی» نابێنێت و بۆ ئاماژەکردن بەبۆرژوازی و پڕۆلیتاریا بەکاریدەبات، لە ڕاستیدا مرۆڤ لەگەڵ بۆرژوازی و کۆمەڵی بۆرژوایی لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆیی بەیەکسان دەزانێت.

(ئەگەر لەسەرەتای باسەکە لەگەڵ بێرنیشتایندا هێشتا ئەو هیوایە هەبوو بتوانین بە قەناعەتی بگەیەنین و بە هۆکارهێنانەوە لەجبەخانەی زانستی سۆسیال دیموکراسی بۆ نێو بزووتنەوەکەی بگەڕێنینەوە، ئێستا ئیتر دەبێت یەکسەر وازی لێبێنین. ئێستا ئیتر وشەکانی هاوشێوەی یەکتری و چەمکەکانی دیکە ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی هاوشێوە بۆ هەردوو لایەن باسناکەن. گەنگەشە لەگەڵ «بێرنیشتاین» بووەتە مشتومڕی دوو جیهانبینی، گفتوگۆی دوو چین، دوو شێوەی کۆمەڵایەتی. ئەمڕۆ «بێرنیشتاین» و سۆسیال دیموکراسی لە دوو زەوی بەتەواوەتی جیاوازدا بەرەوڕووی یەکتری وەستاونەتەوە.)

## ئۆپۆرتۆنیزم لەتیۆری و پراکتیکدا

کتێبی «بێرنیشتاین» گرینگییەکی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی کرێکاری ئەڵمانیاو جیهان هەیە. ئەمە یەکەم هەوڵی لایەنە ئۆپۆرتۆنیستەکانی ناو سۆسیال دیموکراسی بۆ پێکهێنانی بناغەیەکی تیۆریکە.

ئەگەر خۆدەرخستنی وەرزی ڕەوتە ئۆپۆڕتۆنیستەکان بۆ وێنە کێشەی بەناوبانگی سەرپۆشی هەڵم لەبەرچاو بگرین، بۆمان دەردەکەوێت دەمێکە لەناو بزووتنەوەکەماندا ڕەوتە ئۆپۆڕتۆنیستەکان پەیدابوون، بەڵام تەنها لەسەرەتای دەیەی 1890داو پاش هەڵوەشانەوەی یاسای دژەسۆسیالیستی و کرانەوەی بـواری یاسایی ڕەوتێکی ئۆپۆڕتۆنیستی بە ڕاشکاوی خۆی دەرخست. «سۆسیالیزمی دەوڵەتی» فۆلمار، دەنگدان بەبوودجەی ویلایەتی باڤاریا، «سۆسیالیزمی کشتوکاڵی» ئەڵمانیای باشور، سیاسەتی غەرامەی گینیا، هەڵوێستی شیپڵ، سەبارەت بەگومریک و میلیتاریزم لەگەشەی پراکتیکی ئۆپۆڕتۆنیستیدا، بە خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی ئەژمار دەکرێن.

تایبەتمەندی رواڵەتی ئەم کردەوانە چییە؟ دوژمنایەتی لەگەڵ «تیۆری». ئەمە زۆر شایانی تێگەیشتنە، چونکە «تیۆری»یەکەمان، واتە بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی ڕێگای دیاریکراو بۆ هەڵسوڕانی کردەوەیی (لەبارەی بە ئامانجەکانی ئەم هەڵسوڕانە، ئەو ئامرازانەی بۆگەیشتن بەم ئامانجانە بەکاردەبرێن و ڕێگای خەبات) دیاریدەکات، هەربەم بۆنەشەوە زۆر ئاساییە کەسانێک کە تەنها بەدوای ئاکامی هەنوکەییەوەن، بیانەوێت خۆیان لەم کۆت و بەندە رزگار بکەن، واتە پراکتیکی خۆیان لە«تیۆری» جیابکەنەوە.

بەڵام ئەم تیۆرە لەهەر هەوڵێکی پڕاکتیکدا بێ ئاکام ماوەتەوە. سۆسیالیزمی دەوڵەتی، سۆسیالیزمی کشتوکاڵ، سیاسەتی قەرەبووکردنەوە، کێشەی هێزی سەربازی، هەموو ئەمانە باس لەشکستی ئۆپۆڕتۆنیزم دەکەن. ئاشکرایە ئەگەر ئەم ڕەوتە بیەوێت لەبەرامبەر پرەنسیپەکانی ئێمەدا سەر بەرز بکاتەوە، دەبێت بەجێگایەک بگات، کە هێرش بکاتە سەر تیۆری و پرەنسیپەکان و لەجیاتی ئەوەی لەبەرچاویان نەگرێت، لەناویان ببات و بەردی بناغەی تیۆری خۆی بونیات بنێت. کتێبەکەی «بێرنیشتاین» هەوڵێکە بەم

ئاڕاستەیەدا. هەربەم بۆنەشەوەیە کە لە کۆنگرەی حزب لە شتوتگارت (ساڵی 1898) ئۆپۆرتۆنیستەکانی ناو حیزبەکەمان دەستبەجێ لەژێر ئاڵای بێرنیشتایندا کۆبوونەوە. ئەگەر لەلایەکەوە رەوتە ئۆپۆرتۆنیستەکان لەهەڵسوڕانی کرداری خۆیاندا یەکسەر دیاردەیەکی سروشتین و دەتوانین لەژێر تیشکی بارودۆخی هەڵسوڕانی ئەمڕۆمان و گەشەی ئەو هەڵسوڕانەدا شیبکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە تیۆری «بێرنیشتاین» هەوڵێکی سروشتی دیکەیە بۆ رێکخستنی ئەم رەوتانە لە دەوری تیۆرییەکی یەکپارچەدا، کە پێشمەرجە تایبەتییە تیۆریەکانی خۆیان دەدۆزنەوە و پەیوەندی خۆیان لەگەڵ سۆسیالیزمی زانستی دەپچڕێنن. تیۆری «بێرنیشتاین» لەو شێوەیەدا کوانوویەکی تاقیکردنەوەی تیۆری ئۆپۆرتۆنیزم و بە یەکەم هەوڵ بۆ دۆزینەوەی رەوایی زانستی لەقەڵەم دەدرێت.

ئۆپۆرتۆنیزم لەکوانووی تاقیکردنەوەدا چۆن هاتەدەر؟ بەچاوی خۆمان دەرئەنجامەکانمان بینی. ئۆپۆرتۆنیزم ناتوانێت تیۆرییەکی ئەرێنی پێکبهێنێت کە لەبەرامبەر رەخنەی توندوتۆڵی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕدا خۆبگرێت . تەنها دەتوانێت بەدانە دانە هێرش بکاتە سەر تێزە جۆراوجۆرەکانی دیکترینی مارکسیستی و بەهۆی ئەوەی کە دکترینی مارکسیستی لەسەر بناغەیەکی پتەو و قایم بونیاتنراوە، سەرجەم ئەو سیستەمە لەبناغەوە تا نوک، وێران بکات. ئەوە پیشانیدەدات کە پڕاکتیکی ئۆپۆڕتۆنیستی لە گەوهەر و پایەکانیدا ناتەبای مارکسیزمە.

بەڵام بەمشێوەیە پیشانیدەدات، کە ئۆپۆرتۆنیزم ناتەبای سۆسیالیزم بەگشتی و مەیلی دەرونی ئۆپۆرتۆنیزمە کە بزووتنەوەی کرێکاری بەرەو رێگای بۆرژوازی ببات، واتە خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاری بە تەواوەتی پەک بخات.

ئەگەر لە بـواری مێژووییەوە بۆ خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاری بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێت، کە خەباتی چینایەتی و مارکسیزم پێ بەپێی یەکتری پەیدا نەبوون. بەر لەمارکسیزم بزووتنەوەی کرێکاری و سیستەمی سۆسیالیستی جۆراوجۆر هەبوو، کە هەرکامەیان بەپێی پێویستی سەردەم بەشێوەی خۆی رەنگدانەوەی خەباتی چینی کرێکار بۆ رزگاری لەتیۆریدا بوون. دامەزراندنی سۆسیالیزم لەسەر چەمکی ئەخلاقی وەکو دادپەروەری، خەبات لەدژی شێوەی دابەشکردنی کاڵا (لەجێگای خەبات لەدژی شێوەی بەرهەمهێنان)، تێگەیشتن لەخەباتی چینایەتی وەکو ناکۆکی نێوان هەژار و دەوڵەمەند (لەجێگای ناکۆکی نێوان کار و سەرمایە)، هەوڵدان بۆ لکاندنی «بنەمای هاوبەشێتی» بۆ ئابوری سەرمایەداری، هەموو ئەمانە ئەو شتانەن کە لەسیستەمی بێرنیشتایندا دەیبینینەوە و بەر لەئەویش بووە. ئەم تیۆرانە سەرەڕای کەم و کورتییەکانیان، لەسەردەمی خۆیاندا هێزی بزوێنەری خەباتی چینایەتی پڕۆلیتاریا بوون. ئەمانە پێڵاوی منداڵانەی سەردەمی منداڵی پڕۆلیتاریا بوون. پڕۆلیتاریا بەو پێڵاوە گەورانە توانی پێبگرێت و لەمەیدانی مێژوودا رێپێوان بکات.

بەڵام لەدوای ئەوەی خەباتی چینایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو خەباتە ئەوەندە گەشەی کرد، کە بووە هۆی ئەوەی (لانیکەم لەئەڵمانیا) ئەم تیۆرانە وەلابنرێت و بنەماکانی سۆسیالیزمی زانستی دابڕێژرێت، ئیتر سۆسیالیزمێک لە دەرەوەی سۆسیالیزمی مارکسیستی و خەباتێکی چینایەتی لە دەرەوەی خەباتی سۆسیال دیموکراسی بوونی نییە. لەوە بەولاوە سۆسیالیزم و مارکسیزم، خەباتی پڕۆلیتاریا بۆ رزگاری و سۆسیال دیموکراسی یەکسانن. بەم پێیە، ئەمڕۆ ئیتر گەڕانەوە بۆ تیۆرەکانی بەر لەمارکس تەنها بەمانای گەڕانەوە بۆ پێڵاوەکانی سەردەمی منداڵی پڕۆلیتاریایە. تەنها ئەوەش نییە، ئەمە گەڕانەوە بۆ سەرپاییە شل و شۆڵ و بەکارهاتووەکانی بۆرژوازییە.

تیۆری «بێرنیشتاین» یەکەم، لەهەمانکاتدا دوایین هەوڵ بۆ دانانی ئۆپۆرتۆنیزم لەسەر بناغەیەکی تیۆریک بوو. بەم بۆنەوە دەڵێین «دوایین» هەوڵ، چونکە ئۆپۆرتۆنیزم لەسیستەمی بێرنیشتایندا تا ئەوجێگایەی بۆی دەکرا چووەتە پێشەوە (چ بەشێوەی نەرێنی لە رێگەی رەتکردنەوەی سۆسیالیزمی زانستی و چ بەشێوەی ئەرێنی لە رێگەی تێکەڵکردنی بەشە شپرزەکانی ئەو تیۆرە) و ئیتر کارێکی دیکەی بۆ نەماوەتەوە. ئۆپۆرتۆنیزم بەکتێبەکەی «بێرنیشتاین» ئیتر لە بواری تیۆرییەوە بەتەواوەتی گەشەیکردووە (هەر بەو جۆرەی کە تەکامولی ئەو تیۆرە لەپراکتیکدا لە هەڵوێستەکانی شیپڵ، سەبارەت بەکێشەی میلیتاریزمدا تەواو بووە) و بەدوا ئەنجامەکانی خۆی گەیشتووە.

دکترینی مارکسی نەک تەنها دەتوانێت لەبواری تیۆرییەوە ئۆرتۆنیزم رەتبکاتەوە، بەڵکو دەتوانێت ئۆپۆرتۆنیزم وەکو دیاردەییەکی مێژوویی لە رەوتی تەکامولی حزبدا روونبکاتەوە. راستییەکەی ئەوەیە کە پێشڕەوی مێژوویی-جیهانی پڕۆلیتاریا بەرەو سەرکەوتنی یەکجاری «کارێکی سادە» نییە. (بەواتایەکی دیکە رێگای سۆسیالیزم وەکو شەقامەکانی پترۆگراد بەردڕێژ نەکراوە. لینین) خەسڵەتی داهێنەرانەی ئەم بزووتنەوەیە لەوەدایە، کە بۆ یەکەمجار لەمێژوودا جەماوەری خەڵک لەدژایەتیکردنی چینە دەسەڵاتدارەکان ئیرادەی خۆیان دەسەپێنن. جەماوەر تەنها دەتوانن لە رەوتی خەباتی بەردەوام لە دژی سیستەمی سەرمایەداری و تەنها لەو چوارچێوەیەدا (واتە خەباتی دژە سەرمایەداری) ئەو ئیرادەیە شکڵ پێبدەن. یەکگرتنی جەماوەری هەرەزۆری خەڵک بەئامانجی تێپەڕاندنی سیستەمی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری بەگشتی، یەکگرتنی خەباتی رۆژانە بۆ گۆڕینی ریشەیی جیهان، واتە بەجێگەیاندنی ئەرکی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتی دەبێت لەجادەی تەکامولیدا لەنێوان دوو خاڵی وەرچەرخانی مێژوویی مەترسیداردا، واتە وەلانانی خەسڵەتی

جەماوەری یان وەلاتانی ئامانجی کۆتایی، خزانە نێو سیکتاریزم، یان خزانە نێو ریفۆرمی بۆرژوایی، ئانارشیزم یان ئۆپۆرتۆنیزم بپەڕێنەوە.

بەدڵنیاییەوە نیوسەدە لەوەپێش جبەخانەی دکترینی تیۆری مارکسیستی چەکوچۆڵی کاریگەری لەدژی ئەو تووندڕەوییە ئامادە کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بزووتنەوەکەمان بزووتنەوەیەکی جەماوەرییەو ئەو مەترسییانەی هەڕەشەی لێ دەکات مەترسییەک نییە، کە لەمێشکی مرۆڤەوە رژابێتە دەرەوە، بەڵکو بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتییە، دکترینی مارکسیستی ناتوانێت پێشوەخت و جارێک بۆ هەتاهەتایە واکسەنێکمان پێشکەش بکات و لەبەرانبەر لادانی ئانارشیستی و ئۆپۆرتۆنیستیدا گەرەنتیمان بکات. کاتێک ئەم لادانانە دەبنە پڕاکتیک، تەنها لە رێگەی بزووتنەوەکەوە دەتوانین بەسەریاندا زاڵبین، هەڵبەت بە یارمەتی ئەو چەکانەی مارکس بۆی داناوین. سۆسیال دیموکراسی پێشتر بەسەر مەترسی بچووکتری وەکو مەیلی منداڵانەی ئانارشیستی زاڵ بووە. لەئێستادا لەرەوتی زاڵبوون بەسەر مەترسییەکی گەورەتر، واتە نەخۆشی ئۆپۆرتۆنیستیدایە.

بەپەرەسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری لەم چەند ساڵەی دواییداو ئاڵۆزکاوتربوونی هەلومەرج و ئەو ئامانجەی خەباتی بۆ دەکرێت، ئاشکرایە کاتێک دەگات کە گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی و لایەنی تیۆری بزووتنەوە روبەڕووی گومان دەبێتەوە. بزووتنەوەی مەزنی پڕۆلیتاری تەنها بەوشێوەیە دەتوانێت و دەبێت بەرەوپێش بچێت. کات و ساتی گومان و رارایی بۆ دکترینی مارکسیستی سەیر نییە. مارکس زیاتر لەنیو سەدە لەوەپێش ئەو بابەتەی پێشبینی کردبوو:

مارکس نیوسەدە لەوەپێش لەکتێبی «هەژدەهەمی برومێر، لویی بوناپارت»دا نووسی: «شۆڕشە بۆرژواییەکان، لەجۆری شۆڕشەکانی سەدەی هەژدە بەخێرایی لەسەرکەوتنێکەوە بەسەرکەوتنێکی دیکە دەگەن. ئاکامە

دراماتیکەکانی هەرکام لەم شۆڕشانە زیاتر لەوی دیکەیانە. مرۆڤەکان و شتومەکەکان نوقمی ئیشک و ئاگرن و رۆژ بەرۆژ زیاتر لەخۆیان دەردەچن، بەڵام هەموو ئەمانە دەوامی نییەو زۆری پێناچێت کە ئەم هەراو هوریا بە لوتکەی خۆی دەگات. و کۆمەڵگە پێدەنێنە نێو سەردەمێکی درێژماوە لە پەشیمانی و نوقمی دۆخێکی سستدەبێت، کە هێشتا مەجالی پەیدا نەکردووە لە کەش و هەوایەکی هێمندا سەرکەوتنەکانی سەردەمی زریان و هەڵچوون وەربگرێت. بەڵام شۆڕشەکانی پڕۆلیتاریا بە پێچەوانەوە، وەکو شۆڕشەکانی سەدەی نۆزدە هەمیشە رەخنە لەخۆیان دەگرن، سات بەسات رادەوەستن بۆ ئەوەی بپەرژێنە سەر شتێک، کە وادێتە بەرچاو ئەنجامدراوە و سەرلەنوێ هەوڵەکانیان دەستپێدەکەنەوە. بێ بەزەییانە بەیەکەم دوودڵی ، ڕاڕایی و بێ ئاکام مانەوەکانیان لەیەکەم هەوڵەکەنیان پێدەکەنن، رکەبەرەکەیان لە زەوی نادەن مەگەر بۆ ئەوەی دەرفەتی پێبدەن سەرلەنوێ هەستێتەوە و بەشێوەیەکی تووندتر لەجاران بەرەوڕوویان دەوەستتەوە، چەندینجار لە بەرامبەر مەزنی و بێکۆتایی نادیاری ئامانجەکانی خۆیاندا پاشەکشە دەکەن، بۆئەوەی ئەو ساتەی کە کار بەجێگایەک دەگات، ئیتر هیچ جۆرە پاشەکشەیەک مومکین نییە و بارودۆخەکە دەنگ هەڵدەبڕێت کە»رۆدس لێرەیە، دەبێت لێرەدا هەڵپەڕین! گوڵ لێرەیە، دەبێ لێرەدا سەما بکەین!»

تەنانەت دوای خارانی سۆسیالیزمی زانستیش ئەم بارودۆخە دێتەکایەوە. بزووتنەوەی کرێکاری، تەنانەت لەئەڵمانیاش بەتەواوەتی نەبووەتە سۆسیال دیموکراتیک، بەڵام بەزاڵبوونی بـەردەوام بەسەر لادانی تووندڕەوانەی ئانارشیزم و ئۆپۆڕتۆنیزم کە هەردووکیان قۆناغە دیاریکراوەکانی رەوتی بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بە ئەژمار دێن، ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لەجاران سۆسیال دیموکراتیک دەبێت.

هەر بەم بۆنەشەوە سەرهەڵدانی رەوتی ئۆپۆڕتۆنیستی سەیر نییە،

بەڵکو لاوازبوونی سەیرە. تاکاتێک کە ئۆپۆڕتۆنیزم لە بابەتی تاک و تەرا لەهەڵسووڕانی پڕاتیکی حیبدا خۆی پیشاندەدا، هێشتا دەمانتوانی وایدابنین کە لەپشتەوەیدا بناغەیەکی تیۆری جدی هەیە، بەڵام ئێستا کە لەکتێبەکەی بێرنیشتایندا بەتەواوەتی خۆی پیشاندەداتּ، ناتوانین بەسەرسوڕمانەوە هاوار نەکەین: چی؟ ئەمە گشتּ ئەو شتەیە بۆ وتن پێتانە؟ تەنانەتּ سێبەری بیرێکی داهێنەرانەشی تێدا نییە! تەنانەتּ بیرێکیشی تێدا نییە، کە چەند دەیە لەوەپێش لەلایەن مارکسیزمەوە رەتنەکرابێتەوە، تێکنەشکێندرابێتּ و گاڵتەی پێ نەکرابێتּ و لە زەوی نەدرابێتּ!

تەنها ئەوە بەس بوو ئۆپۆرتۆنیزم قسە بکاتּ، بۆئەوەی نیشانیبداتּ هیچ شتێکی دیکەی پێ نییە. گرنگی کتێبەکەی «بێرنیشتاین» لەمێژووی حیزبدا هەر ئەوەیە. بەمشێوەیە «بێرنیشتاین»لەکاتێکدا کە لە روانگەی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، دیالیکتیک و تێگەیشتنی ماتریالیستی ماڵئاوایی لە مێژوو دەکاتּ، دەتوانێتּ سوپاسی هەموو ئەوانە بکاتּ، کە هەلومەرجیان بۆ داشکاندنی بۆچوونەکەی رەخساند، چونکە تەنیا دیالێکتیک و تێگەیشتنی ماتریالیستی لەمێژوو دەتوانێتּ سەربەرزانە «بێرنیشتاین» بە ئامرازیک بزانێتּ، کە مەحکوم بەشکستە، لەهەمانکاتدا بەکۆسپێک بزانێتּ، کە بە یارمەتی ئەو کۆسپە چینی کرێکاری پێگەیشتوو، خاڵە لاوازەکانی خۆی بەیان دەکاتּ، بۆئەوەی لەدوای بەرەوڕوو بوونەوەی لەگەڵ هەقیقەتּ، بەسووکایەتی و لوتبەرزییەوە وەلای بنێتּ.

(ئێمە وتمان کە بزووتنەوە بە زاڵبوون بەسەر لادانی ئانارشیستی و ئۆپۆرتۆنیستیدا، کە لە دوای گەشەی بزووتنەوەکە پەیدا دەبن، سۆسیال دیموکراتی دەبێتּ، بەڵام زاڵبوون بەو مانایە نییە کە رێگا بدەین هەموو شتێک لەسەر خواستی خوداو لەوپەڕی هێمنیدا بەڕێوەبچێتּ. زاڵبوون بەسەر مەیلی ئۆپۆرتۆنیستی ئەمڕۆکە واتا رەتی بکەینەوە.

بێرنیشتاین کتێبەکەی خۆی بەو پێشنیارە بۆحزب کۆتایی پێدێنێت، کە دەبێت هەربەو جۆرەی کە هەیە خۆی دەربخات، واتە وەکو حزبێکی ریفۆرمیستی-سۆسیالیستی دیموکراتیک. ئێمە وەک حزب، واتە بەرزترین ناوەندی کە کۆنگرەی حزبە پێمانوایە دەبێت بۆ «بێرنیشتاین» پێشنیار بکەین، کە ئەویش دەبێت هەر بەو جۆرەی کە هەیە خۆی دەربخات، واتە وەکو دیموکراتێکی وردەبۆرژوای پێشکەوتنخواز.)

# ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ و پرسی ژن
# مافی دەنگدانی ژنان و خەباتی چینایەتی

## پێشەکی وەرگێڕ

ئەوە وتەکانی «ڕۆزا لۆکسامبۆرگ»ە، لە خۆپیشاندانی دووەمی ژنانی سۆسیال دیموکراتْ، ڕێکەوتی 12ی مانگی مەیی 1912یە. دەقی ئینگلیزی «کۆمەڵە بەرهەمە سیاسییەکانی ڕۆزا لۆکسامبۆرگ، مانثلی ڕۆیۆپرێس، نیۆیۆرک، 1971، لاپەڕەی 222–216).

***

هۆی چییە ژنانی کرێکار لە ئەڵمانیا ڕێکخراویان نییە؟ بۆ وەها کەم لەبارەی بزووتنەوەی ژنان دەبیستین؟ «ئاممای ئایرێر»*، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی ژنانی پرۆلیتاری ئەڵمانیا، لەبابەتێکدا بەناونیشانی «ژنانی کرێکار لە خەباتی چینایەتی» کە ساڵی 1898 بڵاوکراوەتەوە، بەم پرسیارانە دەستپێدەکاتْ. لەو کاتەوە 14 ساڵ تێپەڕبووە، بەڵام لەم چواردە ساڵەدا بزووتنەوەی ژنانی کرێکار بەشێوەیەکی فراوان پەرەی سەندووە و ڕەگئاژۆی کردووە. زیاتر لە 15 هەزار ژن لە یەکێتییە کرێکارییەکاندا ڕێکخرابوون و لەخەباتی چینی کرێکاردا، یەکێک لە چالاکترین گوردانەکانی پڕۆلیتاریا بوون. چەندین هەزار ژنی ڕێکخراو لە ڕێکخراوە سیاسییەکاندا لەژێر ئاڵای سۆسیال دیموکراسیدا ڕاپەڕیوون: ڕۆژنامەی سۆسیال دیموکراتی «دی گلایش هایتْ» (یەکسانی) کە «کلارا زتکین»** سەرنوسەریەتی، لەزیاتر لە (100000) هەزار نوسخەدا، بڵاودەبێتەوە. لەنێو بەرنامەی سۆسیال

دیموکراسیدا، مافی دەنگدانی ژنان کێشەیەکی زۆر گرنگە، کە پێویستی وەڵامی پێبدرێتەوە.

رەنگە ئەم فاکتەرانە ناچارتان بکەن، گرنگیەکی کەم بەخەباتی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدان بدەن. لەوانەیە پێتانوابێت ئێمە تەنانەت بەبێ ئەوەی دەستمان بەمافی سیاسی یەکسان بۆ ژنان بگات، لەبواری گەشەپێدان و رێکخستنی ژناندا پێشکەوتنی زۆرمان بەدەستهێناوە، کەوایە گوایە مافی دەنگدانی ژنان پێویستییەکی هەنوکەیی نییە، ئەگەر وەها بیردەکەنەوە، فریوتان خواردووە. بەخەبەرهاتنی سیاسی و سەندیکایی جەماوەری پرۆلیتاریای ژن لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا شکۆدار بووە، بەڵام ئەو وەخەبەرهاتنە تەنها بەوبۆنەوە هاتەئاراوە، کە ژنانی کرێکار سەرەڕای ئەوەی کە لە مافەکانی خۆیان بێبەشبوون، چۆکیان دانەداو لەخەباتی سیاسی و پەرلەمانی چینەکەیاندا بەشێوەیەکی ماندوونەناسانە بەشدارییانکرد. تائێرە دەبینین ژنانی پرۆلیتاریا لەلایەن مافی دەنگدانی پیاوانەوە پشتیوانیان لێکراوە، کە ژنان ئەگەرچی بەشێوەی ناراستەوخۆ، بەڵام لەسەری دەوریان هەبووە. ئەمڕۆکە کۆمەڵانی خەڵک، چ پیاوان و چ ژنانی چینی کرێکار، هەڵسوڕانی پەرلەمانی بەئامانجی هاوبەشی خۆیان دەزانن. لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەکانی سۆسیال دیموکراتدا کە پەیوەندی بەهەڵبژاردنەوە هەیە، ژنان بەشێکی گەورەو هەندێک جار زۆرینە پێکدەهێنن و بەگوڕوتینێکی تایبەتییەوە باسیدەکەن. لەگشت ئەوشوێنانەی، کە رێکخراوێکی قورس و قایمی سۆسیال دیموکراتیک هەیە، ژنان لەهەڵسوڕانی پەرلەمانیدا یارمەتی خەبات دەدەن.

دەوڵەتی سەرمایەداری نەیتوانیوە پێش بە بەشداری ژنان لەو بوارانەدا بکرێت و لەژیانی سیاسی وەدەریان بنێت. هەنگاو بەهەنگاو دەوڵەت ناچار کراوە مل بەمافەکانی ژنان بدات و لەهەمانکاتدا مافی پێکهێنانی یەکێتی و کۆبوونەوەیان بەفەرمی بناسێت. تەنها یەک مافی سیاسی ماوە کە ژنان

دەستەبەری بکەن. ئەویش مافی دەنگدان، مافی هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک بەشێوەی راستەوخۆ لەناوەندەکانی یاسادانەر و بەڕێوەبەری یاسا، هەڵبژاردن وەکو ئەندامێک لەو ناوەندانەدایە. لێرەشدا وەکو بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە، درووشم ئەوەیە:»رێگا نەدەین دەستپێبکرێت!» «بەڵام ئەوشتە دەستپێکردووە. دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ کاتێک کە رێگای بە پڕۆلیتاریادا بەئاشکرا کۆببێتەوە و رێکخراوە سیاسییەکانی دامەزرێنێت، ملی بەوەشدا. دەوڵەت دڵخوازانە ئەو مافەی نەدا. گوشاری خەباتی چینی کرێکار ناچاریکرد ئەو مافە بە فەرمی بناسێت. خەباتی روو لەپێشەوەی ژنانی پڕۆلیتار، دەوڵەتی پڕۆسیای ئەڵمانی ناچارکرد دەست لە «بەشی ژنان»ی*** بەناوبانگ لەکۆبوونەوەی رێکخراوە سیاسییەکانی هەڵبگرێت و دەرگاکانی رێکخراوە سیاسییەکان بـەڕووی ژنان دا بکاتەوە. بەراستی ئەوە رێگای تەختکرد. گەشەی نەپساوەی خەباتی چینی کرێکار، مافی ژنانی کرێکاری هێنایە بواری سیاسییەوە و ئیتر ژنان دەبوایە لەوبوارەدا داواکارییەکانی خۆیان جێبەجێبکەن. ژنانی پڕۆلیتار لە مافی پێکهێنانی یەکێتی و کۆبوونەوە ئەوپەڕی کەڵکیان وەرگرت و چالاکانە لە ژیانی پەرلەمانیدا بە شدارییان کرد. ئەمە تەنها ئاکامی چارەهەڵنەگر و دەرئەنجامی لۆژیکی بزووتنەوەیەکە، کە ئەمڕۆ بە ملیۆن ژنی پڕۆلیتاری خەباتکاری هێناوەتە مەیدان و بەبڕوا بەخۆیەکی تایبەتییەوە دەنگ هەڵدەبڕن: «ئێمە مافی دەنگدانمان دەوێت».

سەردەمانێک لەکاتی حکومەتی رەهـای بەر لە 1848، بەچینی کرێکاریان دەوت هێشتا ئەوەندە پێنەگەیشتوون کە بتوانن چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن، بەڵام ئەمڕۆ ئیتر ناتوانن بەژنانی پڕۆلیتاریا بڵێن، هێشتا ئەوەندە پێنەگەیشتوون کە لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆتاندا بەشداری بکەن، چونکە هەمووان دەزانن ژنان لێهاتوویی خۆیان پیشانداوە و بەشێک لەم لێهاتووییەشیان لەبواری سیاسییەوە دەرخستووە. هەمووان دەزانن بەبێ

بەشداری چالاکانەی ژنانی کرێکار، حزبی سوسیال دیموکراتی نەیدەتوانی سەرکەوتنی شکۆداری 12ی ژانویەی 1912 بەدەستبێنێت، نەیدەتوانی چوار ملیۆن و دووسەد و پەنجا هەزار دەنگ بۆ خۆی دەستەبەر بکات. لەهەموو روویەکەوە، چینی کرێکار هەمیشە بە راپەڕینی شکۆداری شۆڕشگێڕانەی جەماوەر سەلماندوویە، کە چەندە بۆ رزگاری سیاسیی ئەمادەیە. ئەوانەی کە بە»مافی خواوەندی»یەوە بە تەخت و بەختی پاشایەتی پاڵیانداوەتەوە و رەسەنترین پیاوانی وڵاتیان پێدەوترێت، تەنها کاتێک لێیان حاڵی دەبێت، جەماوەر تا چەند لە بواری سیاسییەوە پێگەیشتووە، کە پڕۆلیتاریا مستی خۆی بەرەوڕوویان بکاتەوە و ئەژنۆی بخاتە سەر سکییان، تەنها ئەوکاتە وەکو هەورەتریشقە بۆیاندەردەکەوێت، چینی کرێکار لەبواری سیاسییەوە پێگەیشتووە. ئەمڕۆ ئیتر نۆرەی ژنانی پڕۆلیتاریایە بەدەوڵەتی سەرمایەداری پیشانبدەن پێگەیشتوون. تەنها لە رێگەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری شێلگیر و بەهێزەوە دەتوانین پێگەیشتنی ژنانی پڕۆلیتار پیشانی دەوڵەتی سەرمایەداری بدەین و بۆ ئەومەبەستە، پێویستە ئامرازەکانی خەبات و گوشاری پڕۆلیتاریا بخەینەگەڕ.

مافی دەنگدانی ژنان ئامانجە، بەڵام خستنەڕێی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بۆ وەدیهاتنی تەنیا کاری ژنان نییە. ئەمە کێشەیەکی چینایەتی هاوبەشی ژنان و پیاوانی پڕۆلیتاریایە. بێ مافی ژنان لەئەڵمانیای ئەمڕۆ، تەنها ئەڵقەیەک لەو زنجیرەی کۆنەپەرستییە کە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەی کۆتوبەند کردووە. ئەمە پەیوەندییەکی نزیکی بە بنەمایەکی دیکەی کۆنەپەرستی، واتە پاشایەتییەوە هەیە. لە ئەڵمانیای سەرمایەداری پێشکەوتوو و پیشەسازی سەدەی بیستەم، لە سەردەمی کارەباو فڕۆکەدا، بێ مافی سیاسی ژنان، هەر ئەوەندە پاشماوەی کۆنەپەرستی رابردووە، کە دەسەڵاتی پاشایەتی بە»مافی خواوەندی» تەخت و بەخت پاشماوەی کۆنەپەرستییە.

ئەمانە بۆ پاساوکردنی هەر دووکیان حوکمی خواوەندی دێننەوە، دەڵێن خودا مافی ئەوەی بەپاشا داوە لەسەر زەوی فەرمانڕەوایی بەسەر خەڵکدا بکات و لەماڵیشدا پیاو بەسەر ژندا دەسەڵات بکات، خۆ ژنیش لەگۆشەی ماڵدا دانیشتووە و هیچ حەزێکی لەزریانەکانی ژیان و سیاسەت و خەباتی چینایەتی نییە، ئێوە کارتان چییە!. بەو پێیە ریشەی هەر دوو دیاردەکە لەبارودۆخی داڕزیوی رابردوواو لەسەردەمی دەرەبەگایەتی دایەو کلیلی چارەسەریشی لەشارەکاندایە. لەو سەردەمەدا دەیانتوانی بەو شێوەیە پاساوی بدەن و پێویستیشیان پێی بوو، بەڵام هەم دەسەڵاتی پاشایەتی و هەم بێ مافی ژنان بەگەشەکردنی سەرمایەداری مۆدێرن ریشەکێش بوون و ئیتر تەنها کاریکاتۆرێکی سەیرن. لە کۆمەڵگەی مۆدێڕنی ئێمەدا ئەو دیاردانە درێژە بەتەمەنی خۆیاندەدەن: ئەویش نەک بەوبۆنەوە، کە خەڵک لەبیریان چووەتەوە هەڵوەشاونەتەوە، بەڵکو بەهۆی پێداگری سەرمایەداران و بارودۆخێکی نالەبارەوە، کە بۆ ژنانی کرێکار خولقاندویانە. ئەو دوو دیاردەیە هێشتاش لە کۆمەڵگەی مرۆیی نەسڕاوەتەوە، چونکە هەردووکیان، واتە پاشایەتی و ژنانی بێ ماف دوو ئامرازی بەهێزی دووژمنانی چینایەتی پڕۆلیتاریان. دڕندەترین و خراپترین لایەنگرانی چەوسانەوە و کۆیلایەتی پڕۆلیتاریا لەپشت تەخت و بەخت و مینبەردا سەنگەریان گرتووە، هەربەو جۆرەی لەپشت کۆیلایەتی سیاسی ژناندا مەتەرێزیان گرتووە. ئەمڕۆ دەسەڵاتی پاشایەتی و بێ مافییەکانی ژنان، گرنگترین ئامرازەکانی دەسەڵاتی چینی سەرمایەدارن.

لە راستیدا دەوڵەتەکەمان دەیەوێت ژنان لەمافی دەنگدان بێبەش بکات. ئەو دەوڵەتە بەباشی لەهەڕەشەی ژنان بۆسەر ناوەند و دامەزراوە سونەتییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەترسێت، بۆ وێنە میلیتاریزم (کە هیچ ژنێکی پڕۆلیتاریای وشیار ناتوانێت لەدوژمنایەتی بێ ئەمان لەگەڵیدا خۆی ببووێرێت)، پاشایەتی، تاڵانکردنی بەرنامەبۆداڕێژراوو و باج و خەراج لەسەر

خۆراکی وشکە و هێتر. مافی دەنگدانی ژنان ترس و سامی خستووەتە نێو دڵی دەوڵەتی سەرمایەداری و خەوی لێزڕاندووە، چونکە لەپشت ئەو مافەدا بەملیۆن ژن راوەستاوە، کە ریزی سۆسیال دیموکراسی شۆڕشگێڕ بەهێزتر دەکەن، ئەگەر قسە لەسەر دەنگدانی خاتوونە بۆرژواکان بوایە، دەوڵەتی سەرمایەداری خەمی نەبوو، چونکە باش دەیزانی ئەوان پشتیوانی پێویست لە کۆنەپەرستی دەکەن و تەنها ئەو چاوەڕوانییەشی لێیان هەبوو. زۆربەی ئەو ژنە بۆرژوانەی، کە وەکو شێرەژن لەخەبات لەدژی «بێ مافی خۆیان لەبواری میرات»ەوە هاتنە مەیدان، ئەگەر مافی دەنگدانیان بووایە، وەکو مەڕی دەستوپێ بەستراو لەکەمپی محافزکار و مەزهەبیدا هەرەسییان دەهێنا. بەدڵنیاییەوە زۆر کۆنەپەرەستتر لەپیاوانی چینەکەی خۆیان دەبوون. بێجگە لەژمارەیەکی کەم کە کار یان پیشەیەکیان هەیە، ژنانی بۆرژوازی لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هیچ دەورێکییان نییە. ئەوان تەنها ئەو زێدەباییەی لەشیرەی گیانی پرۆلیتاریا دەریدەکێشن، تاڵان دەکەن. ئەوان مشەکانی کۆمەڵگەن. زۆرجار یارانی مفتەخۆر و تەوەزەل بەجۆرێک لە«مافی» خۆیان بۆ ژیان مشەخۆرانە پارێزگاری دەکەن، کە تەنانەت دڕندانەتر و توندوتیژتر لەو کەسانەیە، کە بەشێوەی راستەوخۆ چینی کرێکار دەچەوسێننەوە. مێژووی هەموو خەباتێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەی پیشانداوە. بۆنمونە تەماشای شۆڕشی مەزنی فەڕەنسی بکەن. لەدوای دارمانی ژاکۆبینەکان*** کاتێک کەروبسپییر کۆت و زنجیرکرابوو و بۆ لەسێدارەدانیان دەبرد، سۆزانییە رووتەکانی بۆرژوازی لەسەر شەقامەکاندا شایی لۆغانیان دەگێڕاو بێشەرمانە لەشاییدا بەدەوری پاڵەوانانی شۆڕشدا سەمایاندەکرد. لەپاریس کاتێک کە کومۆنی کرێکارانی قارەمان لەلایەن رەشاشەکانی (تییەر)ەوە خەڵتانی خوێنکرا، ژنانی بەردینە دڵی بۆرژوازی، تەنانەت لە پیاوانی دڕندەی چینەکەیان دڕاندانەتر هێرشیانکردە سەر پیاوان و

ژنانی قارەمانی پاریس و لەهەستی تۆڵە سەندنەوەدا پێشی پیاوان کەوتبوون. ژنانی چینە دەسەڵاتدارەکان، هەمیشە دەمارگرژانە پارێزگاری لەچەوساندنەوە و کۆیلەتی جەماوەری کرێکاران دەکەن، چونکە دەزانن ئەگەر ئەوان کار نەکەن، ئیتر ناتوانن ژیانی مشەخۆرانەی خۆیان درێژە پێبدەن.

لەروانگەی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە ژنانی چینە دەسەڵاتدارەکان بەشێکی سەربەخۆ لەکۆمەڵ پێکناهێنن، تاقە کارکردی کۆمەڵایەتی ئەوان ئەوەیە کەمیرانگر بۆ چینەکەیان گەورە دەکەن. لەبەرانبەردا ژنانی پڕۆلیتاریا لەبواری ئابوورییەوە سەربەخۆن. ژنانی پڕۆلیتاریا هەروەکو پیاوانی پڕۆلیتار بۆ کۆمەڵگە وەبەرهێنەرن. مەبەست ئەوە نییە، کە ئاگاداری لەمنداڵ یان کاری ناوماڵ دەکەن، بۆئەوەی لەدابینکردنی ژیان و بەڕێچوونی بنەماڵەکانیان یارمەتییەکی پیاوی بنەماڵە بدەن. ئەم بەشە لەکار لە روانگەی سەرمایەدارییەوە وەبەرهێنەر نییە. بەلایەوە گرنگ نییە حاسڵی گیانبازی و وزەی هەزاران هەوڵی بچووک کە کۆدەکرێنەوە، چەندە گەورەیە. ئەوە تەنها شایی و بەرەکەتی کاروباری کرێکارە، کە بۆ ئەم کۆمەڵگەیە گرنگە. تا ئەوکاتەی سیستەمی سەرمایەداری و کاری کرێ¬گرتە حاکمە، تەنها ئەو بەشە لەکار بە وەبەرهێنەر ئەژماردەکرێت، کە زێدەبایی بەرهەمبێنێت و قازانجی سەرمایەداری زۆرتر بکات. تەنها بەم بۆنەوە سەماکەر کرێکارێکی وەبەرهێنەرە، کە قازانج دەخاتە گیرفانی خاوەنەکەی، ئەوە لەحاڵێکدایە کە تەواوی ئەو ژن و دایکە پڕۆلیتارانەی لەچواردیواری ماڵدا کاردەکەن، وەبەرهێنەر بەئەژمار نایەن. رەنگە ئەمە شێتانە بێتە بەرچاو، بەڵام پەیوەندی بەشێتی و بەردینەدڵی ئابوری سەرمایەدارییەوە هەیە. ئاشکرایە یەکەم ئەرکی ژنی پڕۆلیتار ئەوەیە، بە روونی و تیژبینییەوە ئەم شێتی و بەردینە دڵییە ببینێت.

چونکە هەر بەم بۆنەشەوەیە کە داواکاری ژنانی پڕۆلیتار بۆ گەیشتن

بەمافی سیاسی یەکسان ریشەیەکی قووڵی لە ئابوریدایە. ئەمڕۆ بەملیۆن ژنی پرۆلیتار وەکو پیاوان لەکارگەو کارخانەکان، لەمەزراو پیشەسازییەکانی ناوماڵ، لەئیدارە و دووکانەکاندا، قازانج بۆ سەرمایەداری بەرهەمدێنن. بەم پێیە لە روانگەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆوە کرێکاری وەبەرهێنەرن. رۆژ بەرۆژ ژمارەی ئەو ژنانەی لەلایەن سەرمایەدارییەوە دەچەوسێنەوە، زۆرتر دەبێت. هەر پێشکەوتنێکی نوێ لەپیشەسازی یان تەکنۆلۆجیا زیاتر لەجاران ژنان دەکێشێتە ناو بازاڕی کارەوە، چونکە مەکینەکان پێویستییان بە کرێکاری شارەزا نییە و هێزی کاری هەرزانی ژنان و منداڵیش دەتوانن کاروبار راپەڕێنن. هەربەم بۆنەشەوە سەرمایەداری هەر هەنگاوێک بەرەوپێش دەچێت، بەردێکی نوێ بۆ یەکسانی مافە سیاسییەکانی ژنان دادەنێت. دەزانێت ئەگەر مافی سیاسی یەکسانیان بۆ بەفەرمی بناسێت، دەبێ مل بۆمافە ئابوریەکانیشیان بدات. پەروەردە و تێژبیری ژن بۆ میکانیزمی ئابوری پێویستە. ژنی تەسکبیر و پەراوێزخراو بۆ «گۆشەی ناوماڵ» هەرئەوەندە دەتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی پیشەسازی و بازرگانی بداتەوە، کە وەڵامی پێویستییە سیاسییەکان دەداتەوە. ئەوە راستە کە دەوڵەتی سەرمایەداری لە ئەرکی خۆی تەنانەت لەم بابەتەشەوە خافڵ نەبووە. تا ئەم ئاستە یەکێتییە کرێکارییەکان و رێکخراوە سۆسیال دیموکراتیکەکان لەسەر وەخەبەرهاتنی بیر و هەستی ئەخلاقی ژنان زۆرترین دەوریـان بـووە، تەنانەت چەندین دەیە لەوەپێش سۆسیال دیموکراتەکان بەلێهاتووترین و تێژبیرترین کرێکارانی ئەڵمانی دەناسران. ئەمڕۆ لەهەمانکاتدا یەکێتییە کرێکارییەکان و سۆسیال دیموکراسی ژنانی پرۆلیتاریای لەگۆشەی تەسک و تاریکی ناوماڵ و بەرتەسکبینی هێناوەتەدەرەوە. خەباتی چینایەتی پرۆلیتاری ئاسۆیەکی نوێی بەرەوڕووی ژناندا کردووەتەوە ، ئاستی وشیاریانی بردووەتە سەرەوە و ئامانجی

گەورەی لەبەردەمیان داناوە. سۆسیالیزم گیانێکی تازەی بۆجەماوەری ژنانی کرێکاردا کردووەتەوە و لەم ڕێگەیەوە کردوونی بە کرێکارانی وەبەرهێنەری بەتوانای سەرمایە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە، بێ مافی سیاسی ژنانی پڕۆلیتار نادادپەروەرییەکی قێزەونە. ئەمە زۆرتر بەو بۆنەوە بووە، کە ڕێکخراوەکانی ژنانی بۆرژوا کومیتەی نیوەدرۆ بوون. بێجگە لەوە جەماوەری ژنان لەژیانی سیاسیدا دەورێکی چالاکیان گێڕاوە.

بەڵام سۆسیال دیموکراسی دەستەواژەی «نادادپەروەری» بەکار نابات. ئەمە ناکۆکی بنەڕەتی ئێمەو سۆسیالیزمی یۆتۆپیکی پێشوو پیشاندەدات. ئێمە پشت بەدادپەروەری چینە دەسەڵاتدارەکان نابەستین، بەڵکو تەنهاو تەنیا پشت بەهێزی شۆڕشگێڕی جەماوەری کرێکار دەبەستین و بە ئاراستەی گەشەی کۆمەڵایەتیدا، کە بوار بۆ بەکردەوە دەرهاتنی ئەم هێزە لەبن نەهاتووە خۆش دەکات، هەنگاو هەڵدەگرین، کەوایە «نادادپەروەری» خۆی لەخۆیدا فاکتەرێک نییە، کە بتوانین دامـەزراوە کۆنەپەرستەکانی پێ بڕوخێنین. «فریدریک ئەنگڵس» یەکێک لەدامەزرێنەرانی سۆسیالیزمی زانستی دەڵێت: «ئەگەر نادادپەروەری لەبەشێکی گەورەی کۆمەڵگە هەستی پێدەکرێت، هەمیشە نیشانەیەکی باشە لەوەی کە بناغە ئابوریەکانی کۆمەڵگە بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و بارودۆخی هەنوکەیی لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێش چوونی مێژوویی ناتەبایە.» بزووتنەوەی بەهێزی بەملیۆن ژنی پڕۆلیتار کە بێ مافییە سیاسییەکانی خۆیان بە ستەمێکی گەورە دەزانن، نیشانەی قوورس و قایمی ئەو خەباتەیە. نیشانەکانی هەرئێستا دەرکەوتووە: بناغە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی دەسەڵاتدار داڕزیوە و هەر ئان و ساتێک ئیمکانی هەیە بڕووخێت.

سـەد سـاڵ لەوەپێش «شـارڵ فـێـوریـە»ی***** فەڕەنسی، یەکێک لەیەکەم پێغەمبەرانی گـەورەی سۆسیالیستە یۆتۆپیکەکان، ئەم

وشە لەبیرنەکراوانەی نوسی: «ئازادی ژنان پێوانەی ئازادی کۆمەڵگەیە.» ئەم وشانە بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگەی ئەمڕۆمان بەتەواوی پێویستە. ڕەوتی خەباتی جەماوەری بۆ وەدیهێنانی مافە سیاسییەکانی ژنان تەنها ڕەنگدانەوە و بەشێک لە خەباتی گشتی پڕۆلیتاریا بۆ ڕزگاری لە ستەم و چەوساندنەوەی سەرمایەدارییە. دەسەڵات و داهاتووی پڕۆلیتاریا لەوەدایە. خەباتی ژنانی پڕۆلیتار بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی گشتی، یەکسان و ڕاستەوخۆ بۆ ژنان، خەباتی چینی کرێکار بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش دەبات. هەربەو بۆنەشەوەیە کە کۆمەڵی بۆرژوایی ئەوەندە لەمافی دەنگدانی ژنان دەترسێت و لێی بێزارە. هەر بەم بۆنەیەشەوە دەمانەوێت و بەدەستی دێنین. بە خەبات بۆ مافی دەنگدانی ژنان کاتی ڕووخاندنی کۆمەڵی سەرمایەداری لەژێر زەبری خەباتی پڕۆلیتاریای شۆڕشگێڕدا خێراتر دەکەینەوە.

پەراوێزەکان:

* Emma Ihrer (1857–1911). لەساڵی 1886 ڕێکخراوی ژنانی سۆسیالیستی پێکهێنا کە نایاسایی ڕاگەیەنراو بەوبۆنەوە خستیانە زیندان. لە ساڵی 1889 ڕۆژنامەی «کرێکارانی ژن» (Die Arbiterian)ی بڵاوکردەوە. دواتر ڕۆژنامەی « DIE Gkeichheit»ی دامەزراند، کە دواتر «کلارا زتکین» بوو بە سەرنوسەری ئەو ڕۆژنامەیە. لە ساڵی 1890 ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری یەکێتی پیشەکان بوو. لە دوای 1909 بوو بە ئەندامی کومیتەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کرێکارانی لاو.

** «کلارا زتکین» Clara Zetkin (1857–1933). سەرنوسەری ڕۆژنامەی (DIE Gkeichheit) ژنانی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا. هەڵسوڕاوی شێلگیری باڵی چەپ بوو. ئەندامی کومیتەی کۆنترۆڵی حزب بوو. ئەندامی کۆمەڵگەی سپارتاکۆس بوو، دواتر بوو بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاو پشتیوانی بەڵشەفیکەکان. نامیلکەی گرنگی «لینین و

مەسەلەی ژن» ئەو نوسیویەتی. کلارا کە هاوڕێی نزیکی «رۆزا لۆکسامبۆرگ» بوو، دواتر کتێبێکی نوسی، بۆئەوەی بیسەلمێنێت بە راستی دژی بەلشەفیک نییە. دەوترێت «رۆزا لۆکسامبۆرگ» وتوویەتی لەسەر بەردی گڵکۆکەیان بنوسن: «لێرەدا دوایین کەسانی سۆسیال دیموکرات ئارام ئۆقرەیان گرتووە.»

*** «بەشی ژنان» لەساڵی 1902 لەلایەن وەزیری پڕوسیا بەناوی «فۆن هامرشناین» دامەزرا. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە، ئەم بەشە لەکۆبوونەوە سیاسییەکاندا وەک ژوورێکی تایبەت بەژنان رێزێرڤ کرابوو.

**** Jacobins لەشۆڕشی مەزنی فەڕەنسی لەساڵی 1789دا رادیکاڵترین گروپ بوون. نفوزی ژاکوبێنەکان زۆرتر لەپاریسدا بوو. مارات (Marat) و روبسپیەر (Robespierre) بەناوبانگترین رێبەرانی ژاکوبینەکان بوون.

***** فێوریە (1772 F. M. C. Fourier–1837) سۆسیالیستێکی یۆتۆپیست بوو. نەیاری ئەندیڤیدوالیزم (تاک¬گەرێتی) بوو، لەکتێبەکەیدا لەژێر ناوی « Theorie des Quatre Mouvements« (1808) پلانی بۆ کیۆپڕاتیوێکی خەیاڵی داڕشتبوو. گەڵاڵەی فالانسترەکانی کۆمەڵی جوتیاری لەسەر بنەمای هــەرەوەزی داڕشــت. گرنگترین تیۆری فێوریە «جیهانی پیشەسازی نوێ» (1830) بوو. فێوریە هەوڵیدا پشتیوانی سەرمایەداری بۆ وەدیهاتنی بیرۆکە خەیاڵیەکانی بەدەست بێنێت، بەڵام هەوڵێکی بێ ئاکام بوو. دوای 1830 ژمارەیەک لایەنگری دەستەبەرکرد، کە دەستییانکرد بەبڵاوکردنەوەی رۆژنامەیەک. «کۆنسیدران» یەکێک لەگرنگترین لایەنگرانی فێوریە بوو. مەزرای بروک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کومۆنێکی فێوریستی بوو.

# رۆزا لۆکسامبۆرگ و مەسەلەی ژن

**لیز مەندل**

## پێشەکی

«رۆزا وەکو ئەندامەکانی لەشی بەسەر مێتۆدی مارکسیستیدا زاڵبوو. دەڵێی مارکسیزم لەدەمارەکانیدا بوو.» رەنگە ئەم رستەیەی «لیۆن ترۆتسکی باشترین دەستەواژە بێت، کە تائەمڕۆ رۆزای پێوەسفکراوە. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەئەڵمانیا، هەروەها لەئاستی نێونەتەوەییدا یەکێک لەبەناوبانگترین تێکۆشەرانی چینی کرێکار بوو. ئەو لەتیۆری و پراکتیکدا وەکو کێوێک راوەستابوو. «رۆزا» باوەڕی بەشۆڕش بوو، متمانەی بەچینی کرێکار و ژیانی خۆی، لەپێناوی تاقە ئامانجیدا، واتە سۆسیالیزم دانا. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» بەبۆنەی رەخنە توندوتۆڵەکان و خەباتی بێوچانی لەدژی شەڕ و ئیمپریالیزم، بەیەکێک لەسیما ناسراوەکانی بزووتنەوەی دژەشەڕ ئەژمار دەکرا.

«رۆزا» لەماوەی ژیانیدا نوێنەری کەمینەکان بوو: جولەکە بوو (ئەگەرچی باوەڕی بەهیچ ئایینێک نەبوو)، خەڵکی پۆڵۆنیا بوو (سەرەڕای ئەوەی کە مافی هاوڵاتی ئەڵمانی پێدرابوو، بەردەوام بەپۆڵۆنیایی دەزانرا)، ئەو رێبەرێکی سیاسی بزووتنەوەی پڕۆلیتێری نێونەتەوەیی بوو.

ئەم بابەتە بەگشتی دەپەرژێتە سەر پرسی ژن. رەنگە هەندێک لەخوێنەران بپرسن کە بۆچی دەبێت بڕۆینە سۆراغی هەڵوێستی «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەسەر ئەو مەسەلەیە، لەکاتێکدا کە رۆزا بەقەد «ئالکساندێر

کۆلێنتای» یان «کلارا زتیکین» ئاوێنەی خەباتی بزووتنەوەی ژنان نەبووە. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» تەنها چەند بابەتی سەبارەت بە پرسی ژن و بە تایبەتی سەبارەت بەمافی دەنگدانی ژنان نووسیوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە گرنگی کەمی بە بزووتنەوەی ژنان داوە و تەنها وەکو ناکۆکییەکی لاوەکی چاوی لەبزووتنەوەی ژنان کردووە، ئەمە بەو مانایە نییە کە مەسەلەی ژن بۆ رۆزا لەپلەی دووەمدا بووە. راستییەکەی رێک بەپێچەوانەی ئەوەیە. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەنۆڤەمبەری ساڵی 1918دا لەنامەیەکدا بۆ «کلارا زێتکین» دەنوسێت: «رەنگە من لەسەر کێشەکانی بزووتنەوەی ژنان زیاتر بنوسم. ئەمڕۆ ئەو مەسەلەیە زۆر گرنگەو ئێمەش هاوڕێیەکی ئەوتۆمان نییە شارەزای ئەو بابەتە بێت.»

ژیانی سیاسی رۆزا هاوکات بوو لەگەڵ خەباتێکی تیۆریک کە لەناو حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لەئارا دابوو. لەوسەردەمەدا ئەوپرسیارە لەگۆڕێدا بوو کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دەبێت بەکام ئاڕاستەدا بچێت؟ لەم سەردەمەدا، دامودەزگاو ئیمتیازە بۆرۆکراتیکەکان لەنێو بزووتنەوەی کرێکاری سۆسیالیست و بەرپرسانیدا سەریهەڵدا. ئەو سەردەمە، سەردەمی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزم بوو و سەرمایەداری پێویستی بەوە بوو، خەباتی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ بە تایبەتی لە وڵاتانی ناسراو بە «جیهانی یەکەم» کۆنترۆڵ بکات. یەکێک لەبەناوبانگترین بەرهەمەکانی رۆزا بە ناوی «ریفۆرم یان شۆڕش» لەکاتێکدا نوسرا کە لەنێو سۆسیال دیموکراتەکانی ئەڵمانیا مشتومڕێکی توندوتۆڵ لەئارادابوو و هەوڵیاندەدا شۆڕشی سۆسیالیستی و لە راستیدا سۆسیالیزم لەئامانجی حزب وەلابنێن.

رێبەرانی حزب، واتە "بێرنیشتاین" و دواتر کایۆتێسکی، دەیانوت سەرمایەداری بەشێنەیی گەشەدەکات و بەرەو سۆسیالیزم دەچێت. ئەو لەو حوکمەوە بەو دەرئەنجامە دەگەیشت، کە پێویست ناکات رێگای پڕمەترسی

شۆڕش بگرینەبەر. چینی کرێکار وردە وردە بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووریدا زاڵدەبێت و جڵەوی دەوڵەت بەدەستەوە دەگرێت و سۆسیالیزم «لەناکاو» بەدیدێت. ئەوە بەو واتایە بوو کە بیری شۆڕش لەدەستووری کار لاببرێت و ڕێگای پەرلەمانتاریزم بگیردرێتەبەر. ئەم بیرۆکە سەیر و سەمەرانە هێشتاش لەلایەن ژمارەیەک لە بەناو ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری نێونەتەوەییەوە دێتەگۆڕێ. (ئەگەرچی زۆربەیان ئەمڕۆ باسی «ئابووری بازاڕی کۆمەڵایەتی» دەکەن)

ئەم باسە لەهەمانکاتدا پرسیارێکی بنەڕەتی دەخاتە بەردەم بزووتنەوەی ژنان: ئایا رزگاری ژنان لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا بەدیدێت یان نا؟ کەلێنی نێوان بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان و بزووتنەوەی پڕۆلیتاریای ژنان لە وەڵامدانەوە بەو پرسیارەدا دەمیکردەوە. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە ژنان تەنها لەکۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیدا بەتەواوی رزگار دەبن. هەر بەم بۆنەشەوە، دەبێت وەکو خەبات بۆ رزگاری ژنان چاو لەخەبات لەدژی ڕێڤیزیۆنیزمی ناو حزب و دانی ستراتێژی دروست بەحزب بکەین!

### بزووتنەوە بۆرژوایی ژن

پێشتر هەندێک بەرهەممان سەبارەت بەسەرکوتکردنی ژنان خوێندووەتەوە. بەناوبانگترین کتێب لەو بابەتەوە، کتێبی «ئاخێزگەی بنەماڵە، خاوەندارێتی کەسەکی و دەوڵەت»ی ئەنگڵسە. ئەنگڵس لەو کتێبەدا روونیدەکاتەوە کۆمەڵگەی چینایەتی و سەرکوتی ژنان لەئەساسدا بەرهەمی خاوەندارێتی تاکەکەسییە. مارکسیزم روونیدەکاتەوە، کە ریشەی چەوسانەوەی ژنان لەبارودۆخی کۆمەڵایەتیدایە، نەک لەبیۆلۆژیای ژناندا. لەسەرەتادا دابەشکردنی کار لەنێوان ژنان و پیاوان پێکهات، بەڵام ئەوە

بەومانایە نییە، کە هاوکات لەگەڵ چەوسانەوەی ژنان هاتووەتەئارا. تا کاتێک کە زاوزێکردن بەشێوەی هاوبەشێنی بوو، پیاوان و ژنان لەمافی یەکسان و هەلومەرجێکی یەکسان بەهرەمەند بوون.

کاتێک کە توانایی کۆمەڵگە بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی زیادە چووە سەرەوە و «دەوڵەمەندو هەژار» هاتە ئاراوە، ئەم یەکسانییەش گۆڕانکاری بەسەرداهات. پێویستی دیاریکردنی میرانگرێکی رەوا بۆ گواستنەوەی مڵک و ماڵ بۆ خزم و کەس و کار، ژنانی ناچارکرد مل بۆتاک هاوسەری بدەن و لەناوماڵدا یەخسیریکردن. هەموو رەوتە فێمێنیستییەکان پێیانوابوو سیستەمی باوکمەزنی سەرچاوەی چەوسانەوەی ژنانە، بەڵام تیۆری مارکسیستی روونیدەکاتەوە، کە سەرمایەداری پێکهاتەکانی پیاومەزنی بە ئاڕاستەی گەیشتن بەئامانجەکانی بەکاردێنێت. سەرمایەداری بۆ پاراستنی هێزی کاری هەرزانی ژنان، هەڵاواردنی رەگەزی، نەتەوەیی و هیتر باوەشێن دەکات.

ئەگەرچی هەمیشە خەبات بۆ سڕینەوەی چەوسانەوەی ژنان لەئارادا بووە، بەڵام بزووتنەوەی جەماوەری خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان بەرهەمی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە. لەم سیستەمەدا، بۆ یەکەمجار لەمێژوودا پایەی مادی یەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەتەواوەتی ژنان و پیاوان رەخساوە. لەکۆمەڵە چینایەتییەکانی رابردوودا، واتە لە سەردەمی کۆیلەداری و دەرەبەگایەتیدا، ژنان بەشێک لەبنەماڵەی پیاوان ئەژمار دەکرێن، بەڵام گەشەی سەرمایەداری ئەم حوکمە ئاسمانییەی باتڵکردەوە. ژنان لەشۆڕشی بۆرژواییدا، رۆڵێکی چالاکیان گێڕا. دروشمی ئازادی، مافی مرۆڤ و یەکسانی، رەنگدانەوەی خواست و بیر و بۆچوونی بەملیۆن ژن بوو.

یەکەم بزووتنەوەی ژنان، لەبنەڕەتدا بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان بوو. بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان هەوڵیدەدا لە رێگەی دەستپێڕاگەیشتنی راستەوخۆ

بەخوێندن، رزگاری بەتەواوەتی ژنان لەبواری کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە بەدیبێنێت. سیمایەکی ناسراوی ئەم بزووتنەوەیە لەشۆڕشی فەرەنسادا ناوی «د گۆگ» (Olympe de Gouges) بوو. «د گۆگ» لەبەرهەمی بەناوبانگی خۆیدا بە ناوی «راگەیاندنی مافەکانی ژنان و هاووڵاتیان» هەرگیز سیستەمی سەرمایەداری نەبردە ژێر پرسیار. سەرەڕای ئەوە داواکارییەکانی هێشتا رادیکاڵ بوون. «د گۆگ» لەساڵی 1793دا لە سێدارەدرا. یەکێکی دیکە لەهەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی ژنان ناوی «رۆز لاکمبە» (Rose Lacombe) بوو. «رۆز لاکمبە» بەپێچەوانەی «د گۆگ» هەوڵیدەدا خەباتی بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لەگەڵ ئاسۆی شۆڕشگێڕانەدا پێکەوە گرێبداتەوە. «رۆز لاکمبە» ئەنجومەنی «هاووڵاتیانی شۆڕشگێڕ»ی بۆ رێکخستنی ژنانی چینی کرێکار دامەزراند.

بۆرژوازی لەئەڵمانیاو نەمسای ساڵی 1848، هەرگیز وەکو بۆرژوازی فەرەنسا رۆڵێکی پێشڕەوی نەگێڕا. لەوکاتەدا بۆرژوازی ئەڵمانیا لەترسی چینی کرێکاری لاو و وشیاری ئەو وڵاتە پەنای بۆ رژیمی پێشوو بردبوو و بەخێرایی هەموو بەڵێنییەکانی سەبارەت بە «مافی مرۆڤ، برایەتی و یەکسانی» لەبیربردەوە. بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنانیش هەربەو شێوەیە بوو. بێجگە لە «لویس ئۆتۆ پیتێرز» سیمای ناسراوی بزووتنەوەی ژنان، هەموو سیما ناسراوەکانی ملیانکەچکرد و ورەی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەدەستدا. رەخنەکانیان سەبارەت بەرۆڵی رەگەزی باو، تووندوتیژی دەرونی بنەماڵەکان و بارودۆخی نالەباری ژنان لەشوێنی کار کاڵبووەوە لەبنەڕەتدا. بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان لەدژایەتی لەگەڵ خەباتی چینایەتی دروستبوو. ئەوان بۆ پێکهێنانی ریفۆرمی ئابوری و کۆمەڵایەتی، لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداری خەباتیاندەکرد. بەدەستپێکردنی شەڕی جیهانی یەکەم و هاتنە ئارای شۆڕشی رووسیا، بزووتنەوەی بۆرژوایی ناچاربوو سیمای واقیعی

خۆی نیشانبداث و زۆربەیان (وێـڕای پیاوانی بـۆرژوا) چوونە باوەشی کۆنەپەرستییەوە.

هەندێک نمونەی جیاوازیش هەبوون، کە بەو ڕێگایەدا نەچوون. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە «سیلڤیا پێنکهۆرسث» بکەین، کە لایەنگری بزووتنەوەی گەیشتن بەمافی دەنگدان بەناوی «سافرا جێتەکان» بوو. «سافرا جێتەکان» بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنانی بەریتانیا بوو، کە سەرنجی ژنانی چینی کرێکاریشی بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا. «سیلڤیا پێنکهۆرسث» یەکێک لەدامەزرێنەرانی حزبی کومۆنیستی بەریتانیا بوو، لەکاتێکدا خوشکەکەی «کریستیبڵ پێنکهۆرسث»، لەلایەنگرانی بزووتنەوەی دەنگدان و نوێنەری محافزەکاری ئەنجومەنی نوێنەران بوو و نەیاری مافەکانی کرێکاران بوو، بۆ خۆی بەهۆی هەڵسووڕان لەدژی شەڕی ئیمپریالیستی زیندانی کرا.

**بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ژنان**

ئـەم بزووتنەوەیە لـەسـەرەتـادا بـەداواکـاری مافی کـار و مافی دەنگدان، هەروەها خواستی بەهرەمەند بوون لەبارودۆخێکی پیشەیی گونجاو، هەڵسووڕانی خۆی دەستپێکرد. لەم ڕێگایەدا لەزۆر بابەتدا لەگەڵ بزووتنەوەکانی دیکەی ژنان هاوپەیمان بوو، لەئاکامدا سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لەژنانی کرێکاری بەرەولای ڕێکخراوە کرێکارییە جۆراوجۆرەکان ڕادەکێشا، بەڵام پاش ئەوەی کۆنەپەرەستی دوای ساڵی 1848 سەری بەرزکردەوە، بزووتنەوەی بۆرژوایی ژنان هەموو داواکارییەکانی وەلانا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی بزووتنەوەی پرۆلیتاری ژنان لەبزووتنەوەی بۆرژوایی جیابێتەوە.

کلارا زتکین سەرەڕای ئەوەی، ڕێزێکی زۆری بۆ یەکەم خەباتکارانی ئازاو بوێری بزووتنەوەی ژنان دادەنـا، بەهۆی ئەوەی کە نەیانتوانیبوو ناوکی خۆیان لەسیستەمی بۆرژوایی بپچڕێنن، ڕەخنەیەکی تووندوتۆڵی

لێیاندەگرت. ئەم ڕەخنەیە ساڵی 1899دا بەرووونی خۆی پیشاندا. کاتێک، ژنانی بۆرژوا هەستیاندەکرد لەنێو بزووتنەوەی ژناندا، دەسەڵاتی خۆیان لەدەستداوە و لەبواری سیاسییەوە هیچیان بۆ وتن پێنەماوە، بۆ دەمکوتکردنی بزووتنەوەکە، پەنایان بۆ پۆلیس برد. ژنانی بۆرژوا زۆرجار لەکارخانەکاندا دەمامکی «خوشکی هەژار»یان بەرووی خۆیان دادەداو هەندێک دامەزراوەی خێرخوازییان دامەزراند، بۆئەوەی جڵەوی خەباتی ژنانی کرێکار بەدەستەوە بگرن.

چینی کرێکار لەسەدەی نـۆزدەدا تەنها لەپیاوان پێکنەدەهات و ژنانیشی دەگرتەوە. هێزی کاری ژنان و منداڵان زۆر هەرزانتر بوو، هەروەها خاوەنکاران دەیانتوانی زۆر بەئاسانی لەسەر کار دەریانبکەن. هەر بەو بۆنەشەوە سەرمایەداران لە هێزی کاری ژنان و منداڵان کەڵکیان وەردەگرت، بۆئەوەی هەم تێچووەکانی بەرهەمهێنان کەم بکەنەوەو هەم ئاستی هەقدەستەکان بێننەخوارەوە. سەعاتی کاری ژنی کرێکار لەپیاوان زۆرتر بوو، لەشوێنی پیس و قەرەباڵغداو لەبارودۆخێکی مەترسیداردا کاریاندەکرد، لەشوێنی کاردا بەردەوام سووکایەتییان پێدەکراو لەلایەن خاوەنکارانەوە دەستدرێژی دەکرایە سەریان. دوای ئەوەی کارەکەیان تەواو دەبوو ناچاربوون چاودێری منداڵەکانیان بکەن و کاروباری ناوماڵ ڕاپەڕێنن. ئەوەش ئەرکی ژنانی کرێکاری دووقات زیاتر دەکرد. لەباربردنی منداڵیش قەدەغە بوو. ژمارەیەکی زۆر لەژنان بەهۆی لەباربردنی نایاسایی یان منداڵبوون، گیانیان لەدەستدەدا. ژنان لەمافی خوێندن بێبەش بوون. هەر بەوبۆنەشەوە توانایی ئەوەیان نەبوو لەژێرباری قوورسی ئایدیۆلۆژیای کۆنەپەرستانەو ئایینی ڕزگاریان بێت. ئەمەش هەرچەشنە هەوڵێک بۆ دەربازبوون لەودۆزەخەی نامومکین دەکرد. بزووتنەوەی لاوی چینی کرێکار یەکەم بزووتنەوەیەک بوو، کە بەئاراستەی گۆڕینی چارەنووسی ژنان و خەبات بۆ باشترکردنی بارودۆخی

ژیانیان هەنگاوی دەنا.

یەکەم داواکاری سۆسیال دیموکراتەکان «کەمکردنەوەی سەعاتی کاری ژنان» بوو. سەرەڕای ئەوە، بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی، لەروانگەیەکی پرۆلیتارییەوە بۆ کێشەو گرفتەکانی ژنان نەیدەڕوانی و هێشتا قوورسایی بیر و بۆچوونی بۆرژوایی و رەگەزی بەسەریەوە دیاربوو. ساڵی 1866 ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەم (لەژێر کاریگەری پرۆدۆندا) بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی هەرچەشنە کارێکی کرێگرتەی ژنان، بڕیارنامەیەکی پەسەند کرد. مارکس و ئەنگڵس لەدژی ئەو بڕیارنامەیە مشتومڕێکی توند و تۆڵیان وەڕێخست، بەڵام نەیانتوانی پێش بە پەسەندکردنی ئەو بڕیارنامەیە بگرن. شوێنکەوتووانی لاساڵ، هەوڵیاندەدا بڵێن ژنان لەبواری فیزیۆلۆژییەوە لاوازن، بۆئەوەی لەرەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی وەدەریانبنێن. لەراستیدا ئەوان لەوە دەترسان ژنانی کرێکار لەبازاڕی کاردا لەگەڵ پیاوانی کرێکار کێبڕکێ بکەن، ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی، هەقدەستی پیاوانی کرێکار دابەزێت. مارکس ساڵی 1871، توانی لە ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەمدا یاسایەک پەسەند بکات، کە بەپێی ئەو یاسایە، رێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان دامەزراو خێرا هەزاران ژنی کرێکار بەو شانانە پەیوەستبوون.

هەروەک دەبینن، هەموو کەسێک پشتیوازییان لەخەبات بۆ رێکخستنی ژنانی کرێکار نەدەکرد. ئەو بزووتنەوەیە لەژێر گوشاری بیروباوەڕی بۆرژوازیدا لەچوارچێوەی باڵی ریفۆرمیستیدا بەندکرابوو. ئەوە هەمان بۆچوونی دواکەوتوو سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی بوو. بۆ وێنە دەیانوت ژنان مەیلیان بەرەو بیروبۆچوونی کۆنەپەرستانەیە و مافی دەنگدان، دەبێتە هۆی ئەوەی محافزەکارەکان بەهێز ببن. بۆ وێنە کاتێک کە بیرۆکەی رێکخستنی ژنانی شودار هاتەگۆڕێ، سکرتێری حزب لەنەمسا دەنگی هەڵبڕی کە: پێویست ناکات ژنانی شودار رێکبخەین، بۆ خۆم لەماڵەوەدا رێکیاندەخەم!»

ئەنگڵس سەردەمێک وتبووی: «لەبنەماڵەدا پیاو نوێنەری بۆرژوازییەو ژنیش نوینەری پڕۆلیتاریایە». مارکسیستەکانی حزب لەوانە «ئاگۆست بێبل»، «کلارا زتکین»، «رۆزا لۆکسامبۆرگ» و «کارڵ لیبکنێخت» لایەنگری تیۆری ئازادی فرۆشتنی هێزی کار بوون، چونکە ژنانی لەگۆشەی ناوماڵ دەهێنایەدەرو جۆرێک سەربەخۆیی داراییبن وەک دیاری بۆ دەهێنان. لەقسەوباسەکان سەبارەت بەهەڵاواردنی رەگەزی، جێگاوشوێنی سونەتی ژنان لەکۆمەڵگەدا، توندوتیژی بنەماڵەیی و هیتر... سەربە باسە ئابوورییەکان و خەباتی چینایەتی بوون.

مارکسیستەکان بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنـان خەباتدەکەن، بـەڵام لەهەمانکاتدا باش دەزانـن، کە ژنـان تەنها لەسیستەمێکی سۆسیالیستیدا بەتەواوی رزگاریان دەبێت، لەوسیستەمەدا ئیتر ژنان گشت پڕۆسەی زاوزێکردن لەوانە راگرتنی منداڵان، بەساڵاچووان و کاری ناوماڵ و ... وەک ئەوجۆرەی لەسەرمایەداریدا باوە، بەمفتە بەڕێوە نابەن.

قسەو باس سەبارەت بەرێکخستنی ژنان لەگەڵ ناوەڕۆکی راستەقینەی جێگاوشوێنی سۆسیال دیموکراسی ئەو سەردەمە دەهاتەوە. لەکۆنگرەی حزبی کومۆنیستی ئەڵمانیا لەساڵی 1891 لەکۆتاییدا ئەو داواکارییانەی دەنگیان هێنایەوە، بریتی بوون لە: مافی دەنگدانی ژنان، دامەزراندنی قوتابخانەو مەکتەبی بەخۆڕایی بۆ هەمووان (بەژن و بەپیاوەوە)، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بەخۆڕایی بەژنان بەتایبەتی لەکاتی دووگیانیدا. لەقسەوباسەکان سەبارەت بەرێگای وەدیهێنانی مافی دەنگدانی ژنان لەنێوان شۆڕشگێڕان و ریفۆرمیستەکان ناکۆکی هاتەئاراوە. شۆڕشگێڕان رێگایەکیان پێشنیار دەکرد و ریفۆرمیستەکانیش رێگایەکیان پێشنیار دەکرد. «کلارا زتکین» و «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەژێر کاریگەری شۆڕشی 1905ی رووسیادا

پێشنیاریانکرد بۆ وەدیهاتنی خواستەکانی بزووتنەوەی ژنان مانگرتنێکی گشتی بخرێنەڕێ، بەڵام لەبەرانبەردا رێبەرانی باڵی ریفۆرمیزم هۆشداریان (لەراستیدا ئەوان لەگەشەی شۆڕش دەترسان) ئەگەر مانگرتنی گشتی رێکبخەین، کۆنترۆڵی جەماوەر لەدەستدەردەچێت! راستییەکەی ئەوەیە، کە مانگرتنی گشتی ئامرازی خەباتی چینایەتییەو رێبەرانی ریفۆرمیست رێگای شۆڕشیان بەجێهێشت، کە تاقە رێگای وەدیهاتنی سۆسیالیزمەو لەئاکامدا لەگەڵ رزگاری راستەقینەو یەکجاری ژنانماڵئاواییان کرد.

بۆ نمونە حزبی سۆسیال دیموکراتی نەمسا لەئەنتەرناسیۆناڵی دووهەم لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە چۆن بە رێگای ریفۆرمیزمدا چوون. لەساڵی 1905 بڕیاریاندا تەنها دەتوانن بۆ مافی دەنگدانی پیاوان خەبات بکەن. سکرتێری حزبە کە «دێنێرمێنیست»ێکی سەرقوورس بوو، روو لەکۆنگرەی ژنان وتی: «ئێوە دەبێت لەخۆتان بپرسن ئەمڕۆکە لە چ بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدان کە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی ژنان پێنەگەیشتووە. دوای ئەوەی یەکەم هەنگاومان هەڵگرت، ئەوسا هەنگاوی دوایی هەڵدەهێنین. یەکەم هەنگاویش دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی پیاوانە». لەئاکامدا ئەم سکرتێرە ریفۆرمیستە بە یارمەتی هەڵسوڕاوانی داکۆکیکاری مافەکانی ژنان دەستی بە یەکەم ئامانجی خۆی، واتە مافی دەنگدان بۆ پیاوان راگەیشت، بەڵام هەتا شۆڕش ناچاری نەکرد ملی بەوە نەدا بەرەو هەنگاوی دوایی هەنگاو هەڵێنێت.

یەکەم کۆنگرەی نێونەتەوەیی ژنان لە ساڵی 1907، لە شتوتگارت بەڕێوەچوو. «کلارا زتکین» لەو کۆنگرەیەدا بۆ بەدی هێنانی مافی دەنگدانی ژنان و پیاوان هەڵوێستێکی تەواو سۆسیالیستی وەرگرت. بەشەکانی بەریتانیاو نەمسا لە بەرامبەر ئەوهەڵوێستەدا خۆڕاگرییانکرد. کۆنگرە لەبەرامبەر خۆڕاگری ئەو بەشانەدا بڕیارنامەیەکی پەسەندکردو بە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆناڵی

دووەمی پێشکەشکرد. بەهۆی هەڵسوڕانی «ڕۆزا لوکسامبۆرگ»ەوە لە ساڵی 1910 کۆنگرەی دووەمی ژنان لەژێر ناوی «ڕۆژێک لەدژی شەڕ» بەڕێوەچوو. ئەم کۆنگرەیە شەڕی ئیمپریالیستی ئیدانەکردو داوایکرد، چینی کرێکار لەئاستی نێونەتەوەییدا یەکبگرێت. ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ژمارەیەکی زۆر لەڕێبەرانی حزبە سۆسیال دیموکراتەکان سەبارەت بە پێداچوونەوە بە ئەو داواکارییە پیشانی دەدات کە زۆربەی ژنان لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا دەور و نەخشێکی پێشکەوتنخوازانە و پێشڕەویان گێڕاوە.

کلارا زتکین سەرلەنوێ لەساڵی 1915 لەبەرامبەر فەرمانەکانی ڕێبەرانی حزب، کۆنگرەیەکی دیکەی نێونەتەوەیی ژنانی بۆپیشاندانی هاوپشتی نێونەتەوەیی ڕێکخست. حزبەکانی نەمسا ئیتر لەناو ئەو کۆنگرەیەدا بەدینەدەکران، ئەو حزبانە بەتووندی لەژێر کاریگەری هێڵی فەرمی حزبدا بوون. سەرەڕای ئەوە، کۆنگرە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا. ئەم کۆنگرەیە لەئاکامدا کەمپینێکی گـەورەی لەدژی شەڕ ڕێکخست. «کلارا زتکین» لەدوای ئەوەی دەستبەسەر بوو، باڵی ڕاستی ناو سۆسیال دیموکراسی توانی لەدەستەی نوسەرانی «Die Glechheit» دەریبکات، بەردی بناغەی ڕۆژنامەیەکی دیکەی دانـا. هاتنەئارای شۆڕشی روسیا، دامەزراندنی ئەنتەرناسیۆناڵی کومۆنیستی، واتە کومینتێرن و مایەپووچ دەرچوونی سیاسی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیای لێکەوتەوە. لەئاکامدا حزبی سۆسیال دیموکراتی سەربەخۆی ئەڵمانیاو باڵی چەپی مارکسیستە شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمانیا لەحزبی سۆسیال دیموکرات جیابووەوە. دواتریش حزبی کومۆنیستی ئەڵمانیا دامەزرا.

شەڕی جیهانی یەکەم شکستێکی قوورس، بەتایبەتی بۆ بزووتنەوەی نێونەتەوەیی چینی کرێکار بوو. ڕێبەرانی بزووتنەوەکە ملیان بەشۆڤێنیزم و ناسیۆناڵیزم و شەڕی ئیمپریالیستیدا. شۆڕشی رووسیا ئاسۆیەکی نوێی

بەرەوڕووی خەباتی چینی کرێکار و ژنان کردەوە. جەماوەری ژنانی کرێکار بەحزب پەیوەست دەبوون و وەکو ئامرازیک بۆ گەیشتن بە ئاشتی و سۆسیالیزم چاویان لێدەکرد. لەنەمساو ئەڵمانیا (و شوێنەکانی دیکە) ژنانی کرێکار، هێزی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی کارخانەکان بوون. لەم وڵاتانەدا بۆرژوازی بەزۆر ملی بەهەندێک ریفۆرم دابوو، ئەویش بۆئەوەی بەر بە شۆڕشی سۆسیالیستی بگرن. دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی ژنان، کەمبوونەوەی سەعاتی کاری رۆژانە، بەرپاکردنی سیستەمی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەرمانی، پشوو و مافی بێکاری، هەنگاوێکی گەورە بوو، کە ژنان و کرێکاران بۆ پێشەوە هەڵیانهێنایەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو ریفۆرمانە بەشێک لەبزاڤتێکی بۆرژوایی بوو، یارمەتی بە بۆرژوازی کرد لەگەڵ رێبەرانی ریفۆرمیستدا، چینی کرێکار بەلاڕێدا بەرن و لەرێگای راستەقینەی رزگاری لایانبدەن. لە راستیدا ئەوان لە هەنگاوێکی گەورە لەخەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی بەبێ هەرچەشنە چین و خەباتێکی چینایەتی و رزگاری بە تەواوەتی ژنان دوورکەوتبوونەوە.

«رۆزا لۆکسامبۆرگ» (و «کارڵ لیکبنێخت») لەپێش چاوی رێبەرانی باڵی راستی سۆسیال دیموکراتیکدا کوژران و تەنها تەماشایانکرد. ئەمەش لەئەڵمانیا هێزی بۆ فاشیزم کۆکردەوە. لەماوەی چەند ساڵدا، چینی کرێکار گشت ئەو دەسکەوتانەی بەخەباتی بێوچانی خۆی بەدەستیهێنابوو، لەدەستداو ژنان سەرلەنوێ گەڕانەوە گۆشەی ماڵەکان و لەلایەن ئایدیۆلۆژیای فاشیستییەوە بەشێوەیەکی دڕندانە سەرکوتکران.

# کێشەیەکی تاکتیکی
# ڕۆزا لۆکسۆمبۆرگ

**پێشەکی وەرگێڕ :**

سـەرەڕای ئـەوەی کە رۆزا لۆکسامبۆرگ لەسەرانسەری ژیانیدا پارێزەری شێلگیری بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی ژنانی کرێکار بوو، بەڵام رۆڵـی رۆزا لەنێو بزووتنەوەی ژناندا بەوبۆنەوە نادیارە، کە لەپشت مەیدانەوە و لەرێگەی «کلارا زتکین» هاوڕێی نزیکی خۆیەوە کاریدەکرد. «کلارا زتکین» رێبەری بزووتنەوەی ژنانی سۆسیال دیموکراتیکی ئەڵمانیاو سەرنوسەری رۆژنامەی «یەکسانی» بوو. ئەو رۆژنامەیە لەئاستێکی بەریندا بڵاودەکرایەوە. «رۆزا لۆکسامبۆرگ» زۆرتر لەرێگەی کلارا زتکین و ئەو رۆژنامەیەوە خەباتی خۆی لەنێو بزووتنەوەی ژناندا بەرەوپێش دەبرد. رۆزا لۆکسامبۆرگ بابەتێکی هەیە بەناونیشانی «کێشەیەکی تاکتیکی». رۆزا لەساڵی 1902 لەوبابەتەدا هێرشێکی تووندوتۆڵ دەکاتە سەر سۆسیال دیموکراتەکانی ریفۆرمیستی بەلجیکا. سۆسیال-ریفۆرمیستەکان، بۆئەوەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانیدا لەگەڵ لیبراڵەکان هاوپەیمانی پێکبێنن، ملیان دابوو بەداواکاری ئەوان بۆ وەلانانی خواستی «مافی دەنگدانی گشتی بۆ ژنان». «رۆزا لۆکسامبۆرگ» لەو بابەتەدا دەنوسێت، کە شوێنگرتنی مافی دەنگدانی ژنان نەک تەنها سەرجەم کۆمەڵگە، بەڵکو هەڵاواردنی رەگەزی زاڵ بەسەر رێبەران و بەدەنەی بزووتنەوەی کرێکاری وەلەرزەدێنێت. راگەیاندنی ساڵی 1907 بۆ کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیۆناڵ لایەنگری لەو مەسەلەیە دەکات، کە ناوەندی رێبەرایەتی بزووتنەوەی ژنان

دەبێت لە شتۆتگارت بپارێزرێت، چونکە ئەو ناوەندە تەنها لەوێدا دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەگەر بۆ بڕۆکسل بگوازرێتەوە، رێبەرایەتی نێونەتەوەیی سۆسیالیست لەدەستدەدات. وتاری ساڵی 1912ی «رۆزا لۆکسامبۆرگ» سەبارەت بە»مافی دەنگدانی گشتی ژنان و خەباتی چینایەتی» راشکاوانە پشتیوانی لەدرێژەی سەربەخۆیی بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لەئەنجومەنەکانی ژنانی چینی مامناوەندی ئەڵمانیا دەکات. سەرئەنجام بابەتی ساڵی 1914ی رۆزا بەناونیشانی «ژنانی پڕۆلیتاریا» کە بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژن نووسرابوو، سزاخواستێکی کۆمەڵایەتی-مێژوویی دڵتەزێنە لە چەوسانەوەی ژنانی کرێکار و خۆڕاگری ئەوان لەبەرانبەر ئەو ستەمکارییەدا، چ لەوڵاتانی پیشەسازی و چ لەئەفەریقاو ئەمەریکای لاتین، کە ژنان بۆ ژیانی باشتر بەرامبەر بە بەربەریەتی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری خەباتدەکەن.

ئەو بابەتانە سەرەتا لەژمارەی 4ی نیسانی ساڵی 1902ی گۆڤاری «لایپزیگێر فۆڵکس سائۆنگ» ، دواتر لەژمارەی 18ی ئابی 1907ی «فۆڕوێرتس» و سەرئەنجام لەرێکەوتی 5ی مارسی 1914 لە «سۆسیال دیموکراتیشە کورسپۆندانس» بڵاوکراوەتەوە. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە، کە جیاوازی هەڵوێستەکانی لایەنی شۆڕشگێڕی ناو سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ لایەنی ریفۆرمیست رووندەکاتەوە و چرایەکی رووناکی بەخشدەبێت بۆ درێژەی خەباتی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران و کوردستانیش و ئیشک دەهاوێژێتە سەر ئەو داواکارییانەی ئەمڕۆ، پێویستە هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی ژنان شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان بیهێننەگۆڕێ. ئەو بابەتە لەهەمانکاتدا نیشانیدەدات، کە کومۆنیستەکان شێلگیرترین ئاڵاهەڵگرانی رزگاری ژنان بوون. کاتێک کەلیبراڵیزم و سۆسیال-ریفۆرمیزم لەهەڵگرتنی بچووکترین هەنگاو بە ئاڕاستەی بەدیهێنانی خواستێکی سەرەتایی وەکو «مافی دەنگدانی گشتی»

خۆیان دەبوارد، ئەوە باڵی کومۆنیستی ناو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسی بوو، کە شێلگیرانە لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بەندە، لەبەرنامەی سۆسیال دیموکراسی پێداگری دەکرد.

***

کێشەیەکی تاکتیکی

پێش چەند ساڵێک کە کێشەی بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ حزبە بۆرژواییەکان لەئارادا بوو، بەبابەتێک بەتایبەتی لەناو حزبی ئێمەدا قسەو باسێکی گەرم و گوڕی لەسەرکرا، پارێزەرانی پێکهێنانی هاوپەیمانی سیاسی لەگەڵ لیبراڵەکان بە ئەسپایی و دەست بەگۆچان ئاماژەیان بەنمونەی حزبی کرێکارانی بەلجیکا (سۆسیال دیموکراتیک) دەکرد، گومان دەکرا هاوپەیمانی ئەوان لەگەڵ لیبراڵەکان لەخەباتێکی درێژماوە، بۆ بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی گشتی، دەتوانێت وەکو ئەلگویەک بەکارببرێت، کە پیشانبدات جاروبار بەستنی هاوپەیمانی سۆسیال دیموکراسی و دیموکراسی بۆرژوایی پێویستە و لەبواری سیاسییەوە بێ زیانە.

شایەتەکەیان لێکهەڵوەشاوەتەوە. تەنها کەسانێک کە لەسستی و ڕاڕایی و خیانەتی یەک لەدوای یەکی لیبراڵەکانی بەلجیکا، بەهاوڕێیانی پرۆلیتێرییان ئاگادار نەبن، دەتوانن لەپشتیوانی دیموکراسی بۆرژوایی لەچینی کرێکار دڵ پیسنەبن. ئەمڕۆکە بڕیارنامەکانی نوێترین کۆنفرانسی حزبی سۆسیال دیموکراسی بەلجیکا یارمەتییەکی نوێ و زۆر گرنگمان دەدات، بۆئەوەی ئەم بابەتە هەڵبسەنگێنین.

هەروەک دەزانین پرۆلیتاریای بەلجیکا لەخەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی گشتیدا، لەگەڵ خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگ دەبێتەوە کە بۆ ماوەی پازدە ساڵە شێلگیرانە درێژەی پێداوە. سۆسیال دیموکراسی بەلجیکا لە ئەمڕۆدا خەریکە ئامادەکاری هێرشێکی نوێ بۆ سەر ڕێبەرایەتی قەشەکان

و سیستەمی دەنگدانی چەندلایەنە دەکاتْ. بۆرژوازی لیبراڵی داڕزیو لەژێر گوشاری چینی کرێکاری شێلگیردا، کاردانەوەی لەخۆی نیشانداوەو دەستی خۆی بۆ سۆسیال دیموکراسی درێژ کردووەتەوە، بۆئەوەی پێکەوە خەباتێکی هاوبەش بکەن.

سەرەڕای ئەوە، ئەمجارەیان لیبراڵەکان بەئاشکرا مامەڵەیەکیان هێناوەتە گۆڕێ و دەیانەوێتْ لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی مامەڵە بکەن. لیبراڵەکان لەسیستەمی دەنگدانی چەندلایەنە چاوپۆشی دەکەن و مل بەمافی دەنگدانی گشتی و یەکسان (هەر پیاوێک: دەنگێک) دەدەن. لەبەرامبەردا دەبێتْ سۆسیال دیموکراسی سیستەمی دەنگدانی رێژەیی خۆی، وەکو رێگایەکی بڕواپێکراو بۆ دەنگدانی یاسایی قبوڵبکاتْ و لە خەباتْ بۆ دەستەبەرکردنی مافی دەنگدانی گشتییدا، داواکاری «مافی دەنگدانی ژنان و تاکتیکە شۆڕشگێڕانەکان»ی وەلابنێتْ. فدراسیۆنی حزبە کرێکاریەکان لە برۆکسل، پێشتر ملی بەمەرجەکانی لیبراڵەکان لەسەر خاڵە سەرەکییەکان داوە. کۆنفرانسی ئیستێری سۆسیال دیموکراتەکانی بەلجیکا، بە پەسەندکردنی ئەم داواکارییەی لیبراڵەکان، ئەم مامەڵە سیاسییەی یەکلایی کردووەتەوە.

بەم پێیە، ئاشکرایە (ناتوانین ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرە لەبەرچاو نەگرین) کە هاوپەیمانی، یان بەواتایەکی دروستتر سازانی سۆسیال دیموکراتەکان لەگەڵ لیبراڵەکان، دەبێتە هۆی وەلانانی بیروباوەڕی بنەڕەتی بەرنامەیی ئەوان، بێگومان هاوڕێیانی بەلجیکی دڵنیامان دەکەنەوە کە «لەم کاتەدا» داواکاری مافی دەنگدانی ژنان وەلانراوە، بۆئەوەی دوای بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان، سەرلەنوێ بیهێننەوە گۆڕێ. سەرەڕای ئەوە، ئەو مەسەلەیە کە بەرنامەی ئەوان وەکو لیستێکی خۆراک وەهایە، کە دەبێتْ هەرخۆراکێک تەنها لەدوای خۆراکەکەی دیکە بخورێتْ، لەنێو سۆسیال دیموکراسی هەموو وڵاتاندا دیاردەیەکی نوێیەو

تا ئێستا باو نەبووە. تەنانەت ئەگەر بارودۆخێکی سیاسی تایبەت حزبی کرێکاران ناچاردەکات، قورساییەکی زۆرتر بۆ کاری بانگەشەی سیاسی بخاتە سەر داواکارییەکی تایبەت، یەکپارچەیی داواکارییەکانمان هەروا بەردی بناغەی هەمیشەیی خەباتی سیاسیمان دەمێنێتەوە. لەنێوان دابەزاندنی کاتی پێداگریکردن لەسەر داواکارییەک لەبەرنامە لەگەڵ قوربانی کردنی بەئاشکراو تەنانەت بەشێوەی کاتی و بەقیمەتی دەستپێڕاگەیشتن بەداواکارییەکی دیکەی بەرنامە، جیاوازییەک هەیە، کە بەقەد ئەو مەودایەی خەباتی پرەنسیپی سۆسیال دیموکراسی لەساختەکاری سیاسی حیزبە بۆرژواییەکان جیا دەکاتەوە، قوڵە.

ئەوە راستە کە دەڵێن لە بەلجیکا مافی دەنگدانی ژنانیان کردۆتە قوربانی. لە راستیدا بڕیارنامەی کۆنگرەی برۆکسل بە کورتی وتوویەتی: « دەبێت داواکاری یاسایی کۆتایی بە مافی دەنگدانی گشتی بۆ پیاوان بەرتەسکبێنەوە.» سەرەڕای ئەوە گوایە چاوەڕوان دەکرێت قەشەکان گەلاڵەیەکی رووکەشی بۆ مافی دەنگدانی ژنان پێشکەش بکەن، بۆئەوەی لەنێوان لیبراڵەکان و سۆسیال دیموکراتەکان دووبەرەکایەتی بنێنەوە. بڕیارنامەی برۆکسل لەم بابەتەوە پێشنیاردەکات، کە نوێنەرانی حزبی کرێکاران دەبێت «ئەم مانۆڕە بێ ئاکام بهێڵنەوە و پشتیوانی هاوپەیمانی لایەنگرانی مافی دەنگدانی گشتی (بۆ پیاوان) بن.» ئەم رستەیە بەو مانایەیە کە دەبێت لە دژی مافی دەنگدانی ژنان دەنگ بدەن!

راستییەکەی ئەوەیە، کە قەناعەتکردن بە بنەما شتێکی ناخۆشە، هەرگیز بەبیرمان نایەت داوا لەهیچ حزبێکی کرێکاران بکەین، کە بە قازانجی بەرژەوەندییە هەنوکەییەکانی خۆی لە گەلاڵەکانی بەرنامەیەکی داماڵراوی چاوپۆشی بکات. سەرەڕای ئەوە، وەکو هەمیشە پرەنسیپەکان دەبنە قوربانی خۆشباوەڕی و ترس، نەک قازانج و بەرژەوەندی هەنوکەیی. لە لێکۆڵینەوەی

وردتر لەسەر ئەو بابەتە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ئەوە خەیاڵ پڵاوی ڕووتە، کە وەفاداری بە پرەنسیپە سیاسییەکانمان کۆسپی سەر ڕێگای سەرکەوتنی خەباتەکەمان لە مڕۆدایە.

ئەم باسە دێتە گۆڕێ کە ئەگەر سۆسیال دیموکراتەکانی بەلجیکا لەسەر داواکـاری خۆیان سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان پێداگرییان بکردایە، دڵی لیبراڵەکان دێشاو ئەمەش دەبووە هۆی ئەوەی لیبراڵەکان لێیان جیاببنەوە و تێکڕای خەباتەکە بکەوێتە مەترسییەوە. سەرەڕای ئەوە لەکەمترخەمی و سەرپێچی بێ ئەسپایی سۆسیال دیموکراتەکاندا دەتوانین لە رادەی جدی گرتنی هاوپەیمانی لیبراڵەکان و مەرجەکانیان لەلایەن سۆسیال دیموکراتەکانەوە تێبگەین، واتە لەوەی کە سۆسیال دیموکراتەکان ملیان بەسێیەم مەرجی لیبراڵەکان، واتە وەلانانی ڕێگاو ڕەوشی شۆڕشگێڕانە داوە. لە ڕوانگەی سۆسیال دیموکراسی بەلجیکاوە زۆر ئاساییە، کە بەهیچ شێوەیەک نابێت ڕێگا بدات دەست و باڵی خۆی بەئامراز و ڕێگایەکی خەباتکارانە ببەستێتەوە. سەرەڕای ئەوە ڕێگا بەخۆی دەدات، کە لەڕێگای ڕاستەقینە بەلاڕێدا بچێت: ئەوەی کە هێزی دەرونی خەبات و زەمانەتی سەرکەوتنی یەکلایی لەپشتیوانی لەشارەوانەکان و سیناتۆرە لیبراڵەکاندا نییە، بەڵکو لە ئامادەیی جەماوەری پڕۆلیتاریا بۆ خەباتدایە و ئەو خەباتە لەپەرلەماندا یەکلایی نابێتەوە، بەڵکو لە سەر شەقامەکاندا یەکلاییدەبێتەوە.

ئەگەر حزبی کرێکارانی بەلجیکا بچووکترین گومانێکی سەبارەت بەوخاڵە هەبوایە سەیر بـوو، چونکە سەرکەوتنی سەرەتایی ئـەوان لەهەڵبژاردنەکان، واتە پێشگرتنی نیوەو ناتەواو لە سیستەمی دەنگدانی چەندلایەنی، لە ئاکامی مانگرتنی جەماوەری بەرچاو و هەڕەشەی سازدانی خۆپیشاندانی چینی کرێکار، لەسەر شەقامدا هاتەگۆڕێ. سەرەڕای ئەوە، هەروەکو رابـردوو یەکەم ئاخێزی ئاشکرای پڕۆلیتاریای بەلجیکا، وەکو

هەورەتریشقە لەسەر سەری بۆرژوازی «لیبراڵ»دا دەتەقێنەوە و لەدوای ئەوە «هاوپەیمانان»ی سۆسیال دیموکراسی بەخێرایی دەچنە کونە مشکەکانی خیانەتی پەرلەمانی خۆیان و خەباتی بۆ مافی دەنگدانی گشتی بەکرێکاران دەسپێرن، تەنانەت ئەم ئاسۆ سەرنجڕاکێشە بۆ حزبی کرێکارانی بەلجیکا، بێجگە لە نهێنییەکی شاراوە هیچی تر نییە.

سەرەڕای ئەوە ئەگەر ئەم حزبە مەرجی سێیەمی هاوپەیمانی لەگەڵ لیبراڵەکان وەلابنێت و بەئاشکرا ئامادەیی خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەرچەشنە روداوێک بپارێزێت، ئەوکاتە بە روونی پیشانیدەدات کە«پشتیوانی لیبراڵی» بۆ ئەوە قبوڵکردووە، کە بە راستی هەیە: هاوڕێیەتی مەرجدار و کاتی بۆ بڕینی رێگایەک کە دەتوانین لەکاتی رێپێواندا بیگرینەبەر، بەڵام ناتوانین یەک هەنگاو لە رێگای تایبەتی خۆمان لابدەین.

ئـەم بابەتە پیشانیدەدات، کە تەنانەت ئـەو «بەرژەوەندییە هەنوکەیی»ە گریمانەییانەی مافی دەنگدانی ژنان لە پێناویاندا قوربانی کراوە، تەنها گوروانەشێوێەو هیچی تر. بەمشێوەیە روونده‌بێتەوە، کە هەر جارێک کۆمەڵێک پڕۆژەی گەمژانە بۆ سازان بە قیمەتی لادان لەبنەما سەرەکییەکان دێنەگۆڕێ، ئەوەی چ لەناوەوە و چ لەدەرەوە دەتوانین ببینین ئەوەیە، کە بەهیچ شێوەیەک قسە لەسەر «دەسکەوتە هەنوکەیی»ە، خەیاڵییەکان نییە، بەڵکو قسە لەسەر قوربانی کردنی خواستی بەرنامەییە. لە روانگەی «سیاسەتوانانی پراتیسیەن»مانەوە، کە لەبنەڕەتدا لەناخی دڵەوە هێکوبا ن، ئەم پرەنسیپانە کۆمەڵێک بێ بنەمان، کە ئەوەندە وەکو تووتی دووپاتکراونەتەوە کە ئیتر مانای هەنوکەیی خۆیان لە دەست داوە.

مافی دەنگدانی ژنـان نەک تەنیا بـەردەوام و بەشێوەی گشتی لەلایەن سۆسیال دیموکراسی بەلجیکاوە پێداگری لەسەر کراوە، بەڵکو ساڵی 1895، نوێنەرانی کرێکاران لەپەرلەمانیش بەتێکڕای دەنگ دەنگیان پێدابوو.

ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە ئەم داواکارییە نە لە بەلجیکا و نە لەهیچ وڵاتێکی ئەوروپیی دیکە وەدینەهاتووە و هیچ ئاسۆیەکی نەبووە. ئەمڕۆکە ئەو هەڕەشەیە لەئارادایە، کە لەکاتێکدا ئەو داخوازییە بۆ یەکەمجار بووەتە بابەتی ڕۆژ، لەناکاو ئاشکرا دەبێت کە نەک تەنها لەنێو ریزی حزبی کرێکاراندا خەریکە باوەڕێک سەبارەت بەداواکاری بەرنامەیی کۆن زاڵدەبێت، لەوەش گرنگتر بەپێی ڕاگەیاندنی دووین لەکۆنگرەی برۆکسل، «حزب بەگشتی بەرامبەر بە مافی دەنگدانی ژنان هەڵوێستی دژایەتی گرتووەتە بەر!».

ئەم شانۆگەرییە سەرسووڕهێنەرە بنەمای لۆژیکی دژایەتی سۆسیال دیموکراتەکانی بەلجیکا لەگەڵ مافی دەنگدانی ژنان پیشاندەدات. ئەمە هەرئەو هۆکارەیە، کە تزاریزمی روسیا دەیهێنێتەوە، هەر ئەو هۆکارەیە کەپێشتر دکترینی ئەڵمانی مافی خواوەندی بۆ پاساوکردنی نایەکسانی سیاسی بەکاری دەبرد: «خەڵک ئەوەندە پێنەگەیشتوون، کە لەمافی دەنگدان بەهرەمەند بن.» خۆزگە بەجێگەی ئەوەی خەڵک ئەم مافە سیاسییەیان بوایە، هەندێک قوتابخانە بۆ پێگەیشتنی سیاسی جەماوەر هەبوایە! خۆزگە پیاوانی ناو چینی کرێکار وردە وردە فێر نەبووایەن، کە سەرمایەداران لەبەرگەی دەنگدان وەکو چەکێک بۆ پارێزگاریکردن لەبەرژەوەندی چینایەتی خۆیان کەڵکوەردەگرن و هێشتاش دەبێت فێری بن! با خەیاڵی لیبراڵەکان و سۆسیال-ریفۆرمیستەکان ئاسوودە بووایە! هەیهات....

بەپێچەوانەوە هەر کەسێکی ڕۆشنبیر دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بێت، کە تەنهاو تەنها بەشداری ژنانی پرۆلیتێر لەژیانی سیاسی درەنگ، یان زوو دەبێتە هۆی ئەوەی چینی کرێکار درەنگ یان زوو بەهێز بێت. ئەم ئاسۆیە نەک تەنها بۆ پەرەپێدان بەکاری بانگەشەی سۆسیال دیموکراسی بوارێکی نوێی بەرینەدەکاتەوە، بەڵکو وێڕای ڕزگاری سیاسی ژنان، کەش و هەوای خەفەقاناوی ژیانی بێ فەرهەنگی ئەمڕۆی بنەماڵە، کە بێگومان تەنانەت

لەسەر ئەندامانی حیزبی ئێمە، کرێکاران و ڕێبەران بەیەکسان کاریگەری داناوە، دەسڕێنەوە و لە ژیانی سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتی (سۆسیال دیموکراسی)دا شنەبایەکی خۆش و بەهێز هەڵدەکات.

بەدڵنیاییەوە ئەم هەڵوێستەی سۆسیال دیموکراتەکانی بەلجیکا لەسەرەتادا دەرئەنجامی سیاسی زۆر نالەباری بـەدواوە دەبێت، وەکو بەهێزکردنی دەسەڵاتی قەشەکان. دەستهەڵگرتن لەو داواکارییە بەرنامەییە تەنها قەشەکانی پێ بەهێز دەبێت. بێجگە لەوە، سەرجەم کاری ڕێکخراوەیی و بانگەشەی حزبی کرێکارانیش بە تەواوەتی دادەشکێنێت. بەواتایەکی دیکە یەکسانی سیاسی ژنان کوانویەکی تاقیکردنەوەی جەسورانە و گەورەی سیاسییە کە سۆسیال دیموکراتەکانی بەلجیکا بەو کارەیان لەو کوانووەدا دۆڕاو دێنە دەر.

سەرەڕای ئەوە سەیر لەوەدایە، کە گشت ئەوکەسانەی گەورەترین ستایشگەری «تاقیکردنەوەکان» بەشێوازی «میلێران»ن و ناتوانن وەک پێویست ستایشی جەسارەتی ئەو تاقیکردنەوانە بکەن، تەنانەت وشەیەکیش بۆ شەرمەزارکردنی هاوڕێیانی بەلجیکی نالێن، کە دەستیان لە مافی دەنگدان بە ژنان هەڵگرتووە و ناوێرن هەنگاوێکیش بۆ پێشەوە هەڵبگرن. بەڵێ تەنانەت «ئانسلە» ڕێبەری بەلجیکی، کە پەلەی بوو یەکەم کەس بێت پیرۆزبایی لە«هاوڕێ» میلێران بکات بەبۆنەی ئەزموونی «جەسورانە»ی وەزارەتییەوە، ئەمڕۆکە ڕاشکاوترین نەیاری تەواوی ئەو هەوڵانەیە، کە خوازیاری پێشکەشکردنی مافی دەنگدان بەژنان لەو وڵاتەن. لێرەشدا دەبینین کە «سیاسەتوانانی پراتیسیەن»مان جاروبار چ جەسارەتێکمان پێشکەشدەکەن. واپێدەچێت تەنیا جەسارەتیان لەوەدایە، کە تاقیکردنەوەی ئۆپۆرتۆنیستی بەزیانی بنەماکانی سۆسیال دیموکراتیک جێبەجێبکەن. سەرەڕای ئەوە، کاتێک کە نۆرەی بەڕێوەبردنی بوێرانەی داواکارییە بەرنامەییەکانمان دەگات، هەر

ئەم سیاسەتوانانە حەز ناکەن، کە بە«ئازایەتی» خۆیانەوە کاریگەریمان لە سەر دابنێن و زۆرتر واپێدەچێت بە دوای بیانویەکەوە دەگەڕێن، بۆئەوەی «لەئێستادا» «بەئێش و ئازارێکی زۆر»ەوە ئەم خاڵە تایبەتە لەبەرنامە وەلابنێن.

# بەڵشەڤیزم چییە؟

رۆزا لۆکسۆمبۆرگ

ئەو شۆڕشە کە ماوەیەک لەوەپێش (لە دوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم) دەستپێکردووە، دەتوانێت تەنها دەرئەنجامێکی بەدواوە بێت، ئەویش وەدیهاتنی سۆسیالیزمە! چینی کرێکار بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی خۆی، دەبێ بەر لەهەر شتێک دەسەڵاتی سیاسی خۆی بەسەر دەوڵەتدا گرەنتی بکات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی بۆ سۆسیالیستەکان، تەنها ئامرازیکە لەخزمەت ئامانجێکدا، ئامرازیک کە سۆسیالیستەکان دەتوانن لەو رێگەیەوە دەستبەکاری نۆژەنکردنەوەی بەتەواوەتی و بنەڕەتی سیستەمی پیشەسازیمان بن.

ئەمڕۆکە هەموو سەروەت و سامانی وڵات، گەورەترین و پڕپیت و سەمەرترین ناوچەکانی ئەو مەڵبەندە، کانەکان، ئامێرەکان و کارگەو کارخانەکان لەلایەن تاقمێکی بچووک لەئەشراف و سەرمایەدارانەوە قۆرخکراوە. ئەوە لە کاتێکدایە، کە جەماوەرێکی بەرین لەچینی کرێکار لەبەرامبەر چەندین سەعات کاری درێژماوە و زەحمەتی تاقەتپڕوکێندا، تەنها هەقدەستێکی کەمیان پێدەدرێت، کە بەسەختی بەشی ژیانێکی مەمرەو مەژی دەکات. ئامانجی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئەمڕۆ ئەوەیە، کە چینێکی بچووک لە کەسانی تەمبەڵ و تەوەزەل قەڵەوتر بکات. یەکەم و گرنگترین ئەرکی چینی کرێکاری شۆڕشگێڕ ئەوەیە، کە کۆمەڵگە و شێوەی بەرهەمهێنانی ئەمڕۆ بەجوڵە بخات و ئاسۆیەکی نوێ بەرەوڕووی کۆمەڵگە بکاتەوە.

بۆگەیشتن بەم ئامانجە، پێویستە تەواوی سەروەت و سامان، زەوی

و زار و هەرچی بەرهەمی دێنێت، کارخانەکان و ئامێرەکان لەخاوەنانی چەوسێنەریان زەوت بکرێت و ئیشتراکی بکرێت، بەجۆرێک کە ئیتر خەڵک بەگشتی خاوەنی ئەو ئامێرانە بن. بەم پێیە، ئەمە یەکەم و گرنگترین ئەرکی دەوڵەتی شۆڕشگێڕی چینی کرێکارە، کە بەدەرکردنی هەندێک فەرمان دەتوانێت هەموو ئامرازە گرنگەکانی بەرهەمهێنان خۆماڵی بکاتەوە و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەریاندا دابمەزرێنێت.

بەڵام ئەمە تەنها هەنگاوی یەکەمە. دژوارترین ئەرک، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پیشەسازی لەسەر بناغەیەکی نوێ، دەستی پێکردووە. ئەمڕۆکە بەرهەمهێنان لەهەر ناوەندێکی مانیفاکتۆردا لەلایەن سەرمایەدارانی جیا لەیەک و سەربەخۆ لەکەسانی دیکەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەو بابەتە کە چ کاڵایەک و لەکوێ بەرهەمبێت و بەرهەمەکە لەکوێ و چ کاتێک و چۆن بفرۆشرێت، مەسەلەیەکە لەلایەن سەرمایەدارانی جیا لەیەکەوە دیاریدەکرێت. کرێکار لەهیچ شوێنێکدا بچووکترین کاریگەری و نفوزی لەسەر ئەم بڕیارانە نییە. کرێکار تەنها مەکینەیەکی زیندووە کە توانایی کارکردنی هەیە.

لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا، هەموو ئەمانە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. خاوەندارێتی تاکەکەسی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێچوونی ژیان، دەبێت هەڵبوەشێنەوە. بەرهەمهێنان نەک بۆ دەوڵەمەندکردنی تاکێک، بەڵکو دەبێت تەنیا بۆ پێشکەشکردنی کاڵا بەقەد پێویست بەئامانجی دابینکردنی پێداویستییەکانی چینی کرێکار، بەڕێوەببرێت. بەمشێوەیە، کارخانەکان، ئامێرەکان و زەوییەکانی کشتوکاڵ دەبێت لەسەر بنەمایەکی بەتەواوەتی نوێ وەگەڕ بخرێن و لە روانگەیەکی جیاوازەوە بۆیان بڕوانین.

ئێستا کە بڕیاروایە بەرهەمهێنان بە ئامانجی زەمانەتکردنی ژیانێکی ئینسانیتر بۆ هەموان، دابینکردنی خۆراک و پۆشتەمەنی فراوان و ئامێرە فەرهەنگییەکانی دیکە بۆ هەمووان بەڕێوەببرێت، دەبێت راندمانی کار لەبواری

مادییەوە بچێتە سەرەوە. مەزراکان بەرهەمی باشتر بەرهەمبێنن، لەنێو کارگە و کارخانەکاندا، پێشکەوتووترین ئامێر و تەکنیک بە کارببرێت و زۆرترین کەڵک لە وەبەرهێنەرترین کانەکان وەربگیردرێت. بەم پێیە بەو دەرئەنجامە دەگەین، کە رەوتی کۆمەڵایەتی بوونی بەرهەمهێنان لەگەڵ گەشەکردووترین پیشەسازی و زەوییەکانی کشتوکاڵ دەستپێدەکات، بەواتایەکی دیکە ئێمە پێویستمان بەوە نییە، کە فلانە جوتیار یان پیشەگەر لە پارچە زەوییەک یان کارگەیەکی بچووک بێبەش بکەین، کە ژیان و بەڕێچوونی ئەمڕۆی خۆی لەو رێگەیەوە دابین دەکات. قەد ئەوکارە ناکەین. بەتێپەڕبوونی کات جوتیار یان پیشەگەر وردەوردە تێدەگات، کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی زۆر لەخاوەندارێتی تاکەکەسی باشترەو بەریزی خۆمان، واتە پڕۆلیتاریا پەیوەستدەبێت.

بۆئەوەی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە لە بەختەوەری بەهرەمەندبن، پێویستە هەمووان کاربکەن. تەنها کەسێک کە خزمەتگوزارییەکی بەسوود بەکۆمەڵگە پێشکەشدەکات، چ لەرێگەی جەستەییەوە بێت، یان لەرێگەی فیکرییەوە، شیاوی ئـەوەیـە بەشێک لەبەرهەمەکان بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خۆی وەربگرێت. پێویستە تەمبەڵی هەڵوەشێنەوە و لە جێگای تەمبەڵی هەمووان بەپێی توانا بەیەکسان کاربکەن. ئاشکرایە کۆمەڵگە دەبێت پشتیوانی لەکەسانی پەککەوتە، لەوانە منداڵان، کەم ئەندامان و بەساڵاچووان بکات، بەڵام نەک بەوشێوەیە کە ئەمڕۆ دەکرێت، واتە بەخێر و خێراتی سوکایەتی ئامێزەوە. خۆراکی باش، فێرکاری و بارهێنانی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵان، ئاگاداری باش لە بەساڵداچووان، خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی بۆ نەخۆشەکان، ئەمانە هەمووی ئەو بابەتە گرنگانەن، کە پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لەسەری دابمەزرێت.

بەهۆی ئەوەی کە بەرهەمهێنان بە ئامانجی خۆشگوزەرانی گشتی

بەڕێوەدەچێت، کۆمەڵگە لەکەڵکوەرگرتن و بەکارهێنانی کاڵاکان، ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کاری خۆیدا کەمترین شت بەخەسار دەدات و عەقڵانی تر دەبێت. دەبێت بەخەسارادنی بەرهەمەکان بەوشێوەیەی ئەمڕۆ لەهەموو جێگایەک دەیبینین، رابوەستێت. دەبێت بەرهەمهێنانی چەک و چۆڵ کۆتایی پێبێت. چونکە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی هیچ پێویستییەکی بەچەکوچۆڵی کۆمەڵکوژ نییە. ئەو مادە بە نرخەو ئەو هێزی کارە بەرینەی پێشتر لەخزمەت ئەم ئامانجەدابوو بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنانی شتی مەسرەفی تەرخاندەکرێت. بەرهەمهێنانی گران و بێ سوودی نەزانی و خرۆقات بۆ فێرکردنی ئەخلاقی ژمارەیەک تەمبەڵ و تەوەزەلی دەوڵەمەند کۆتایی پێدێت. کەس خزمەتگوزاری کەس نابێت و هەمووان بۆ هەمووان کاردەکەن. بەم شێوەیە کارامەیی هێزی کار لەدوای ئازادبوون، زۆرتر و پڕبایەختر دەبێت.

لەهەمانکاتدا کە سەرقاڵی خوڵقاندنی نەوەیەک لە کرێکارانین، کە هەموو ئەندامانی بەشێوەی وەبەرهێنەر بۆ ریفاهی گشتی کاردەکەن، پێوستە کار بەتەواوەتی شۆڕشگێڕانە بکرێتەوە. ئەمڕۆکە کار لەپیشەسازی، لەسەر زەوی و زار و لە ئیدارەکان، زۆرتر وەکو ئەشکەنجەو بارێکی قوورس لەسەر شانی پیاوان و ژنانی کرێکار وایە، کە بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان ناچارن بیکەن. لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا، واتە لەجێگایەکدا کە هەمووان پێکەوە بۆ ریفاهی گشتی کاردەکەن، دەبێت بەشێوەی بەرنامەبۆدارێژراو تەندروستی کرێکار زۆرتر بکرێت و کار بەشێوەیەک گەڵاڵەڕێژی بکرێت، کە ئەوەی کاردەکات، چێژی لێوەربگرێت. سەعاتی کار کەمتر بێت، بەشێوەیەک کە لەتوانایی سروشتی مرۆڤ بۆ کارکردن زیاتر نەبێت: دەبێت لەرۆژگاردا کاتی پشودان لەبەرچاو بگیردرێت، بەشێوەیەک کە هەموو کەسێک، بتوانێت بەش بەحاڵی خۆی بەئامەزرۆییەوە کار بکات و لەکارەکەی چێژ وەرگرێت.

بەڵام سەرکەوتنی ئەم جۆرە ریفۆرمانە، پەیوەستە بەو مرۆڤانەوە کەبەڕێوەی دەبەن. ئەمڕۆکە سەرمایەدار چ وەکو کەسایەتی و چ وەکو بەڕێوەبەر، یان سەرپەرەستی قامچی بەدەست، لەبەرانبەر کرێکاراندا رادەوەستێت. برسیەتی، کرێکار بەرەو کارخانە پاڵ پێوەدەنێت و خاوەن زەوی یان ئەشرافیش بۆ ئیدارە دەبـات. خاوەنکار ئاگای لەوەیە، کە بچووکترین کاتیش بەفیڕۆ نەچێت، هیچ مادەیەکی خاو بەخەسار نەدرێت و کار بەباشترین شێوە بەڕێوەبچێت.

لەکۆمەڵگەی سۆسیالیستیدا سەرمایەداری قامچی بەدەست لەناودەچێت. لەکۆمەڵگەیەکی سۆسیالیستیدا گشت ئەو کەسانەی کاردەکەن، ئازاد و یەکسانن، بۆ خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هەمووان کاردەکەن و هەرگیز سامانی کۆمەڵایەتی بە فیڕۆ نادەن و دڵسۆزانەو لەکاتی خۆیدا، خزمەتەکانی خۆیان بەکۆمەڵگە پێشکەشدەکەن. بەدڵنیاییەوە هەموو کارگەیەکی سۆسیالیستی پێویستی بە بەڕێوەبەری تەکنیکی هەیە، بۆئەوەی لە میکانیزمەکانی تێبگەن، کەسانێک کە دەتوانن بەشێوەیەک بەسەر بەرهەمهێناندا چاودێری بکەن، کە هەموو شتێک بەباشی کار بکات، کەسانێک کە دەتوانن بەشێوەیەکی کاریگەر و گونجاو پڕۆسەی بەرهەمهێنان رێکبخەن، کە بەکەمترین هێزی مرۆیی زۆرترین خزمەتگوزاری و بەرهەم پێشکەشی کۆمەڵگە بکەن. پێویستە کرێکاران بۆ زەمانەتکردنی بەرهەمهێنانێکی سەرکەوتوو لەناخی دڵەوە هەموو فەرماننامەیەکی ئەم کەسانە رەچاوبکەن، پێویستە نەزم و دیسپیلین بپارێزن و بەهێزی بکەن و کارەکان پەکنەخەن.

بە کورتی پێویستە کرێکار لەهەر کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی سۆسیالیستیدا نیشانیبدات، کە دەتوانێت بەبێ سەرمایەداران و بەڕێوەبەران و راوێژکارەکانیان، شێلگیرانە کاربکات، بەواتایەکی دیکە کرێکار دەبێت بتوانێت بەحەز و ئارەزوی خۆی ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ، بۆئەوەی

دیسپیلینی کار بپارێزێت. ئەوە پێویستی بەدیسیپلینی فیکری، خۆڕاگری ئەخلاقی، بڕوابەخۆ و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی و بەکورتی لەدایکبوونەوەی مرۆڤی نوێیە.

سۆسیالیزم بەپیاوان و ژنانی تەمبەڵ و تەوەزەل و خۆپەرست و بەرەڵاو سست بەدینایەت. کۆمەڵگەی سۆسیالیستی پێویستی بەخەڵکێکە، کە یەکە بەیەکەیان ئامەزرۆی خولقاندنی ریفاهی گشتی بن و ورەی گیانبازی و هـاودەردی لەگەڵ هاوچارەنووسی خۆیان، شێلگیری و ئامادەیی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ رووداوەکان لەناویاندا، وەک شەپۆلی دەریا نرکەی بێت.

هیچ پێویست ناکات چەندین سەدە و چەندین دەیە چـاوەڕوان بین، بۆئەوەی ئەم مرۆڤە گەشە بکات. خەبات و شۆڕش فراوانگەرایی فێری جەماوەری پڕۆلیتار دەکات. خەبات و شۆڕش پێگەیشتنی فیکری و ئازایەتی و خۆڕاگری و شەفاف بوونی ئامانج و ورەی گیانبازی بۆ گەیشتن بەسەرکەوتنی فێرکردوون. لەهەمانکاتدا کە بۆ شۆڕش ناونووسی دەکەین، دەستبەکاری خولقاندنی کرێکارانی سۆسیالیستین. کرێکارانێک کە دەتوانن بەردی بناغەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ بن.

بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئەم ئەرکە مەزنە، واتە بۆدامەزراندنی بناغەکانی نیزامێکی سۆسیالیستی، پێویستمان بەلاوانی پڕۆلیتێر هەیە. لاوانی پڕۆلیتێر دەبێت پیشانیبدەن، کە تەنانەت ئەمڕۆکەش ئامادەیی ئەوەیان هەیە، کە ئەرکی گەورەی بونیاتنانی داهاتوویەکی نوێ بۆ مرۆڤ وەئەستۆ بگرن، بەڵام هێشتا جیهانێکی کۆن هەیە، کە دەبێت بڕوخێت. پێویستە جیهانێکی نوێ بەرپا بکەین!

**دێسەمبەری 1918**

# ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. | سەدەی شەشەمی پ. ز. |
| مردنی فیساگۆرس. | کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. |
| سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. | 399 پ. ز. |
| ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 387 پ. ز. |
| ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی ڕکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. | 335 پ. ز. |
| کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. | 324 ز |
| ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. | 400 |
| تاڵانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. | 410 |

| زانیاری | ساڵ |
|---|---|
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی ڕژێم و شۆڕشەکان ئەو ڕوداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | ڕۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە فیورباخ | 59 |
| 2015 | وریا غەفووری | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | 60 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | 61 |
| 2015 | ئەرسەلان حەسەن | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | 62 |
| 2015 | ئومێد عوسمان | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | 63 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | 64 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە دیموکراسی | 65 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | 66 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | 67 |
| 2015 | مستەفا زاهیدی | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | 68 |
| 2015 | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | ئاشنابوون بە ئەرکون | 69 |
| 2015 | جەبار ئەحمەد | ئاشنابوون بە فۆکۆ | 70 |
| 2015 | ماجید خەلیل | ئاشنابوون بە ئەکیونی | 71 |
| 2015 | ئارۆ هەورامی | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | 72 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | 73 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | 74 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | 75 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە جاك لاکان | 76 |
| 2015 | کۆمەڵێك نوسەر | ئاشنابوون بە لایبنتز | 77 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون به میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |